



## ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

**سەرنووسەر: ک.د.ئازاد**

**کاناڵی تێلگرامی:** @Le_Daweni_Arbebawe

**ساڵی دووهەم ـ پووشپەڕی ٢٧٢١**


ساڵێک بە سەر بڵاوبوونەوەی گۆڤاری " له داوێنی ئاربەباوە" تێدەپەڕێ.
بە خۆشییەوە بە هۆی پێشوازی زۆربەی شاعیران ، نووسەران و بیرمەندانی کوردستان ، ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشە دایە. سپاس بۆ هەموو قەڵەمەکانی کوردستان.
ئەم گۆڤارە، هەموو سنوورەکانی جوغرافیایی تێپەڕاندووە و چۆتە ناو ماڵ و دڵی هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە.
پڕ بە دڵ خۆشحاڵین کە لەوەها بارودۆخێک دا، توانیومانە خزمەتێک بە ئەدەبی گەلەکەمان بکەین.

**ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە**

| ناو: نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سقز. پشکۆ یاسینی | شمشاڵ (ژیان و بەسەرهاتی قالەمەڕە) | ٢ |
| سەقز: ئازاد سەید ئیبراهیمی | دوو حەقایەت لە بابی حەوتی گوڵستانی سەعدی | ٤ |
| ماهاباد: سووتاو ـ بانە.شەیدا ئەحمەدی(خان) | بیرلە چی دەکەیتەوە(هووشەنگ ئیبتهاج"ه.ا.سایە"ـ شێعر | ٥ |
| دێهلۆڕان. نامدار جابری | کەتانە وو پەپک | ٦ |
| بۆکان. سەعدوڵڵا نووری | لەبەردەم دووریانێکدا(کورتە چیرۆک) | ٧ |
| سەقز. شەوبۆ عەزیز پوور ـ بانە.(جەمیانی)ـ لەیلاخ. "زوێر" | شێعر | ٩ |
| مەهاباد. شاهۆ موکریانی | وەرگێڕانی شانامە فیردەوسی بە کوردی | ١٠ |
| سەردەشت. گزنگی خۆر ـ ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی" | شێعر | ١٢ |
| مەریوان. لوقمان پووررۆستەمی ـ غەفور کەسنەزانی ژاکاو | شێعر | ١٣ |
| بۆکان. ڕێ زان | شێعر | ١٤ |
| شنۆ. عومەر محەممەدی ـ سەردەشت. هێرش ـ مەریوان. شوان کوردستانی | شێعر | ١٥ |
| سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی | خەونەکانی ماجیدی تاقانە | ١٦ |
| بانە: حمێـرا | دیــاری ساڵی نــوێ ( نووسەر :ویلیام سیــدنی پۆرتێر ) | ١٨ |
| مەهاباد. گەلاوێژ بەیگ نیا" خاتوونی خۆر"ـ مەهاباد(ژیار) | شێعر | ٢١ |
| بانە:بێهزاد ساوانا | پاژ لە گشت (ستیڤ تۆلتز) | ٢٢ |
| سەقز. فەریدە کاکی | شێعر | ٢٣ |
| ڕوانسەر. موحەممەدعەزیز ڕەحمەتی | شێعر بۆ مەزڵوومییەتی کورد | ٢٤ |
| پاوە .هەجێج عوسمان ڕەحیمی ـ جوانڕۆ.(باران)ـ ئارمردە.ڕامین فەرەجی | شێعر | ٢٥ |
| ڕوانسەر. محێدین ئەمجەدی ـ ڕوانسەر. ئیبراهیم فەرەجی | شێعر | ٢٦ |
| هیدایەت ئازەری (خەمبار) ـ سەقز. لەتیف عەلەوی | شێعر | ٢٧ |
| بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | کاریکاتۆر | ٢٨ |
| مەریوان. پەرۆش مەریوان ـ(بروجرد)(زانا کوردستانی) ـ مەریوان. هەڵبەست) | شێعر | ٢٩ |
| سەردەشت. حەسەن ڕەوش (پارێزەر) | ئاگری بێ ئامان، جەستەی داربەڕوو | ٣٠ |
| بانە. خدرزادە | ئازادی | ٣١ |
| بانە. خدرزادە ـ سەقز.عەبدولڕەحمان فەهیمی(دەروێش) | شێعر....کۆچ کردوو ـ بەرەو ئەوین | ٣٢ |
| سنە. ڕەحیم لوقمانی ـ سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور | شێعر | ٣٣ |
| سەقز. عەتا ساڵح پوور ـ بۆکان. هادی خودایی | شێعر | ٣٤ |
| کامیاران. گوندی ئەڵک . سۆما یووسفی | ئێوارەیێک بە تامی خەیاڵ | ٣٥ |
| سنە. پ.ڕ.سایدا | وێنا کردنی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا | ٣٦ |
| سەقز. شلێر ڕەشیدی ـ بانە. ئەییووب ڕەشپۆش | شێعر | ٣٩ |
| مەهاباد. مریەم ئاباریان(تەنیا) ـ ئەسعەد زۆهرابی ـ ڕوانسەر | شێعر | ٤٠ |
| بانە. باوکی نیشتمان | شێعر بۆ ناڵە چاوگەشەکانی کوردستان | ٤١ |
| سەردەشت. خەمبار ـ بۆکان. حاتەم مەرزەنگ | شێعر | ٤٢ |
| دێلرۆن(دهلران) . نامدار جابری | شێعر | ٤٣ |
| سەقز. مریەم یەتیمی ـ سەردەشت.گوندی بێتووش. سابیر بێتووشی | شێعر | ٤٤ |
| ئیلام. دێلۆڕان. زێنەب فەرزی ـ بۆکان. پەروین نازری | شێعر | ٤٥ |
| بانە. کام ژین ـ بانە. ک.د.ئازاد | شێعر | ٤٦ |
| مەریوان .کانیسانان .لوقمان پووررۆستەمی ـ سەقز. میکائیل حەسەنی | شێعر ـ شێعر بۆ مناڵان | ٤٧ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | هاوڕێ (سادق چووبەک) | ٤٨ |
| ئیلام. مصطفی بیگی "رودوس فەیلی" ـ سنە. زوهرە سەولی | شێعر | ٤٩ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان | غەیبەتنامەی کاسەرۆک و تێچووی ئالیبوونی کایۆنس! | ٥٠ |
| بانە."چریکە"ـ بانە. ئاروین ئەڵماسی(ئاگرین)ـ سەقز.خورڕەمتا. م. ناموٚ | شێعر | ٥٢ |
| مەریوان. ڕانا ـ بانە. ئاودێر | شێعر | ٥٣ |
| نێرگز عەبباسزادە (کچی ئاربەبا) | ڕێبوارێکی سپی (ژیاننامەی تەها کەریمی) | ٥٤ |
| بانە. ک.د.ئازاد | چیرۆکی (شەپۆلەکانی ئاگر) | ٥٧ |



## شمشاڵ

سقز. پشکۆ یاسینی



شنەی سێحراوی شمشاڵت سریوەن بۆ کەژ و کێو
بە سۆزی ناخ کە قامکانت دەبزوێنی لە گەڵ لێو

چرۆی شادی لە نێو ناخی گوڵاڵە و باخ دەڕسکێن
بە گوێیاندا بچرپێنێ هەوای مامەی دڵەنگێو

هەناسەت بۆتە پێناسەی بە تاسەی کوردی بێکەس
بە بۆنەی تۆوە بوو شمشاڵ بە ناوی کورد برا نێو

نە پیتێک و نە نۆتێکت لە ئامێری نەیا خوێند
کەچی پێشەنگی کاروان بووی، کوڕە شوانی بە بێ خێو

شنەی شمشاڵەکەت شێبای شەمی شەوگاری شارن
شەماڵن بۆ ڕەز و بێستان، هەناسەن بۆ چڵ و چێو

لە نێو خاکی بە خەم ڕسکاو گڕی قامیشەڵانە
شەهیدی جازبەی عەشقە دڵی چوارقاشی وەک سێو

بە ئێعجازی نەوای شمشاڵ دڵی "پشکۆ"ن مەکۆی ڕاز
بە پێی ئاخ و مەراقی ناخ دەبارن ڕۆندکی زێو

" عاشقی شمشاڵەکەی سەید بووم، چەند جار ڕۆیشتمە لای و داوام لێ کرد پێمی بفرۆشێ، بەڵام شمشاڵەکەی لە خۆی جیا نەدەکردەوە. پاش ماوەیەک نەخۆش کەوت و مرد. پاش مردنی سەید، شمشاڵەکەیم لە کوڕەکەی بە مەڕێک کڕی کە ئەوکات بەهاکەی پێنج قران بوو. باپیر و براکانم شمشاڵژەن بوون، بەڵام کەس منی فێری ژەنین نەکرد، خوا مامۆستای من بوو. شمشاڵژەنینم لە چیرۆک دەچێ، پاییز بوو و منیش منداڵ بووم. میوانی یەکێک لە خزمەکانمان بووین. براکانم خەریکی شمشاڵژەنین بوون، ویستم شمشاڵ بژەنم، بەڵام نەمدەتوانی بە باشیی ئەوان بژەنم، بۆیە لە میوانییەکە بە لێدان دەریانکردم. ڕامکرد و خۆم گەیاندە ماڵە قوڕینەیەک و تا خەو بردمییەوە، گریان بەری نەدەدام و فرمێسک لە چاوەکانم دەهاتە خوار. کەسێک هاتە خەوم و هاواری کرد: هەستە، عەبدولقادر هەستە، ئەوەندە گریاوی، خواشت بێزار کردووە، هەستە و بڕۆ شمشاڵ بژەنە. لە خەو هەستام، قالەکەی جاران نەبووم، شمشاڵەکەم بە دەممەوە گرت، کەس وەک من نەیدەتوانی شمشاڵ بژەنێ."

ئەمە چیرۆکی ئەو هونەرمەندە کوردەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە درێژایی ژیانی کۆڵان بە کۆڵانەکانی شاری بۆکان و دەوروبەری دەگەڕا و شمشاڵی دەژەنی تا خەڵکی شار یارمەتیی بدەن، چونکە دەستی بۆ هیچ کارێک نەدەچوو، شمشاڵژەنی نەبێ.

**شمشاڵ تەنیا هاوڕێی بوو**

قالە مەڕە ناوی راستەقینەی قادر عەبدوڵازادەیە و ساڵی ١٩٢٥لە گوندی کولیجەی سەر بە شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بوو. ناسناوی (قالەمەڕە) لە لایەن شێخ محەمەد شێخی بورهان لە ناوچەی موکریان لەبەر زۆر ئارامی و هێدی بوونی قالەمەڕە خراوەتە سەری کە منداڵێکی زۆر هێمن و ئارام بووە. باوکی نابینێ و تەمەنی شەش ساڵ دەبێ دایکیشی کۆچی دوایی دەکات.

ئەم هونەرمەندە کوردە لە ساڵی ١٩٥٠بە دواوە لە ناوەندی رادیۆی شارەکانی مهاباد، کرماشان، سنە، تاران و ورمێ چەندین پارچە میوزیکی بە شمشاڵەکەی تۆمار کرد کە لە ناساندنی وەک هونەرمەندێکی مەزنی کوردستان ڕۆڵی گرنگی هەبوو. بۆ ماوەیەکیش شمشاڵەکەی خستە خزمەت دەنگی حەسەن زیرەک و لە چەندین گۆرانیدا شمشاڵی بۆ ژەند.

قالەمەڕە هونەرمەندی ناسراوی کورد تا تەمەنی ٦٠ساڵی بە ڕەبەنی و بەتەنیا دەژی و تەنیا هاوڕێی ژیانی شمشاڵەکەی دەبێ و پاش ئەو تەمەنە هاوسەرگیری دەکات.

قالەمەڕە تا ئێستاش ناسراوترین هونەرمەندی شمشاڵژەنی کوردستانە و ناوی شمشاڵ و قاڵەمەڕە بەجۆرێک پێکەوە گرێیان خواردووە تا کە ناوی شمشاڵ دێنن بە بیر قالەمەڕە دەکەوینەوە و بە ناوی قالەمەڕەش دەنگی شمشاڵ بە گوێماندا دێت.

قالەمەڕەی هونەرمەند بە درێژایی ژیانی هەمیشە بە نەداری و هەژاری ژیا و هیچ لایەنێک ئاوڕی لێ نەدایەوە، لە زیاترین فستیڤاڵ و کۆڕە هونەرییەکان ئامادە دەبوو. لە فستیڤاڵی میوزیکی فەجر لە تاران، فستیڤاڵی میوزیکی کرمان، کرماشان، ورمێ، ئیلام، بۆکان، سەقز، سلێمانی و هەولێر بەشداریی کرد و بە دەنگی شمشاڵەکەی خەمی کوردی دەژەند.

ئەم هونەرمەندە شەوی پێنجشەممە٢٠٠٩/٥/٢١ لە تەمەنی ٨٤ ساڵی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە شمشاڵەکەی کرد و چریکەی شمشاڵەکەی وەک میراتێکی مەزنی کولتووری و ژیان و مۆسیقای کوردانە بەجێهێشت.

**شمشاڵەکەم با لە هەولێر بێ**

قالەمەڕە هەمیشە شمشاڵەکەی لەناو قوماشێکی گوڵدار دەپێچایەوە و دەیخستە ژێر قۆڵی یان لە ناو پەڕی شاڵەکەی دەیشاردەوە و شەوانیش لەژێر باڵشتەکەی ژێرسەری دای دەنا و هەرگیز لە خۆی جیای نەدەکردەوە، تەنانەت کاتێکیش نەخۆش دەکەوێ و لە نەخۆشخانەی شاری مەراغە دەیخەوێنن و دکتۆرەکان ئاگاداری دەکەنەوە: نەخۆشیی سیلی هەیە و نابێ شمشاڵ بژەنێ، بەڵام گوێ لە دکتۆرەکان ناگرێ و لەوە بەدواوە بۆ ساتێکیش شمشاڵەکەی لە خۆی دوور ناکاتەوە.

قالەمەڕە بۆ پاش مەرگی وەسیەتی کردبوو: لە کێوی ناڵەشکێنە لە پاڵ گۆڕی حەسەن زیرەک بینێژن و شمشاڵەکەشی لەناو یەکێک لە موزەخانەکانی هەولێری پایتەختی کوردستان بپارێزن.

ڕۆژی(٢٠٠٩-٥-٢٢)-٣١ ی بانەمەڕی ١٣٨٨ ی هەتاوی) بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و لەسەر داوای خۆی تەرمەکەی لە پەنای گۆڕی حەسەن زیرەک لە ناڵەشکێنەی بۆکان بە خاک سپێردرا.

## دوو حەقایەت لە بابی حەوتی گوڵستانی سەعدی



وەرگێڕ: ئازاد سەید ئیبراهیمی

"یەک"

بیستم پیرێکی خاوەنسنوساڵ بە موریدێکی کاڵی دەگوت: کوڕم! ئەوەندەی مرۆ بیری لای ڕۆزییە ئەگەر لە لای خاوەنی ڕۆزی بایە لە فریشتەکان سەرتر بوو بە پلە و پایە.

لە بیری هەر نەکردی ئەودەمەی هەق
تنۆکێ بووی بێبیچم، شل و بۆش

ڕەوان و ئەقڵ و فام و باوەڕی دای
زمان و شەنگ و شۆخی، ئاوەز و هۆش

دە قامکتی لە سەر لەپ ڕێک وەستان
دوو باهۆتی لە قوڵفی شانە دا جۆش

ئەمێستا وا دەزانی ئەی کەم و کورت!
وەها ڕەببێ دەمێ دەتکا فەرامۆش؟

" دوو"

میرێک کوڕەکەی ناردە بەردەستی ژیرێک و وتی: ئەمە کوڕی خۆتە و چەشنی یەکێک لە منداڵانی خۆت ڕایبێنە. زانا کورنۆشی برد و وەئەستۆی گرت و چەن ساڵێ وەک کوڕی خۆی هەوڵی دا بۆی، بە فێرۆ ڕۆی. کوڕەکانی زانا لە زانست و زمانزانیدا گەیینە لووتکە، پاوشا لە زانا لێپرسینەوەی بەو بۆنە کرد و ئەوی سەرکۆنە کرد. وتی: بە پێچەوانەی وادە کارت کرد و بەڵێنت بەجێنەهاورد. وتی: لە پاوشای جیهان شاراوە نییە کە ڕاهێنان یەک جۆرە و تواناییەکان کەم و زۆرە.

زێڕ و زیو ئەرچی لە بەردا دێتە دەس
وایە هەر بەردێک نەبێ زێو و زەڕ

نووری خۆ داتە هەموو دنیا «سوهەیل»
گا دەکا چەرمی تەک و گا پێسە مەڕ



## بیرلە چی دەکەیتەوە

هووشەنگ ئیبتهاج"هـ.ا.سایە"

وەرگێڕ: سووتاو



بیرلە چی دەکەیتەوە
کە حەواویلە شکاوە و
گەمێی لە قوڕ چەقیوە ژیان؟
لەو کاولاشەکە وشەی نۆشی
لێ تۆراوە و
لەدەربوون داڕێبەندانە ڕێگەی ژیان
چەند بەسام بوو سێلاوی کارەسات
کە وەک عەزیا زاری کردەوە و
ئاسمان وزەوی لێک هەڵپساندو
هەڵی لووشین و
هێشوو هێشوو ئەستێرە هەڵوەرین و
خۆر لە ناو کەوی دۆڵ ودەری ئاو خنکا
کەش وهەوا شێواوە
تۆ لەکام ڕێگاوە وێڕای با دەڕۆی
چ هەورێکی ڕەش لەبان سینگتە
کەهەزار ساڵ ڕێژنەی باران بێ
دڵت ناکرێتەوە
چیها قەمچی لە لەشت ئەوینیان
چێژکرد
چیهاسێدارە بە تۆوە سەر بەرزبوون
چەنێ باڵای شکۆ داری ئەوین
خۆیان ڕاگرت لە هێرشی پڕ خەسار

بیرلە چی دەکەیتەوە
دونیا وەک نەینووکی شکاوە
کەباڵای سەوڵی ڕاستیش
لەوئاوێنە داخێچ دەنوێنێ
کە ڕێگاش داخراو دەنوێنێ
وەها کێو خۆی مەڵاز داوە
لەناو دۆڵ ودەرەی
ئەو چاخە پڕ پەژارەیە
زەمەنی بێ سنوور
بە هەنگاوی تەمەن مەپێوە
دەمێکە ئەو درەنگ و
دەرد ورەنجە هەر بەرێوە
وەکوو چۆمێک کە لە ئاوهەڵدێر
سەری لە تاوێرێک دەدا بڕۆ بڕۆ
تۆ لە مردوو چاوە ڕوانێ پەرجوو مەبە
تۆ هەر بمێنە وهەربمێنە

### فەرهەنگۆک

١ـ حەواویلە= بادبان ٢ـ گەمێ= قایق
٣ـ دەربوون=بن بست ٤ـ عەزیا=اژدها
٥ـ کەو=کبود ٦ـ سەوڵ=سرو
٧ـ مەڵاز=کمین ٨ـ تاوێر=گاشەبەرد
٩ـ پەرجوو=موعجیزە١٠ـ نەینووک=ئاوێنە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## عەتر



بانە.شەیدا ئەحمەدی(خان)

بەڵێنم داوە
نەشکێنم وەفاکەم
لە جامخانە دەگەڕێم
تابۆنی عەترەکەت پەیداکەم
تا وەکوو منیش
چەند گەنجێکی عاشق شەیداکەم

## عاشق

بۆ واژاکاویت
نەکا پایز عاشقی کردووی
یاخۆسیمای کچێک
دای وەراندوویی
ڕەنگی پەرۆشی نیگات
وەک گەڵای
هەڵ وەریوی ئەم وەرزە
هەر ڕێبوارێک عاشق دەکا



## کەتانە وو پەپک

دێهلۆڕان. نامدار جابری


کولا دشەکیا. چیتێ دەورێ چی بایئشکن بای پنگ دیا ئەودما. تەلّڤارێ کولا دە یەتن وو چیین بی. هیچ دەنگێ ئەژ دنیالە هیزنەیگرت ئەژ تەرس. سەگەل هەر یەکێ دە لۆنێ کز کردبی.
بای دەروودەشت شێوەنڤێ دە مل یەک. دار و دنیا و زەمی ناوێ دە یەک. کەس جیلە نەیکرد.
کەتانە ئاڕۆم نیشتڤی دە بن دووار وو بێخیالّ می شۆنە دیا وو گیسەلە خوە دچنیا.
نە دەربن بای بی نە دەربەن شێوەننێ کولا. هێدی هێدی ڤ سەر کلکەلە باریک خوە قاو ئەلّسەر قاو گیس دچنیا.
دالّکێ دەر خەمیرێ دا ئەولا وو ڤ ناو دەست چەن گل دا ئەلّسەر خەمیر بڤینێ ئەلّەتیایە یا نە, هەنی مەنیە؟....
بای کپیا. دالّکە کەتانە دا ئەودەر. دی ڤلات شێویایە. گڕێ چی ڤ مالّ گردپرد کردن.
ئەمکە ک دێ دنیا کپ رپ بیە, تەنیر خسێ. ئەژ ئی نۆنێ ئەلّەتە وو ڤرشەنە ک کو دکەرێ, کێ بخوەرێ.
کەتانە دێ ئەودەر. دچوو لاوین دالّکێ. دالّکێ دەشێ هە کەتانە یەتی؟
کەتانە خەنێ دکەرێ وو دەشێ: ئە دالّکە. ئەنی پەپکێ مە؟
دالّکێ هەم گونی کۆچکێ ئەژ خەمیر هیز دێ وو دێ دە تەنیر وو دەشێ یە هەم پەپکێ تو....
پەپک ڤرشێ وو کەتانە پرزنێکێ دە جۆمیلکێ ماس.

## Ketane û pepik

Kula dişekya. Çîtê dewrê çî bayişkin,bay ping diya ewdima. Tetvarê kula de yetinûçîyin bi. Hîç dengî ej dinyale hîzneygirt ej ters. Segel her yekê de lonê jiz kirdibî
bay derûdeşt şêvenivî de mil yek. Dar û dinya û zemî nawê de yek. Kes cîle neykird.
Ketane arom nîştivî de bin duwar û bêxiyal mî mone diya û gîs diçinya.
na derben bsy bî, ne derben şêweninê kula. Hêdîhêdî vi ser kilikele barîk xwe qaw elser qaw gîs diçinya.
Dalkêder xemîrê da ewla û vi naw destç çen gil da elser xemîr bivînê eletyaye ya ne, henî menîye?...
bay kipya. Dalike ketane da ewder. Dî vilat şêwyaye. Girrê çî vi mal girdipird kirdin.
emke ki dê dinya kipirip biye, tenîr xisê. Ej î nonê elete û virşene ki ku dikerê, kê bxerê.
ketane dê ewder. Diçû lawîn dalikê. Dalikê deşê he ketane yetî?
Ketane xenê dikerê û deşê: e dalike. Enî papikê me?
kalikê hem gunê koçikê ej xemîr hîz dê û dê de tenîr û deşê ye hem pepikê tu...
pepik virşê û ketane pirzinêkê de comîlkê mas.

## دالّ

| | |
|---|---|
| پەنیی دەریایی دلّە تو | Penîyê deryayê dile tu |
| بێ بن و پڕ شپە | Bê bin û pirr şip e |
| دلّە منێش قایقێکە ئاشق | Dile minêş qayiqêk e aşiq |
| ک دە ناوجا شپەلێ | Ki de nawca şipelê |
| چی شێتێ دالّ خوەرێ | Çî şêtê dall xwerê |



# لەبەردەم دووڕیانێکدا

(کورتە چیرۆک)

بۆکان. سەعدوڵلا نووری

ئەو دوانیوەڕۆیەی بەتاسەوە پەنجەکانی دەستم ئاڵاندە پەنجە نەرمەکانی ئەو کیژە چاو ڕەشەی خۆشم دەویست و، بۆماوەی زیاتر لە کاتژمێرێ لەلێواری ڕووباری شاردا پیاسەمان کرد، دەستی نیازمان لە دەرگای چەندین ڕازداو، سەری قسەو گفتمان بەماڵی گەلێک باس و کێشەدا کرد، کەچی تەنیا شتێک کە خۆمان لەقەرەی نەداو لێی نەدواین باسی عیشق و خۆشەویستی نێوانمان بوو!

بەجووتە سەرنجمان دابووە ئەو نەورەسانەی کە هەندێکیان لە ئاسمانی سەر ڕووبارەکە دەخولانەوەو ، چەند دانەیەکی دیکەیان لەسەر ئاوەکەدا نیشتبوونەوە. لەو قەراخ ڕووبارەی ئێمەی لێبووین چەند خێزانێکی بەمنداڵ و چەند کوڕو کچێکی تریش کە سەریان بەیەکەوە نابوو و بەچرپە بۆ یەک دەدوان بەدیدەکران، کەس کاری بەکەس نەبوو، لەهەراوهۆریای نێوشار دوورو،تا ڕاددەیێ جێگایەکی ئارام دەهاتە بەرچاو، وێنەی ئەپارتمانە بەرزەکانی ئەوبەر لەناو نەرمە ڕۆیشتنی ئاوەکەدا دەلەرینەوەو بەلەمێک پێچەوانەی ئاراستەی ڕووبارەکە بەدوو سەرنشینەوە لەسەرەخۆ دەڕۆیشت، پەڵە هەورە سپییەکانی ئاسمانیش وەک ئەوەی لەمیوانی ئێمەدا بن و خوداحافیزی بکەن بەرەبەرە بەری ڕۆژیان بەردەدا، دەچوونە پاڵ یەکەوەو ئەو ناوەیان بەجێدەهێشت.

– ( سەیرە هەموو شتەکانی ئێرە: ئاو، نەورەس منداڵ، بەلەم، هەور...لەجوولەدان هەتا گەڵا دارەکانیش لەجووڵانەوەیەکی بەردەوامن، دەبێ چ خەمێک لەناخیاندا ئەوانی وا خستبێتە سەماکردن ؟ بڵێی ئەم گەڵایانەش زۆربا ئاسا بەسەما کردن خەمەکانیان بڕەوێننەوە ؟!)

ئەوڕۆژە ئەگەرچی ڕۆژی چوونە زانکۆ نەبوو، کەچی لیڤێکس و هەندێ کتێبم لەتەک خۆمدا هەڵگرتبوو، بەدیقەتێکی قووڵەوە لەوێنەی سەربەرگی کتێبەکەی بەردەستم ڕادەمام Arthor Rambo تەمەنێکی کەم و داهێنانێکی گەورە! تێنەگەیشتم بۆچی ئەم ڕستانە بەبیرمدا هاتن.......

– ( کوڕم موزاهەرەیە مەچووە دەرێ )

– ( باشە ئەگەر ئەمن نەچم کێ بچێ ها...؟ )

– ( ئێ کوڕم با وەکو مام کەریمی چایەچی خانوو و ماڵەکەمان موسادەرە نەکرێ و دەربەدەر نەبین!)

– ( ماڵ .. ماڵ .. ماڵ ، من هەردەبێ بۆ هەموولایەکتان بسەلمێنم کە من کێم و چیم ، ژیان بەو ترس و لەرزە ناچێتە سەر)

چی دبێ ئەگەر هەرئێستا نامەیەک بنووسم و بەو ئاوەدا بۆ ( سەییاب ) ی ڕەوانە بکەم، بڵێی بەڕۆحی بگات و بیخوێنێتەوە؟ نا..نا، لەقامیشەڵانی هۆڕەکان گیردەبێت و بۆی هەیە بکەوێتە چنگی دڵڕەشەکان ئەودەم ڕۆحی ئەویش دووچاری بینەوبەردە دەبێ ، ئەو وەختەی چاوم بەدیداری شیعرەکانی ڕوون بووەوە تازە دەستم قەڵەمی گرتبوو، هەستی نووسینم دارەدارەی دەکرد، گەلێ شەوان دەچوومە میوانیی دڵی ( گۆران ) زۆرکەم لەپەیامی یاخی بوونی ئەو دووانە دەگەیشتم، هەرگیز حەزم نەدەکرد ڕۆمانسییانە بیربکەمەوەو شێوەی ڕۆمانتیکی بەبیچمی خۆمەوە ببینم، هەمیشە بەشوێن ئەو وانانەوە بووم ڕێی یاخی بوونیان تێدا دەبینرا، هەستێکی بزر ڕێی لێدەگرتم تاکو گوێ بۆ ئاوازە مردووەکان ڕانەگرم، فەلسەفەو بەسەرهاتە چەق بەستووەکان نەخوێنمەوە.

– ( دەزانم ئەم لاسارییە ڕۆژێ دادێ کەتنێکم پێدەکا )

شەوانە تا درەنگانێ دەرو دیواری قوتابخانەو شوێنە لاچەپەکانی ناو شارم دەنەخشاند ، زۆر ڕاونرام و بێزاری سنووری بەزاندبوو.... تێگەیشتم ئیدی ئەوکارە لەگەمییەکی سەرەڕۆو بێخاوەن دەچێ و لەهیچ بەندەرێ لەنگەرناگرێ و تێداچوونی مسۆگەرە.وردە وردە فیکری تەواوکردنی زانکۆ سەرتاپای مێشک وبیرکردنەوەمی دادەگرت.

– ( خۆ ئەو بەشەی لێی وەرگیراوم خراپ نییە هەر نەبێ لەدوارۆژدا منداڵانی وڵاتەکەم فێری زمانێک دەکەم ) .

– ڕێدار، ڕێدار ئەوە چووی بۆ کوێ ؟

– ها! لێرەم لەگەڵ تۆدام .

گۆڤاری ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

پاش کەمێک هاتنەوە سەرخۆ ڕووم لە ( یوسرا ) کردو وتم :

– دەڵێی چی بچم شتێک بێنم بیخۆین ؟

بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی ئەو بم پاش چەند هەنگاوێ چوومە بەردەم دووکانە بچووکەکەو دوو ساردو دوو ساندویچم هێناو گەڕامەوە.

– فەرموو گوڵە جوانەکەی ....

– صار زحمه علیک!

بەزەردەخەنەیەکەوە تەماشایەکیم کردو بەبێ دەنگی لەتەنیشتییەوە دانیشتم، پێش ئەوەی دەست بە خواردنی ساندەویچەکان بکەین بەمیهرەبانیێکەوە پێم وت :

– پێم نەوتی هەتا لەگەڵ مندا بیت بەعەرەبی قسان ناکەی! ئەی بۆچی فێری زمانی خۆم کردووی ؟

مەگەرخۆت بەڵێنی ئەوت پێنەدام ئەگەر فێری زمانەکەی من بووی ئیدی هەربەو زمانە قسەو گفتوگۆ بکەین!

– ببوورە مەبەستم ئەوە نەبوو. بەڕاست پێم بڵێ بەتەمای کەینێ بۆجەژنی نەورۆز بگەڕێیەوە شیمال؟

– شیمال یا کوردستان ؟

– ببوورە کوردستان

– بەینی خۆمان بێ ئەمساڵ بارودۆخی کوردستان زۆرناخۆشە، دوایانبڕێ تەواوی شارو ناوچەکانیان شڵەژاندووە هەواڵیان پێداوم گوایە گرتن زۆربووە، بۆیە وام بەباش زانی ئەم نەورۆزە هەر لێرە بمێنمەوە، قەرارە لەگەڵ چەند هاوڕێیەک لێرە نەورۆزی خۆمان بکەین ... یوسرا دەزانی ئەو خزمانەی تۆ ژیان و گوزەرانی ئێمەیان زۆرتاڵ و ناخۆش کردووە!

– چییە ڕێدار دەبینم تانەمان لێدەدەی ( بەپێکەنینەوە)، ڕاستە من عەرەبم ، بەڵام هیچکات ئەو دڕندانە بەهاوڕەگەزی نەتەوەیی خۆم نازانم. ئەوانە دوژمنی هەموو ئینسانێکن، مەگەرئەوجارە بۆتم نەگێڕایەوە ئامۆزای مێردی خوشکەکەمیان بەچ دڕندەییێک لەماڵەکەی خۆی قۆڵبەست کردو هەتا ئێستاش چارەنووسی بەنادیاری ماوەتەوە.

– نارەحەت مەبە هەر ویستم گاڵتەت لەگەڵدا بکەم .

نازانم هاوینە گەرم و زستانە ساردو وشکەکەی ئەم شارە لەبەرچی ئەوەندە کاریگەری بەسەر هەستی منەوە هەیە، بەدەست خۆم نییە لەزەتێکی گیانییم پێدەبەخشێ...دڵم پێیدەکرێتەوەو پێمخۆشە تێیدابژیم. هێشتا هەست بەو دڵەخورپەی ئەو ساتەوەختە دەکەم کاتێ لێپرساوێکی ( اتحاد طلبه ) لەنیوەی موحازەرە دابوو وەژووروکەوت و ئیزنی لە دکتۆر کەریم خواست کەمن لەگەڵیدا بڕۆم .... بەپێپلیکانی نهۆمی سێیەمی کۆلیژی ئادابدا هاتینە خوارەوەو یەکسەر چووینە ژووری ( اتحاد ) ەوە ، لە دیتنی ڕۆژنامەیەکی سەرمێزی ژوورەکەو خوێندنەوەی ناونیشانێکی گەورەی سەر ڕۆژنامەکە ( ازلام النظام .... و استمرار المداهمات و الاعتقالات ) تووشی سەرسامییەک بووم و کۆمەڵێک پرسیاری دژ بەیەکی بێ وەڵامیش بەدوای یەکدا بەزەینمدا تێپەڕین . پاش سین و جیمێکی زۆرو بێمانا ئیمزانامەیەکیان لێوەرگرتم . لەدواییدا کارێک کە لەمنیان دەویست بەهیچ جۆرێک نەمدەتوانی یا چاکتر بڵێم نەدەکرا ولەوەدا نەبوو ڕێگا بەخۆم بدەم بچمە ژێر باری ئەو کارەوە ، چونکە زۆر سەخت و دژواربوو گشت بەهاپیرۆزو مەزنەکان بەشتێک بگۆڕمەوە کەلە پەشیمانی بەولاوە هیچی بەدواوە نەبوو، دووڕیانێک لە پێشمدا سەرپشکی کردبووم ، لەنێوان درێژەدان بەخوێندن لەبەرامبەر............ یا قبووڵکردنی چارەنووسێک کە ئەوان بۆمنیان دەست نیشان کردبوو ... ئاخرەدەکرێ خیانەت لەتەک مرۆڤێکدا بکەم لەکاتێکدا بەهەموو وجوودێکمەوە خۆشم دەوێ ؟

## بێ قەرار



سەقز. شەوبۆ عەزیز پوور

نیگام تاڵ بوو
دڵ پڕ گریان
بێ مانگی ڕووت تارە ئاسمان
هەور و هەڵا و بێ ورشەیە
نەرمە نیگای بەرزە نیگار
بۆت بوومە بووکە بارانە
لەم کۆڵانە
دەسا ئەی یار
لە ژێر ڕێژنەی پڕ لە ئەشقی
هات و هاوار
دەست لە ناو دەست
دەبمە چەترێ بۆ ڕێژوانت
هەنگاو هەنگاو، زۆر بێ قەرار

## شاری ئەوین



بانە. بەنداوی کێلێ.
ئیبراهیم حەسەنی (جەمیانی)

بانە ئەی شاری وەفا  شاری ئەوین
شاری جوانم  تۆی بەهەشتی سەر زەوین

فەخرە بۆم  گەر سوجدە  بۆ خاکت بەرم
شام و  ڕووس و ڕۆم  لە ئاست تۆدا نەوین

بوویە بێشکەی  شاعیران و  نووسەران
بۆیە ئەورۆ  تەم  لەسەر  چاوم ڕەوین

شاخەکانت  سەر لە ئاسمانێ  دەسوون
با  بەرەو دوندی کەلیخان  سەرکەوین

ئاربەبای  بەرز و  بڵند و  سەرکەشم
تا  قەڵای  وەک تۆ هەبێ  قەت نانەوین


وا  بە تاسەی  ماچی تۆن  شێعر و  وشەم
دێین لە لووتکەی  بەفرەسووتا  وەرکەوین

ناکرێ  وەسفی کەژ و  چرگە و  چیات
کانیاوت پاک  وەکوو ئاوی  شەوین

هەر بە هۆی  بەرزیتە وا  بازی غەزەل
دەشت و  کاوانت دەپێوێ و  بۆت کەوین

## دووبەیتی

گەر بەهەشتی چاوەکانت بێتە قیبلە بۆ دڵم
من نەبەم کڕنۆش بە غەیری چاوی جوانی تۆ گوڵم
تاڵ بە تاڵی مووی بژانگت ڕوو بە ناخم ڕادەچێ
ماچ دەکەم ئەو خاک و خۆڵەی دێی کە پیا بۆ مەنزڵم



لەیلاخ. فەردین حوسێن پەناهی "زوێر"


هـەتا مـردن هـەدا نادەم لە وازم
لە ئەشقت نیشتمـانـم , سازی سازم

پەشیمان نیم لە سەودای گیان و ماڵم
لە سـەر خاکت بە کورد بوونم دەنازم

## وەرگێڕانی شانامە فیردەوسی بە کوردی



**مەهاباد. شاهۆ موکریانی**




ئەمن سەید سمایل شاهۆیی ناسراو بە شاهۆ موکریانی کوڕی سەید موتەللیب ودایکم سەیزادە زبێدەی قادری لە ڕۆژی نۆزدەی ڕەزبەری ساڵی١٣٣٦ هەتاوی لە گەڕەکی خڕێ شاری مەهاباد چاوم بە دونیا پشکووت. هێشتا پێم هەڵنەگرتبوو چەرخی چەپگەڕ ڕەورەوەی نەهامەتێکانی دا دەستم و لە گۆڕەپانی بێدەرەتانی بەرەو مەڵبەندی ئاکامێکی نادیار وەڕێی خستم. خوێندنی سەرەتایی وناوەندیم لەشاری مەهاباد تەواو کرد و پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ لەدانیشسەرای شاری خۆیە بۆ تەربییەت موعەللیم وەرگیرام پاشان دوو ساڵیش وەک مامۆستا لەگوندی میرگەساری سەر بەشاری کامیاران لە لیباسی سوپای دانیش خزمەتم کرد و پاش تەواو بوونی ئەو دەورەیە ساڵی ٥٧لەورمێ بۆ مامۆستای وانە سەرتاییەکان وەرگیرام ساڵی ١٣٦٠ژینی هاوبەشیم پێک هێنا وبەرهەمی ئەو ژیانە دوو کوڕ وکچێک کە هەموویان شوکوری خودای کارناسی شیمی و ئەندازیاری ئایتی و موهەندیسی میعمارن.

ساڵی ١٣٦١ فەوق دیپلۆمم لە زانکۆی شەهید ڕەجایی ورمێ وەرگرت هەر لە منداڵێوە هۆگری چیرۆک و بەسەرهات حەماسیەکان بووم و لە کلاس دووی سەرەتایی نووسراوەکوردیەکانی سەر کێلەکانی گۆڕستانی مەلاجامیم دەخوێندنەوە وهەر لە وێڕا فێری نووسین وخوێندنەوەی کوردی بووم. دایکی ڕەحمەتیم زەینێکی زۆر عالی هەبوو سەرەڕای ئەوەی خوێندەوار نەبوو تەواوی ئەسکەندەر نامەو ئەمیرئەرسەڵانی بەکوردی موو بە موو لە بەر بوو هەموو شەوێ تاخەو دیبردینەوە حەکایەتی بۆ دەخویندینەوە. زۆرم شێعر پێ خۆش بوو شێعری زۆربەی شاعیرانی ئەوسەردەمیم لە بەربوو. زۆر جار شێعرم بۆدەهات دەمنووسین بەڵام زاتم نەبوو بۆکەسیان بخوێنمەوە دەمکوت لەزەوقم دەدەن لەشێعر دەکەوم تاڕووداوی هەڵەبجە کاریگەرێکی زۆرزۆری لەسەردانام هەوڵ شێعرەم شێعری گەڵا بوو کە بریتی لە سەد بەیتە تەواوی دیمەنە دڵتەزێنەکانیم بە تەسویر کێشاوە لە مەراسمێکی خوێنمەوە و ئەوندەیان تەشویق کردم کە بە جارێکێ ترسم ڕژا وبە متمانەوە دەستم بەنووسین کرد. لە ساڵی ٦٩ی هەتاوی بەفەرمی هاتمە مەیدان وگوڵزاری شێعر وهونەر. ڕۆژێکی دوو بەیتێکی حەماسیم نووسیبوو برازاکەم کوتی مامە شاکارە ئەرێ بۆ شاهنامەی بەکوردی وەرناگێڕی بەخودا تەنیا کاری خۆتە. هەر ئەو بوو بەهۆی ئەوە کە وەرگێڕانم دەستپێکرد زۆر چاکم وەگیرا و لەزۆر مەراسیم و جێیەک کە خوێندوومنەوە زۆریان بە دڵ بووە.

ئیستا زۆر بەگوڕ و تینەوە دەستم بە وەرگێڕانی شانامە کردۆتەوە ئەو پرس ودیمانە وەک هەواڵێکی خەبەری لەسەر تەوای کۆڕە کۆمەڵایەتێکان بڵاو بۆتەوە. دو شێواز لەوەرگێڕان

ئەوەندەم دەوێ ئەی خودای دادار
ئەمانم بدا چەرخی ڕۆژگار

لە تۆوی ئیرەج کوڕێک هەڵکەوێ
بچتە مەیدان وتۆڵەی وی بوێ

لەتۆڵەی خوێنی باوکی بێتاوان
سەری لێ ببڕێ و دەر بێنێ چاوان

کاتێ ئەوم دی من بە چاوی خۆم
ئەودەم ئاسوودە لەدونیا دەڕۆم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجوومەنی ئەدەبیی بانە

## شەڕی بارمان و قوباد و کوژرانی قوباد

وەرگێڕ: شاهۆ موکریانی

کاتێ کەدەرکەوت هەتاو لە کوێستان
پێشەنگ گەیشتە حاندی دێهستان
نێوان لەشکران هەردوو فەرسەنگ بوو
سوار هەموو تەیار بە سازی جەنگ بوو
سەردارێکی تورک بەنێو بارمان
گوراندی ڕابن گەلی قارەمان
کەڕوانی و بینی سوپا سەرا سەر
هاتە بەرچاوی سەراکەی نەوزەر
گەڕاوە خزمەت ساڵاری تووران
بۆی شرۆڤە کرد لە چەک و میران
وتی ئەی شاها، خواوەندگار
تەواوی هێزمان دە بێ بێتە کار
بە فەرمانی شا منی شێرەوار
وا دەکەومە ڕێ بەرەو کارەزار
تا کوو ببینن هێزو تەوانم
گورز و مەتاڵ و شیر و کەوانم
وا هاتە وتار ئەغریسی دڵرەش
ئەگەر بکوژرێ بارمانی سەرکەش
تێکدەشکێ ورەی سنوورە وانان
هەموو دەڕەون چینی شەڕوانان
کەسێکی بێناو بۆم هەڵبژێرە
چەشنێ کە گوستی هەڵوەڕێ لێرە
ڕۆخی پڕچینە و ئاگر دەبارێ
لە وتاری ئەغریس تێکچوو بەجارێ
بە دڵێکی خەمبار وتی ئەی بارمان
خۆت زرێ پۆش کە و تیر بنێ کەمان
سەرکەوتوو دەبێ هێژا و سەرفراز
بەزار و بەتل قەت نابێ نیاز
بارمان دەرپەڕی تا دەشتی شەڕێ
قارن بەکاوە بۆم وەرە بەرێ
لەناو لەشکری نەوزەری ناودار
کەس هەیە لەڕووم بێتە کارەزار
قارن کەڕوانی لەسەردارانی
یەکێ بەپاکا بەرەو شەڕوانی
نەکەس هاتە دەنگ نە وڵامیان داوە
غەیری پیر قوباد کە هات لەو لاوە
نێو چاوان گرژ هێژاوو بەهۆش
لە وتاری برای وەها هاتە جۆش
وەها تووڕە بوو ئەسرینی چاوان
دەڕژا لە چاوی لەشکر لەتاوان

لە نێو لاوانی شەڕکەری مەیدان
یەکێ هاتە بەز بەعەزمی لێدان
دڵمەند بوو قارن والەکەی قوباد
لە ڕووی دەلێران وەهای کرد بە داد
عومرت تەواو و کارت کراوە
لەمەیدانی شەڕ کارت تەواوە
ڕۆڵێکی هێژا وەکوو بارمان
لاوێکی هێژا و ژیر و شادمان
سوارێ کە هەیبێ دڵی نەرەشێر
سەردادەنوێنێ بەهەتاوی زێڕ
ئەتۆی بەختەوەر کەیخودای سوپا
فەرمانی داوە بە تۆ شەهەنشا
بە خوێن ڕەنگین بێ ڕیشی سپی وجوان
ورە نامێنێ لەلای سۆپای وان
وەها تێکدەشکێن لە مەیدانی شەڕ
دڵ لێوڕێژ دەبێ لەژان و کەسەر
بڕوانە چی وت قارنی مەیدانێ
چ کەس تێگەیی چ کەس دەزانێ
وەرامی داوە وەها کەی قوباد
کە چەرخی گەردوون بەمنی داوە داد
بزانە کاکە لەش بۆ مردنە
تورک لەحاند میرم کۆت لە گەردنە
کاتێ مەنوچیهر سەرکەوت هەمیسان
لەو ڕۆوە دەگرێم بۆ گەلم دیسان
کەس تێپەڕ نابێ لەو ئاسمانە
ڕاوی ڕاوچییە و مەرگی هاسانە
یەکێ هاتە پێش بە بیر و بە هۆش
چەنی و دوو لەشکرهەردوو هاتنە جۆش
سەر دێتە برین بە شیری دەبان
لەشی دەبێتە ژەمی دڕندان
گەر کەسێ بمرێ لەسەر نێونووبان
دەبێ نەمێنێ نێوی بێ گومان
ئەگەر من بمرم لە دونیای فانی
برام جێگرە بەگورزەوانی
ئەگەر کەمردم پاڵ وەپاڵ یەکدەن
دەخمێکی شاهی بۆ گۆڕم چێ کەن
بمشۆن بەکافوور بە میشک و گوڵاو
ئەوسا بەرێم کەن بۆ گۆڕم تەواو
وتی ئەی برا خودا یارت بێ
دونیا تا هەتا تازیە دارت بێ
کاتێ ئەوەی وت نێزەی گرتە دەست
سەرخۆش کەوتەڕێ وەک فیلێکی سەر مەست

وەها هاتە جواو بارنی قارەمان
سەرت خەڵاتی چەرخە بێگومان
دەبێ بزانین گەڕی ڕۆژگار
چت بەسەردێنێ لە ناو کارەزار
بارمان وەهای کوت بە کەیقوباد
ئەوا دەمێکە گەردوون داوێ داد
دەگاتە شوێنێ مەردی ڕۆژگار
لە زمان دەکەوێ و نایمێنێ هاوار
ئەوەی کە پێکوت هەڵمەتی بۆ برد
ئەمانی بڕی پاڵەوانی گورد
تولحی بەیانی تاکوو تاو پەڕان
ماندو وو شەکەت جووتەی شەڕکەران
ئاقیبەت سەرکەوت بارمانی دلێر
لە مەیدانی شەڕ دەینەڕاند وەک شێر
زەبرێکی وەهای دا لە کەیقوباد
گرێی کەمبەری پسا لەناشاد
لە زین کەوتە خوار قوبادی ناکام
ئەو پیری هێژا گەیی بە ئاکام
بارمان گەیشتە خزمەت پادشا
بە هێز وشکۆ هاتنە تەماشا

درێژەی هەیە



## هەڵۆ

سەردەشت. گزنگی خۆر

هەڵۆی سەرهەورو ساوی
دۆڵ و سەحرا گەڕاوی

کە دڵی مل هوڕ دەدڕی
گەردی سەر دڵ دەسڕی

لە ماڵ و حاڵ، دووری
لە سەرهەڵگورد مکوڕی

حوکمی سەری دراوە
دراوسێ هەموو کراوە

وای لە داوی سوورمس
ئەی لەدەس کاسە لس

کەو وکۆسار ،هەڵۆ ئاسا
ورەی ئاگر ، سەرو کاسا...!

## شێعر بێ خاڵ بۆ یەکەم جار

گوڵەی گەرم سەرودڵمی دڕی
گەڵا گەڵای،داری عومرم وەری
هەڵۆ ورە لەسەرسەرم مکووڕە
ڕووگەم هاواری دوورو سوورە
لە دۆڵی گورگەسوور دە دۆڕێ
هەوای سڕی سەردەوار دەگۆڕێ
ئاو وهەوای دەوارساردو سوکە
هەڵاڵە ڕووی سوورە وەک کلۆوکە
لە دڵم دا گەردەلووی سڕو سوڕە
سەدها ساڵە سەما و ئاسۆم کاڵە
هاواری گەل لەکولەکە دامەحاڵە
ڕوحم سەرسامی سەری ساڵە
ڕا دەماڵم گورگ و مار ودالم
هەڵ وەدای سروودی سەری ساڵم

## شێعر نوویگ و دو گله دوبەیتی



ئیلام. رودوس فەیلی "مستەفا بەیگی"

- ١ -

وتی وەم کووچ بکە،
کردم
وتی وەێ کووچ بکە،
کرد
وتی: گشتێ، گشتێ، گشتێ کووچ بکەن،
کردن
دار و بەرد و خاک و ئاو و کەش و کێوەیلە خۆ کووچبکەر
نیین،
دمینن
دە ئی ولاتە

- ٢ -

دە نامِ کورتە شێعرەم، هەر تو هەستی
دە چیرووکە کولەم، هەر تو مەبەستی
هەڵا ئەی چاوِ مەس؛ شەوگار، گەش کە
دریژای وەم بدە، ئەێ راز هەستی

- ٣ -

دە ژێرِ وەفر؛ تم بین شوونِ پایلە
دە بانِ وەفر؛ ول بین سەردە وایلە
وە قیرەێ شێونن؛ ئی مەنتقەیلە
قلاێلە، ئاخ قلاێلە، داخ قلاێلە

*فەرهەنگۆک وە کوردی فەیلی ئیلامی

– هەڵا، ئەڵا: طلوع کن
– تم: دفن
– ول، وێڵ: ول، گم
– قلا: کلاغ
– قلاێلە: کلاغها
– وەفر: برف
– سەردە وا : پاییز، باد سرد پاییزی
– عشقـنـن: میعشقانند
– بین: شدند
– چیرووکە کولەم: داستان کوتاه من
– دریژای وەم بدە: مرا ادامه بده
– وتی وەم: به من گفتی
– وتی وەێ: به او گفتی
– دمینن: میمانند، خواهند ماند
– دە ئی ولاتە: در این سرزمین
– شێونن: بر هم میزنند
– ئی مەنتقەیلە: این منطقها را



**مەریوان. لوقمان پوورڕۆستەمی**

وەرزی ڕێبەندان بە سەرچوو و بەفری دڵ ناتوێتەوە
ئـــەم گرێکوێرە بە نۆتی بـــاوەشت ئەکرێتەوە

قوڕ دەپێوێ ساردی ئـەم ورزە لە چـیاوی ماڵەکەم
ماڵـەکـەم گەرمی لـەشت ئەم شەختەیە ئەبڕێتەوە

وا بەرەو ڕووخان دەکێـشێ پێکەنینم، ئەو دەمەی
نازی ڕووخسارت بەلێوی ناحەزێ ئەتلێتەوە

بەم نەبوونانەت بە جێی ئاواز و مووسیقا و شێـعر
هەر دەمێـکم پڕ دەمـی بێتاقەتی ئەچـرێتـەوە

تۆ هــــەموو دونیایت و نازانن ئەوانەی دەوری تۆ
چۆنە ئەم دنیا  لە سینەم شوێنی دڵ ئەگرێتەوە!

بەسە ئیتر چەشنی تەرمی پاش شەڕم لێـهاتووە
نامەوێ ئیتر بە غــەمخواردن چــەلم بدرێتەوە

دڵ بەروە جێژوان بەرێیە و جەستە چاوەڕوانی تۆ
شێعرە گۆرانی ئەڵێی و داوا ئەکات تۆ بێیتەوە

❋❋

چ زامێـــکە لە ماڵت دەر کـــرا بــــی
بەدەستـــــی ناکەس و جەردە درا بـی
چ زامێـــکە کەست لـــێ بێتە دوژمن
بە زام و ئێـش دڵت کەن ئەنجن ئەنجن
چ زامێـــکە دەروون پڕ بـــێ لە دەردا
نەبـــێ خاکـــێ بە دڵ بیدەی بە سەردا
چ زامێـــکە ژیانت بـــــــێ لە بەردا
بڕوخێـــنن شەوان ماڵــــت بە سەردا
چ زامێکە بە ڕۆژ لێت دەن بە دار دەس
دز و حیز و شەقامی و جاش و ناکەس
چ زامێـــکە بە دڵ بـــڕوات نەما بـێ
ژیان و هەســـت و مانت هەر نەما بـێ
چ زامێـــکە خەیانت کەن بە ژێـــنت
بە دوڕوویی و دەسیسەی هاو سەرینت
چ زامێکە لێـــوانت پڕ لە مـــەی بـــێ
دەرمانی دەردی دڵ نەیبێتو  نــەی بێ
چ زامێـــکە بە لاوێتـــی و بە پیـــــری
بە بەندی عەشق و سەر بەستی ئەسیری




**غەفور کەسنەزانی ژاکاو**

چرۆی دا سەر پەڕی شێعرم لەسەر سینەی غەزەل جارێ
دەبینم مەشخەڵی جوانی لە لێوی گوڵبزەت ئارێ
عەزیزێت و دڵم هۆگر بە مەیلی تۆ دەبێ هەر دەم
ئەگەرچی لێم نەبانیشی نیە بۆم چ ڕێی چارێ
لە حەولام حەللی حاسڵ بێ حلوولی ئەو دەم و لێوە
سەرم چی دڵ لە لات ناچێ بە ئەو وادەی کە دات پارێ
دەمامکی دەم وەلانێ بۆم قەڵەم کێشێ لەبت دەرخە
کوڕۆنا دەردی دووریتە لە دڵ هەڵچوو وەکوو خارێ
مەبە وا بەرزە فڕ وەختێ دەبینی من ئەویندارم
بە کۆی زووخاڵ بێ هەر ساتێ ئەوی بوو بە سەبەبکارێ
بە ڕێچکەی دڵبەری هاتم بەرە و ڕووگەی دووچاوی مەست
عەجایەب مام چیە هۆکار لە من وا چوویتە سەر دارێ
بە حەققی ئایەتی ئەشق و بە سوورەی نازلی باڵات
سەری مەستانە با بسووێ چەلێ ژاکاو لە گوڵزارێ

## ڕوومەتی بەفرین

دەرخە بۆم دوو لێوی ئاسک ڕوومەتی بەفرینی ڕوو
تا وەدی بێ هەستی پاک و بێ خەشی پڕ ئارەزوو
هەنگی هەستم بۆ نەنیشێ لەو هەلاڵەی ژێر چەنە
تێر ببێ ڕۆحی هەژاریم چش کە چوونی ئابڕوو
ئاشی بێ مەیلیت دەهاڕێ تۆوی ئاوات و حەزم
ناسرەون هەست و خەیاڵم، بوومە کۆتەی ئاوەسوو
بۆی گوڵاو و عەترە ئێستاش دێ لە ژوانگەی چۆڵ و هۆڵ
چوومەوە، ڕوانیم مەخابن کەس نەبوو، هەر بوو ، هەبوو
مردنیش نایێ کزەی ئەو زامە بن بڕ کا لە لام
داخ و دیقی بردی سۆزی عومری لاویم بێ پشوو
ڕاوی کارمازن لە کێوی ئەشقی خولیای سینەکێش
سەیرە، یاساغ بوو لە بەختی لار و گێرم زوو بە زوو
تاوێ بمکە باخەوانی سێوی تورتی سینەکەت
تاکوو سەیری جەننەتی تۆ بێ بە قسمەت ڕوو بە ڕوو
کورتە ژین و تاڵی هەودای دێتە کۆتایی وەرە
تاوێ ڕابوێرین بە خۆشی و شادمانی دوو بە دوو
دەم لە کانیاوی دەمی تۆ کەوسەرە ، تینوو کوژە
لێم گەڕێ با قوم لەسەر قوم وەر بدەم چەشنی زەروو
چەن جەفا کێشم ئەوەندەش سەر بە گۆنگاڵ مامەوە
چڵ دەخات گەرمە برینی قووڵی جێ ژاری چزوو
حاشییەی زوڵفت لە شێعرا کەوتە ناو نەخشەی جیهان
بۆیە ژاکاو هەر چی دەیگوت عەکسی تۆی تیا نەخشەبوو

## لەبیرم ناچێ



بۆکان. ڕێ زان

لەبیرم ناچێ پاییزێکی پڕ لە بزەی لێو ، خەملاو بە کۆشێک گوڵی سوور و گەشی ئاواتی خۆشەویستی، چرۆی دار و لێوەی زەوی، شکۆفەی گوڵ و گوڵزاری باغی هیوا ، یەکڕەنگبوونی گشت ڕەنگەکان بە درێژایی چەندین ساڵەی ئاواتە داپۆشراوەکان،

داخی داخانم

زۆر درەنگ هات بۆ درەنگ هات؟!!

لەبیرم ناچێ

شەبەنگی ئەستێرە و مانگ بە درەوشاوەیی حەز و خولیا، چاو لە ڕووگەی ئاواتی شاری دڵان و چەندین ساڵە و گەشەی ڕوحی چاوەڕوانی، لە ڕەزبەرێکی خاکەلێوەیدا لە چاوەکانی گەش و ڕەش و ڕوونی باوەڕی شاعیرانەمدا خۆی خستە ژووری سارد و سڕی شەختەی بێهیوایی بوخچەی ئاواتەکان.

لەبیرم ناچێ

تاریکەشەوێکی ئەنگووستەچاوی بێ باوەڕیم لەگەڵ تیشکی خۆری ڕەزبەر ئاوێتە و ئاوێزان بوو، سوێندی خۆشەویستیان لە سەر شانی هەمیشە بەهارێکی یەکتر لە نێو غەزەلی دڵداری سەربەخۆێدا لێواولێو واژۆ دەکرد و دەنووسی.

لەبیرم ناچێ

ئاواتێکی تازە هەنگاوەکانی کوێرەوەری پڕ لە تاسە وەک شنەبای پاییز لێدوانی لەگەڵ لەش و جەستەی خەستە و ویرەویری ڕووح و باخی ئاواتم دەکرد.

لەبیرم ناچێ

دارستانێک و باغێک و بەهەشت و ڕووبارێکی شەراب و دیوانە شێعرێک لە ڕوحی هەستی پەراوێزم داهەڵگیرسا.
بەهارێکی پڕ لە بارانی خۆشەویستی و عەشق و ئەوین لە ڕۆچنەی وەتاغی بەرەبەیانی هیواکانەوە دەرکی کرایەوە.

لەبیرم ناچێ

کوتم پێت ، باڵ و پەڕ لێدان بەستن و قرتانی بە دواوەیە،
شەکەتی خەیاڵ و شلک و لاوازی ئەقڵیەتیان خۆشەویستی دەتارێنن، ئەوانە دنەدراوی نان و قووتی زگ و دۆستی ڕق و قینن تاریکەستانی ئەنگووستە چاون ویشک و قاقڕی دڵانی ویشکەرۆن.
ئاخ بۆ بارانێکی بە خوڕ یا نمەبارانێکی هێور هێور بۆ ژیانەوە و بووژانەوەیەک و سەرهەڵدانێک و هەڵدانەوەیەک،

کوا پێشەوایەک؟

کوا سوارچاکێکی چاو نەترسی بە ئەزموونی دەربازی مێژووی خۆشەویستی نیشتیمان و پارێزەری ئەو ئەوینە بێگەردە .

لە بیرم ناچێ

چرای دەستی خەمەکانی چەندین ساڵەی دەستی لاوازی بێ وازی بەرهەمەکانی خەباتی دڵەکان و ئاڵابەدەستی ئاواتەکانی دێر و پیت و وشەی دڵە تاساوەکان و کۆتری ئاسمانی دڵداری پێشەوای بە بڕشتی ئەو ئەوینە بووی.

لە بیرم ناچێ

داخی داخانم لە دوو دوازدەیدا واتە بیست و چوار کاتژمێر خۆفرۆشیان کردە دەستە چیلە و دیاری ئاواتی پیس و نگریسی خۆیان، گرێ و گۆڵ و کەندو گابەردێکی لە بیرنەکراوەی مێژویان هێنایە سەر ڕێگای عەشق و دڵداری و خۆشەویستی.

## داماوی شێر و پاشایەتی کەر

شنۆ. عومەر محەممەدی



جارێک سەردەمی وەرزی بەهار
سەگێک ڕێی کەوتە نێو لێرەوار
دیتی شێرێک خرپ خەوتووە
بەمفتەو زۆری زۆری خواردووە
گوتی با مەعتەل نەبم نەوەستم
ئەوە دەرفەتە بادەستی ببەستم
سەگە بەخێرایی و دەست و برد
گرێی لە قاچی شێر ئاغاوتند کرد
بەکەیفی خۆیی تێر گەڕا خواردی
هەرچی بەرماوەی شێرە بووبردی
شێر لەش سووک بوو هەستاوە
دیتی ئەوە زۆر پیسی لێقەوماوە
گوتی ئای شابووم و ئێستا دیلم
دەست بەستەمەو بێچارە زەلیلم
ڕێک لەو هەلەدا کەرێک پەیدابوو
لە حاڵی شێر سەری سوورمابوو
گوتی وەرە پێشێ هاوڕێی کەرم
مەترسێ ئێستا من دەسبەسەرم
زۆرم خوارد وگەلێ زۆرداریم کرد
ئاژەڵی ورد و هەژارم لە ناو برد
ئێستا بیر دەکەم کەچۆن داماوم
شێرم و هەر بەناو خاوەنی ناوم
ئەوەندە گەمژەو نەزان و کەربم
حەقی خۆمە کە محتاجی کەربم
کەرە خێرا لەو بەندە بمکە ڕزگار
ئەتکەم بەخاوەن مڵکی لێرەوار
تازە ڕووی نییە لێرەوەوە بەندە
لە مل کە ئاڵقەی زێڕی ئەوپەندە
سەگێ ببەستێ دەستی شێرێ
وا چاکە وڵات بە کەر بسپێرێ

سەردەشت. محەممەد عەلیزادە
"هێرش"



چەنێ گریام و تۆم هەر بیر نەچۆوە
شەوان دەتلێم بە دەم یادگاری تۆوە
دەزانی چەندە ئالوودەی خەمانم؟
لە ئەو ڕۆژەی بە دڵمت گوت بڕۆوە
لە خۆیی چاوڕوانیی خەنجەرم بوو
ئەتۆ خۆم بووی، چلۆن واتکرد لەخۆوە؟
دەسووتێم وا لە دووریێت و گوڵم تۆش
شەرابی خەستی فرمێسکم بخۆوە
دە با بڕژێ لە ڕێگەت خوێنی سوورم
فیدای تۆ بێ ئەزیزم بیکە جۆوە
دڵم تەنگە وەکوو ماڵی دڵی تۆ
کە جێی یادی منی تێدا نەبۆوە
ئەگەر مەیلی نەهاتن دیلی کردووی
لە من دەستت بە یەکجاری بشۆوە

مەریوان. شوان کوردستانی



قەنارەیەک لە دوورەوە
دەستی ناوە
بینی خامەم ،
چون بە ناوی نیشتمان
پڕ کراوە
هەموو گیانی
شێعر و نامەم ...!



## خەونەکانی ماجیدی تاقانە

سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی

چەند ساتێک بوو کارەبا بڕابوو، شار نوقمی تاریکە شەوەزەنگ بوو، زەنگی دەرگاکە لێیدا، ئەو شەوە بەتەنها لەماڵەوە بوو، هەستاو بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، دەستی دایە دەرگاکەو کردییەوە بەبێ ئەوەی بپرسێت کێیە، لەناکاو دوو تارمایی دەرکەوتن کە کڵاوێکی ڕەشین لەسەردا بوو تەواوی سیماشیانی داپۆشیبوو، جلەکانی بەریشیان ڕەش بوو لەناو ئەو تاریکیەدا تەنها تارماییەکت دەبینی، یەکیان پرسی تۆ ماجیدی لەگەڵ وتنی بەڵێ دا بەبێ ئەوەی فریای هیچ شتێک بکەوێت و هیچ کاردانەوەیەکی هەبێت، توورەکەیەکیان کرد بەسەریدا و فڕێیاندایە ناو سندووقی ئۆتۆمبیلەکەوە، بە چەند چرکەیەک لەبەرچاو ون بوون.

لە بەرەبەیانێکی تەمومژدا لەو چەمەدا کە کەوتبووە خوار کۆڵانەکەمانەوە، تەرمی ماجیدی تاقانە دۆزرایەوە، تەمەنی 22ساڵ بوو کە مرد، ئاسەواری لێدان و سووتان بەسەر تەرمەکەیەوە دەبینرا، ئەو گەنجە یاخی و سەرەڕۆیەی کە تەواوی خەڵکی گەڕەک و شاریش بەدەست کردەوە بەدەکانیەوە هەراسان بوون، گەنجێک کە بووە قوربانی دڵ ڕەقیەکانی ژیان، ئەوێک کە ژیانی وەک مەیدانی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوە دەبینیەوە، پێی وابوو ئەوە دڵ ڕەقی ئادەم بوو قابیلی کرد بە بکوژ، ئەوە بەربەریەتی باوکەکانن کە نەوەیەکی سەرچڵ و یاخی دروست دەکەن.

ئەم ژیانە جەنگەڵستانێکە بوونەوەرەکان بەردەوام لە جەنگدان، جەنگێکی دڵڕەقانە، لەپێناو مانەوەی خۆیاندا پێویستە بجەنگن، دەبێت سڵ لە کوشتنی هیچ کەسێک نەکەنەوە، ئەمە ئەو وتانەبوون کە زۆربەی کات لە ماجیدی تاقانە دەبیسترا، کەم کەس هەبوو ماجید بناسێت و ئەو وتانەی گوێ لێنەبووبێت، مەرگ تارماییەکی تۆقێنەر بوو لە جیهانی ماجیددا بەبەردەوامی دەردەکەوت، لەدوای کوشتنی دایکی ماجید لەلایەن ڕەزا کەر تۆقێنەوە بە تۆمەتی ناپاکی، ئەگەرچی تەواوی ئەو کەسانەی دایکی ماجیدیان دەناسی گەواهی پاکیزەییان بۆ دەدا، هۆکاری کوشتنەکەشیان دەگەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە ڕەزا کەر تۆقێن لە پیاوەتی کەوتووەو ترساوە لەوەی کە ژنەکەی لای هاوڕێکانی ئەو نهێنیە بدرکێنێت، بۆ ڕاستی قسەکانیشیان ئەوەیان بە بەڵگە دەهێنایەوە کە ڕەزا دوای کوشتنی ژنەکەی نەک ژنی نەهێنایەوە بەڵکو بیری لە ژن هێنانیش نەدەکردەوە، ڕەزا بۆیە نازناوی کەر تۆقێنی بەسەردا بڕابوو چوونکە هەموو ئەو کەرە بەرەڵایانەی لە دەوروبەری شار دەبینران دەیگرتن و هەر بە زیندوویی دەیسووتاندن، کاتێک خەڵک گازندەی دەکرد لەو کردەوە بەدانەی بە یارمەتی یاخی بووەکان تۆمەتباری دەکردن و ئەو کەرانەی بۆیە دەسووتاند گوایە یارمەتی دەرێکی باشن بۆ شۆڕشگێڕەکان، بەڵام هەندێک کەس لە هاوڕێکانی منداڵی ڕەزا ئەو رقەیان بۆ ئەوکاتە دەگەڕاندەوە کە ڕەزا لە تەمەنی شازدە حەڤدە ساڵیدا بووە خەریکی ماکەرێک بووە لەو کاتەدا نێرەکەرێک لە ماکەرەکە نزیک بۆتەوەو قەپێکی لە قاچی ڕەزا گرتووە، لەو ڕۆژەوە ڕەزا دەبێتە دوژمنێکی سەرسەختی کەرەکان و نازناوی ڕەزا کەرتۆقێنی بەسەردا دەبڕن.

دوای مردنی دایکی، ماجید خەونی بەوەوە دەبینی کە تەواوی بوونەوەرەکانی تریش وەک ئەم دایکیان لەدەست بدەن تا بزانن ژانی بێ دایکی چەند بەسوێیە، وەک جەنگاوەرێک هەمیشە ڕاهێنانی دەکرد لەسەر پەروەردەکردنی ناخێکی توڕەو دڵ ڕەق، لە دەرەوەی گەڕەک و لە قەراخ شار شوێنێکی ئامادەکردبوو بۆ مەشق و ڕاهێنان، سەگ و پشیلە بەرەڵاکانی دەگرت و لەو مەیدانەدا بە شێوازی جۆراوجۆر دەیکوشتن، ئەو بۆقانەی دەگرت کە لە چەمەکەی خوار گەڕەکەوە بوو دەیکردنە گوێنیەک و لە مەیدانی ڕاهێنانەکانیدا بەرەڵای دەکردن و تواناو لێهاتوویی خۆی لە بواری کوشتنیاندا تاقی دەکردەوە، دەیتوانی ڕاوی باڵندەکان بکات لە کاتی هەڵفڕینیشیاندا. دەستی ڕاست بوو وەلێ دەستیشی ڕەش بوو.

دەمەو چێشتەنگاو بوو، عەریف ڕەزا لە چایخانەکەی گەڕەک خەریکی چا خواردنەوە بوو، پاسکیل سوارێک کە بە پارچە قوماشێک دەموچاوی داپۆشی بوو لێی نزیک بووەوەو لە چەند چرکەیەکدا چەند گولەیەکی نا بەسەرییەوە، لە سەرییەوە خوێن فیچقەی کرد، کەوتە سەر زەوی و چاوە زەق و کراوەکانی ڕووەو ئاسمان دەیڕوانی، هیچ کەسێک نەیوێرا نزیکی ببێتەوە، ئەگەرچی پاسکیل سوارەکە دوای دوورکەوتنەوەی لە شوێنی ڕووداوەکە تیشێرتە ڕەشەکەی بەری فڕێداو تیشێرتێکی سپی کە لەژێر تیشێرتە ڕەشەکەوە پۆشی بووی دەرکەوت، ماسکەکەی فڕێ داو

خۆی کرد بە کۆڵانە پێچاو پێچەکانی گەڕەکدا ئەو کۆڵانانەی کە دەتوانیت بە ئاسانی خۆتی تیا ون کەیت و زۆر بە زەحمەت دەتوانن بوو دۆزنەوە.
دواین قروسکەی توتەڵە سەگێک بەدیار دایکە تۆپیوەکەیەوە، لەگەڵ دەنگی لرخە لرخی هەناسەو قوڵپە قوڵپی خوێنەکەی عەریف دا تێکەڵ بوون، بەر لەوەی چاوەکانی لەیەک بنێت و دواین هەناسەی ژیان لە گەروویدا بتاسێت خەیاڵ بردییەوە بۆ مەرگی وەنەوشەی کچی، لەناو پارکی بۆقەکاندا بەدەم پیاسەکردن و زەردەخەنەوە لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی خۆیدا لە کەشێکی تژی لە ئەویندارى و ڕۆمانسیەت چاویان لە چاوی یەکتری دەبڕی و دەستیان لە دەستی یەک نابوو،

دەنگێکی ناسازوو تووڕە هاواری کرد
وەنەوش ش ش شە کچی سەگ
وەنەوشە زانی ئەوە دەنگی ڕقاوی و ناسازی باوکێتی، لەگەڵ ئاوڕدانەوەیدا، چەند فیشەکێک سەرسنگ و ناوچەوانی پێکا، وەک دارئەرخەوانێکی بەهاری خوێن جل و بەرگەکەی سوور کرد، تیشێرتە سپی و پانتۆڵە کاوبۆیە شینەکەی بوو بە خوێن، سیمای گەشاوەی کە لە گوڵێکی گەشاوە دەچوو سیس و ژاکا، پرچە زەردەکەی کە لە پرشنگی خۆرهەتاو دەچوو لەناو خوێناودا سوور هەڵگەڕان، چاوە شینەکانی کە لە ئاسمانی شین و بێگەرد دەچوون خوێن دایپۆشین.
عەریف لەگەڵ کەوتنی وەنەوشە لەبەرچاو ون بوو کەس نەیزانی بەرەو کوێ ڕایکرد، لەناو جانتا خوێناوییەکەی وەنەوشەدا نامەیەکیان دۆزییەوە کە بۆ باوکی نووسیبوو
باوکە بمبوورە دەزانم زۆر توڕەیت و توڕەیت بەرچاوتی لێڵ کردووە، خوێن چاوتی سوورکردووە، دەزانم بەدەستی خۆت دایکم و ماجیدیشت کوشتووە تۆیەک تینووی خوێنیت و مەرگی کەسانیتر تینوێتیت دەشکێنن، ببوورە ئەو رق و تووڕەییەت ناتوانێت ببێتە دیوارێکی ئەستوور لەبەردەم خەونەکانما دەزانیت کاتێک لەزەتی ژیانت نەچەشتووە، ئیدی مردن چی واتایەکی هەیە، ئێمە کە تائێستا نەژیاوین، بۆچی دەبێت لە هاتنی مردن بسەڵمینەوەو بترسین، کاتێک ژیان دەبێتە خەون و سەرابێک بێهودەیە دڵ خۆش کردن بە شتێک کە نیمانەو ناشتوانین بەدەستی بهێنین، ئەمە بێهودەیی ژیانە، گەمژەییە بەبیانووی ئەوەی کە نابێت نائومێدبین، دڵ بە شتێک خۆش کەین کە مەحاڵە، ئەوانەی کە پێیان وایە تەنها مەحاڵ مەحاڵە خۆیان لە مەحاڵدا دەژین، زۆرکەس لە زەریای بێهودەییدا نقوم بوون و پەی بە خنکانی خۆیان نابەن، دێن و ئومێد بە من و تۆ دەبەخشنەوە، ئەوانەی هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێویانەو بەدەممانەوە پێدەکەنن لە لوتکەی خۆشبەختی و خۆشحاڵیدا نین، ئەوە ماسکێکی فریودەرانەیە بۆ جوان نمایش کردنی خۆیان و شاردنەوەی ژوورە تاریکەکانی ناخیان، لەگەڵ ئەوەشدا تا ترووسکاییەک لە بوونماندا هەبێت خەونی ڕەنگاو ڕەنگیش بوونی هەیە، هەرچەندە تارمایی ڕەشی مردن هەمیشە بە دوامانەوەیە، بەڵام لە هەوڵی بەدیهێنانی خەونەکانماندابن، دەزانم رۆژێک دێیت و دەستی تینوو بە خوێنت دەنێیتە بینم دەزانم تۆ تینوێتیت بە خوێن دەشکێت.
دەنگی قروسکەی سەگەکان دەمگەڕێنێتەوە دنیای دەورووبەروو چیتر ناتوانم درێژە بە نووسینی ئەو چیرۆکە بدەم، چەند تووتکە سەگێک لە تەنیشت دەرگای زانکۆوە دەژین، چەند رۆژێک لەوەو بەر دایکیان بە گولەی کەسێک کوژرا کە ویستبووی لەوە دڵنیا ببێتەوە کە دەتوانێت بەباشی نیشانە بپێکێت، ئەساور کە یەکێک بوو لە قوتابیەکانی زانکۆ بە قاپێک شیرەوە بەرەو لای سەگەکان دەچێت و لەبەردەم تووتەڵە سەگەکاندا دایدەنێت، چەند وێنەیەکیان دەگرێت و دەست بە سەروو شان و ملیاندا دەهێنێت، رووم تێدەکات و دەڵێت بڕوانە براکانم چەند جوانن کوا براکانت
هێما بۆ سەگەکان دەکات و دەڵێت ئەوە براکانمن، ئێمە حەوت خوشکین برامان نییە، ئەوانەم کردووە بە برای خۆم، ئەی ناڵێن سەگ بەوەفان.
سەگەکان هاتن و بە کلک بادانەوە خۆیان لە ئەساور هەڵدەسوو، لەبەر خۆیەوە دەیوت، برایەکی چەند بەوەفان.
ماوەیەکی زۆر بوو تەرمی عەریف ڕەزا لە پزیشکی دادوەری دانرابوو کەس نەبوو تەرمەکەی وەرگرێتەوە، شارەوانی تەرمەکەی بەخاک سپارد.



# دیـاری ساڵی نـوێ

بەشی ١

نووسەر :ویلیام سیـــدنی پۆرتێر



وەرگێڕ : حمێـــرا

یەک دۆلار و هەشتاوحەوت سێنت ،هەموو پارەکەی ئەمەندە بوو ،کە شەست سێنتی سککەی یەک سێنتی بوو ؛ ئەو سککانەی کە بە درێژایی زەمان ، یەک سێنت و دوو سێنت لە دەستکەوتی دەمەقاڵە کردن لەگەڵ دوکاندار و سەوزی فرۆش و قەسسابدا کۆی کردبووەوە.

ئەو سککانەی کە بە خۆڕاگری لە بەرامبەر تانە و تەشەری فرۆشیارەکان کە بە پیسکەیی و ڕەزیلی تاوانباریان دەکرد ،کۆی کرد بوونەوە و هەموو ئەو تاڵیانەی بە دڵ و گیان چێژتبوو ،بەوهیوایەی کە بتوانێ لە کۆتایی ساڵدا کەمێک پارە بۆ خۆی پاشەکەوت کات.

جارێکی تر بە سەرنجەوە پارەکانی بژارد ،هەڵەی نەکردبوو ،هەر ئەو هەشتاوحەوت سێنتە بوو.

پارەیەکی کەم بوو ،لەوە ناچێ بەو برە پارەیە بتوانێ شتێکی جوان بکڕێ ،شتێک کە وەکوو دیاریەکی بایەخدار وابێ ،بەیانیش ڕۆژی جێژنی کریسمەس بوو.

"دڵا " ژنێکی لاو ،ڕەنگ پەڕیو ،خەمبار و دڵشکاو ،سەری بەرز کردەوە ،چی بکا؟

چارەیەکی بەدی نەدەکرد ،خۆی فڕێ دایە سەر قەنەپە کۆنەکە و تێر تێر گریا...

بەڕاستی کە ژیان شتێک جگە لە شیوەن و گریان و ناکامی نییە ،زۆر بە کەمی بزەیەک لە ناویاندا بەدی دەکرێ ،ئەگەریش بێ هێندە کورتە بەوێنەی ئاونگی بەیانییەکی بەهاری...

١

"دڵا " بۆ چارەنووسی ڕەشی خۆی دەگریا.ماڵەکەی خانوویەکی چکۆلە بوو ،کە حەوتەی هەشت دۆلاری کرێ خانوو دەدا.

هەر تازە هاتوویک لە یەکەم نیگادا ،دەیزانی کە ئێرە ماڵی خێزانێکی فەقیر و هەژارە.

هەر سووچێک و هەر یەک لە کەلوپەلی ناو ماڵەکە ،چیرۆکی ئەو هەژاری و دەست تەنگییەیان دەگێڕایەوە.

هۆدەی خوارەوە ،وەکوو دالانێکی چکۆلە وابوو ،وێنەی سندووقێکی پۆست کە هیچ کاتێ نامەیەکی تێنەدەخرا.

ماڵێک بوو کە قەت پەنجەی کەس ،زەنگی درگاکەی لێ نەدابوو.

لە تەنیشت زەنگەکەدا ،کارتێک لە سەری نووسرابوو " جیمز - دیلینگهام - یانگ " ساڵانێک بەر لە ئێستا کرێ گرتەی ئەم ماڵە،ژن و پیاوێکی لاو بوون.

کە خۆری بەخت کەم تا کورتێک بە ڕوویاندا هەڵ دەهات ،چونکە ئەو کاتە پیاوەکە دەوروبەری سی دۆلار لە حەوتەدا مووچەی وەردەگرت و تا ڕادەیەک ژیانیان باش دەسووڕا.

ڕووداو گەلێک پێش هات کە مووچەی حەوتانەی ،بیست دۆلاری لێ کەم بووەوە و هەر ئەم شتەش بوو بە هۆی ئەوەی کە بنەمای ژیانیان تێک چێ دێوەزمەی نەبوونی هەڵی کردە سەریان هێمنی و ئارامی ژیانی لێ شێواندن.

لەو کاتە بە دواوە تەنانەت بە سەر کارتی ناوەکەشی پەردەیەکی ڕەش و مات کشابوو بۆ ئەوەی لە دووروەوە دان بە بێکەسی و نەداری خاوەنەکەیدا بێنێ.

وێڕای ئەوەش پیاوەکە ،هەر کاتێ پێی دەخستە حەوشەی کلێس بووی ماڵەکەی خێزانی بە ڕوویێکی خۆشەوە بەرەو پیری دەچوو و بە ناوی "جیم "بانگی دەکرد و دڵە خەمبارەکەی بە بزە گەش و هیوابەخشەکانی ڕوون دەکردەوە.

٢

ژنە جوانکەڵە دڵشکاوەکە ،فرمێسکەکانی سڕیەوە؛هەستاو و بەسەرسووڕمانەوە لە هۆدەکەدا چەن هەنگاوی هەڵێنا.

ڕوخسارە بێ ڕۆحەکەی بە سووراوسپیاوێکی کەم هێنایەوە سەرخۆ.ئەوجار چووە لێواری پەنجەرەکەو بە دڵێکی تەنگەوە تماشای حەوشەی کرد. پشیلەیەکی ڕەنگ بۆر بە سەر لێواری حەوشەکەدا ئەڕۆیشت.

بیرکردنەوە لە بەیانی ، بۆ ساتێکیش لە کۆڵی نەدەبووەوە.بەیانی جێژنی کریسمەس بوو.

ئەو دەیهەویست بۆ خۆشحاڵ کردنی شووەکەی دیارییێکی پێ بدا ،هەر چەن ئەو دیاریە چکۆلە و کەمیش بێ.

لە حاڵێکدا کۆی پاشەکەوتی خۆی زیاتر لە دۆلارێک و هەشتاوحەوت سێنت نەبوو.

چەند مانگ بە هیوای ئەم ڕۆژە ،یەک سێنت یەک سێنت و دوو سێنت لە سەر بیست دۆلاری دەستکەوتی حەوتانە پاشکەوتی کردبوو.

ئێستاش ئەوەی بە دەستی هێنا بوو لەم برە پارە کەمە تێنەدەپەڕی.

بیست دۆلار مووچەی حەوتانە و خەرج و مەخاریجی قورسی ژیان ،ئیتر جێیەکی بۆ پاشکەوت کردن نەدەهێشتەوە.
جگە لەوەش نرخی خواردەمەنی و جلوبەرگ زۆر زیاتر لەوە بوو کە ئەو حیسابی دەکرد.
ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵێک دەیویست دیاریەک وەکوو هێمای وەفاداری و دڵۆڤانی خۆی بەرانبەر هاوسەرەکەی بکڕێ.
ئەو چەن حەوتە لەمەوبەر نزیک بوونەوەی کریسمەسی هەست پێکردبوو و ڕۆژانێکی زۆریش بوو بیری لێ دەکردەوە کە چی بکڕێ بۆ "جیمی " ئازیزی.
شتێک کە هەم هێزی پێ بشکێ وهەم شایانی مەزنی و گەورەیی مێردەکەی بێ.
لە حاڵێکدا دەستکەوتی چەن مانگ ڕەنج و تێکۆشانی خۆی جگە لە یەک دۆلار و هەشتا و حەوت سێنت نەبوو.

٣

لە ناکاو لە بەرامبەر ئاوێنەیەکی زەرهەڵگەڕاو لە مابەینی دوو پەنجەرەکەدا ،ویستا ولە خۆی ڕوانی.
ڕوخسارێکی ناسک و جوانی دی ،کە دووچاوی گەش دەبریسکانەوە ،خەرمانێک قژی زەرد بە دەوریدا.
ماوەیەک بە خەمباری و تێفکرینەوە لێی ڕوانی.ئەوکاتە دەستی برد وقژەکانی کردەوە ولە ساتێکدا تاڤگەیەک کەزی زەرد بەسەر شان و باسکیدا ڕژا.
لەو بنەماڵە نەدارەدا و لە ناو خێزانی ئەو بنەماڵەدا ،تەنیا دوو شت بۆ خاوەنەکانیان بایەخ و شانازییێکی زۆری بۆ پێک هێنا بوون.
یەکێکیان کاتژمێرە زێڕینەکەی "جیم" بوو کە لە بابەگەورەیەوە پێی گەیشتبوو و تەنیا سەروەتی ئەو بنەماڵە بوو ئەویتریشیان کەزیە دڵڕفێن و دڵاوێنەکانی دڵا" بوو ،کە ئەگەر شاژنی "سەبا " بەو هەموو سەروەت و سامان و ناوبانگەوە لەو دەور و بەرە بووایە و "دڵا" هەموو ڕۆژێک بەیانی بە ئانقەست و بۆ ئەوەی بایەخی زێڕ و گەوهەرەکانی شاژن بشکێنێ ، هەر ئەوەندەی بەس بوو پرچەکانی لە پەنجەرەوە بەرداتەوە و بیداتە دەست شنەی گیان بەخشی بەیانی.
هەر وەها "جیم" بە ڕادەیەک شانازی بە تەنیا یادگاری بایەخداری بنەماڵەکەیەوە دەکرد ،کە ئەگەر حەزرەتی سلێمان بە هەموو زێڕ و زیوەری بێ ئەندازەی لە دراوسێیەتیانەوە ماڵی دەگرت ،هەموو ڕۆژێک بە ئانقەست ،کاتژمێرە تەلاکەی بەبەرچاویەوە ،لە گیرفانی دەر دێنا و لە ئەنجامدا سلێمانی دارا لە داخ و مەراقی خۆی شێت دەبوو.

٤

ژنە جوانکەلەکە بێ جووڵە لە بەرامبەر ئاوێنەدا ڕاوەستا بوو و چاوی لە سەر ئەو تاڤگە ڕووناکە هەڵ نەدەگرت.تاڵە زێڕینەکانی ئەوەندە درێژ و پڕ بوون ،دەگەیشتنە سەر ئەژنۆکانی و ببوونە پۆشەنێک بە بەژنی نەرمونۆڵ و هەست بزوێنی.
دیار نەبوو ئەم واق سەرسووڕمان و حەپەساوییە چەندی خایاند.گەلێ بیری جۆراوجۆر بە خەیاڵیدا تێپەڕین و بۆرانێکی بە سام دڵی دەهەژاند.
لە ئاکامدا بیرێ بە مێشکیدا هات .
بیرۆکەکە وەکوو سکێ لە زەینیدا بریسکایەوە و دنیای تاریکی دەور وبەری ڕوون کردەوە.
بەڵام لە خوڵقانی ئەو خەیاڵە لە پڕدا دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرم و سووتێنەر لە چاوەکانی هاتە خوار و کەوتە سەر ڕوومەتی قالییە کۆنەکەی هۆدەکە.
ئەو بیرۆکەیە ،ئەو ئەندێشە کورت و چرکەییە ئەگەرچی زۆر تاڵ و پڕ خەم بوو ،بەڵام کێشەی ئەوی چارەسەر دەکرد و دەیگەیاند بە ئاواتە چکۆلەکەی.
ئیتر خۆخافڵان ودرەنگ خستنی نەدەویست.پاڵتە کۆنەکەی لەبەر کرد و کڵاوە کۆنەکەی لە سەرنا و بە خێرایی بە پلیکانەکاندا هاتە خوارێ و ڕۆیشت بەرەو کۆڵان.
هەر بەو خێراییەش ڕێگای بڕی تا گەیشتە بەردەم ئەو دووکانەی کە تابلۆیەکی لە سەر بوو ،تێیدا نووسرابوو"خاتوون سۆفرنی، فرۆشیاری قژی دەست کرد "
بە خێرایی چووە دووکانەکەوە.ژنێکی قڵەو و گەراوە لەوێ ویستا بوو.یەک دوو چرکە بە سەر سوڕمانەوە لێی ڕووانی.
دوایی بە دەنگێکی نزمەوە لێی پرسی :" خاتوون قژەکانم دەکڕی؟"
خاتوون واقی ورما و تماشای کەزیەکانی تازەهاتووی کرد و جوابی دایەوە" کاری من کڕین و فرۆشتنی قژە " کڵاوەکەت لابە ،با جوانتر بیانبینم.

٥

دڵا" بە دەستی لەرزۆکەوە ،کڵاوەکەی لابرد ،شەپۆلی زێڕینی زوڵفی بە سەر شانیدا ڕژا ،بە دوای ئەوەدا بروسکەی شادی لە چاوی تاساوی کڕیاردا دەروشایەوە!
هاتە پێشەوە و چەن جار تاڵی قژەکانی بە سەر پەنجەی ئەم بەرو ئەوبەر کرد و وتی : " بە بیست دۆلار دەیانکڕم!"
ژنی گەنج خێرا وتی : تکا دەکەم زووتر پارەکەیم پێ بدە!

یەک ،دوو کاتژمێر وەکوو "با" تێپەڕی.لەم کاتەدا "دلا" لە دوای گەڕان و هەوڵی زۆر لە بەرامبەر دوکانێک وێستا کە دەیتوانی دیارییەی بە دڵێتی لەوێ بۆ هاوسەرەکەی بکڕێ. لە کۆتاییدا ئەو شتەی کە لە دنیای خولیاکانی بۆی دەگەڕا ،دۆزیەوە.بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەی دیارییەک ڕێک و پێکتر لەوە پەیا نەدەبوو.

ئەو هەموو دووکان گەڕا بوو ،تا لە ئەنجامدا ئەو شتەی کە بە دڵی بوو دۆزیبوویەوە.

زنجیرێکی سانا و جوان ،کە بە دەستی وەستایەکی کارامە لە زێڕی سپی ساز کرابوو شایانی ئەو کاتژمێرە کە مێردەکەی هێندە لە بەر دڵیا شیرین بوو.ئەوەندە ورد وناسک و دڵڕفێن بوو ،کە "دلا" بە نیگایەک دڵی لێی چوو و زانی لەوە باشتر ناتوانێ دیارییەک پەیا کا.

تەنانەت سانایی و وردیەکەی لە کەسایەتی و پایەبەرزی شووەکەی دەهاتەوە.

بەختەوەرانە نرخەکەشی زۆر بەرز نەبوو ،بە ڕادەی ئەو برە پارەیە بوو کە "دلا "پێی بوو ،بیست و یەک دۆلار.

هەشتا و حەوت سێنتەکەشی بۆ دەمایەوە.

کاتێ زنجیرەکەی خستە دەستیەوە ودەچوو بەرەو ماڵ ؛تەواوی کات بیری لەوە دەکردەوە کە بێگومان مێردەکەی بە بینینی زۆر خۆشحاڵ دەبێ و کاتژمێرەکەی زیاتر لە جاران خۆش تر دەوێ.

٦

هاتەوە ماڵ و بە خێرایی چووە سەرەوە ،هەر چەن سەرمەستی بادەی شادی و غروور ببوو بەڵام بیری کردەوە کە واباشترە قژە کورت کراوەکانی برازێنێتەوە تا لەبەر چاوی شووەکەی زۆر نائاسایی و ناشرین نەیەتە بەر چاو.

ئامێرە ئاسنینی قژلوولکەری خستە ئاورەکەوە تا سوور بێتەوە ،بە زەحمەتێکی زۆر پرچە کوڵ کراوەکانی لوول کرد.ئێستا تۆزێک باشتر بوو ،هەر چەن وەکوو کوڕانی قوتابخانە دەهاتە بەر چاو. کاتێ بە سەرنجەوە ڕووانیە ئاوێنەکەوە ،لە بەر خۆیەوە وتی : خوایە لە بەر چاوی" جیم" ناشرین نەبم ،گەر ڕوواڵەتی من پەسەند نەکا ئەو کاتە چی بکەم.

ئەگەر خستمیە ژێر هێرشی لۆمەوە کە وەکوو کچانی گۆرانیبێژی دورگەی "کانی ئایلەند " ی ،ئەو کاتە چی وڵام بدەمەوە! دیسانەوە چووەوە ناو داڵغە و ئاڵۆزی هزر.شوێن پەنجەی پەشیمانی و ناکامی لە ڕوخساری بێ ڕۆحیدا دەبینرا.

لە بەر خۆیەوە وتی : بەڵام لەمە زیاتر هیچم لە دەست نەدەهات ،بە یەک دۆلار و هەشتا و حەوت سێنت نەدەکرا شتێک بکڕم!

ڕۆژ ئاوا بوو و تاریکی باڵی کێشا بە سەر زەویدا."دلا" وەکوو عادەتی هەمیشەی ،هەوڵ قاوەی درووست کرد ،دوایی تاوەی خستە سەر ئاورگەکە تا شێو درووست کا.

هەر چرکەیەک چاوەڕوانی مابوو درگا وەکرێ و جیم بێتە ژوورێ.چەن جاری تر بە دڵەتەپە و نیگەرانیەوە ،لە ئاوێنەکەدا تماشای خۆی کرد.

دوایی زنجیرە ناسک و وردەکەی کە ئەو هەمووە بە دوایدا گەڕابوو و بۆ کڕینی خەفەتی خواردبوو خستیە سەر دەستی و لێی ڕوانی.

هەر لەم کاتەدا دەنگی کرانەوەی درگای دەرەوە هاتە گوێی.جیم وەکوو هەمیشە لە سەرەوەختدا هاتەوە ماڵ.

لە هەموو ئەو ماوەیەی کە لە گەڵ "دلا" زەماوەندی کردبوو هیچ کات درەنگ نەهاتبووەوە.

دەنگی پێی لە داڵانەکە دەنگی دەدایەوە ،قەلبی "دلا" کەوتبووە دڵە کوتەیەکی زۆر.

ژنە جوانکیلەکە عادەتی وابوو ،هەموو کاتێ لە گەڵ خوای خۆی ڕاز و نیازی دەکرد و داوای یارمەتی لێ دەکرد بۆ سەرکەوتن لە کارەکانیدا ئێستاش لە پڕدا سەری بەرز کردەوە و لە ژێر لێویەوە ورتەورتی کرد

خوایە کارێک مەکە کە "جیم" ڕقی لێم بێت خوا لوتف و گەورەیی خۆتم لێ دوور مەخەوە و یارمەتیم بدە کە دیسانەوە لە بەر چاویدا جوان بم

درێژەی ئەم چیرۆکە لە ژمارەی داهاتوودا



## زیندە خەونێک

مەهاباد. گەلاوێژ بەیگ نیا"
خاتوونی خۆر"

خاک سەرەتای غوربەتێک
تا نووقمی ئایەتێکی ژەهراوی
شەر سیخۆڕێکی ترسنۆک بەکاتی چرۆ........
. بەختی سیام تەیار تەیار
بەڵگەی غریبیمە لەوڵاتی خۆم
رۆمانێک لەخەوی بەفر.....تەبعید
تا جوانەمەرگیم چەن مێژووبێ منێک لەتۆ دایەخسیر
خاتوونەکەم ......
لەوەتا لەدایک بووم لە تارمایی خۆم دەگەڕێم..
شاخەوانی پێلاوەکانم ناقۆلا
بەدوای تەرمێکا ئەزریکێنن
چەن شایستەی ئەم وێنەیەم .....
پێخواس سێبەرێکی سەماکردوو
خۆشەویستم
مۆمەکانی ئەم وڵاتە خاچ بەکۆل وبزمارکوت دەزیندەخەونەکانی شاری
لادەر دەبنە مەسیحی پەیامبەروو...
شەهید نەفرەتی سەدان ساڵەی گرەوی خاک دەباتەوە.....
نگارکێشێکی سەرکەشم
رامگوێزن بۆ وەرزی رووانەوەم
منێک تا بەزەیی...... تۆێک تا مردن
ئازیزەکەم......
هەموورۆژێ لەسەر دەستی خوا دەبمەکافر پرلە خۆشەویستییەکی بلح
تا تاقەتی بێ تاقەتیم پەنگ دەخۆمەوە زەرد....
. سلم ناکا پاییز .......
ماندوو رۆح پرووکاو....تاکۆتایی ریبەندانێک
خاتوونەکەم
چەن دێر ئەولاتری رۆژنامەکان
جیهان چەن کاڵفامانە لێم دەڕوانێ
لەسۆنگەی ئەمنیگایەدا هەنسکەخنکاوەکانی کچێک لەدایک دەبێ
دەنێو نوستالۆژی خەونێکی ئەرغەوانی زەرد ونارنجی
هەناسەکەم
تراژدی مەرگی گوڵەکانی کراسی
دایکم لەمەرگە ساتی هەوەسی ئەم جوغرافیایە تا وڵاتی ئیبراهیم
بەجێماوە
لەم گۆڕەپانە باجی شەهادەت زۆر بلحانە رادەمۆسێ روخساری دایکم
تاوانم تەنیا خۆمم و هاتنەژوور قەدەغەیە بۆ وڵاتێک کە خۆکوژی
باوە.....
مێژوویک خووساوی شەرافەتێک
پرلەبۆنی دڕن وغەریبی دەگەرمی هەوسێکدا رادەچلەکێ
ئەزیزەکەم
سیس بەخۆمەوە دەڕوانم
یاخی ......
تەنیا فیشەکێک دەم مێژوودا بۆ دوژمنان و نۆش بۆ خائینان..



## شاری ئاگر

مەهاباد.
جەعفەرمەعرووف(ژیار)

بوو بە ئاگر ئەودڵەی من هەر لەبۆ گەرمیانی تۆ
جەستەشم سووتا بەگڕکان ئاگری دەستانی تۆ

وا بەرەو وەرزی بەهارە وخاکە لێوەی شاری دڵ
ئاخ لە وەرزی پرلە ئێش وئاخ لەبەر قەیرانی تۆ

ئاسمانت ڕەش بوون وەک هەورەکەی بەختی دڵم
کەی دەگاتە ئەوپەری ژین ئەودڵەی پڕژانی تۆ؟

چوارچرا هیچ، سەدچراش هەڵکەی لەبۆ دەردی دڵم
زۆر لەمێژە تارەکات و، ساتی ڕێبەندانی تۆ

هەرهەموو شاری وەتەن ئاواتە خوازی یەک هەلن
تاکوو دیسان هەڵ کرێ ئەوشەوچرای دیوانی تۆ

بوونە جەستەی شاری ئاگر وا لەتشقی ئاسمان
سەد شەهیدی خاک وئاو ونەغمەیی لاوانی تۆ

دەردی بن دەستی لەناخم پنج ئەخوات وینگ ئەبێ
ئاوی گۆمی مەندی دەریای ئەوگەلەی هەرمانی تۆ

دڵنیام ڕۆژی لەتەپڵی مەرگی دوژمن هەر ئەدەین
سەد"ژیار"هەر بێ بە فیدای خاکی زێڕ و جوانی تۆ

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## پاژ له گشت



ستیڤ تۆلتز

وەرگێڕ:بێهزاد ساوانا

هەرگیز گوێت لێ نابێت وەرزشوانێ لە ڕووداوێکی دڵتەزێن هەستی بۆنکردنی خوێ لەدەست بات،ئەگەر گەردوون بڕیاری ئەوە بدات وانەیەکی ئازاربەخشمان پێبڵێتەوە کە هەڵبەت

ئەم وانەیەش بەکەلکی ژیانی داهاتوومان نایات وەکوو ڕۆژ ڕوونە کە وەرزشوان ئە بێ قاچی لە دەستدا،فەیلەسووف مێشکی،نیگارکێشی چاوی،ئاوازدانەری گوێ و شێفی زمانی،وانەکەم؟ئازادیم لە دەستدا؟منیش بووم بە زیندانییەکی سەیر و سەمەرە بەزۆرترین سزاوە،جگە لەوەی پێی ڕاهاتووم،هیچ لە گیرفانم نەبێت و وەک سەگێک مامەڵەم لەگەڵ بکرێت کە پەرستگایەکی پیرۆزی تووش کردووە،بێبەهابوو دەتوانم مامەڵە لەگەڵ دڵرەقی و گەرمیخنکاندنی بەپەرۆشانەی پاسەوانەکان بکەم.(دیارە ساردکەر بەگومانێ کەکۆمەڵگا لە سزادان هەیانە ناکۆکە،وادیارە ئەگەر توزی هەستی فینکایەتی بکەین ئێمە لە ژێرباری گرانی سزاکەمان دەرچووین)،بەڵام چی بکەم بۆ کوشتنی کات؟ئاشق بوون؟پاسەوانێکی ئافرەت هەیە کە چاوی سەرسوڕماوی بێ جیاوازیەکەی دڵرازە،بەڵام من لەسەربابەتی ژنان،بەتەواوی تەوەزلم و هەمیشە وڵامی نە وەردەگرم .

تەواوی ڕۆژ بخەوم؟هەر ئەوەندەی چاوم لە سەرچاو دانا،ڕوومەتی هەڕەشاوی کەسی کەتەواوی ژیانم وەکوو دۆڵپا بەشوێنیمەوە بووە ئاشکرادەبی.پێموایە دوای هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویانداوە من بەم ئەنجامەم کە حەیفی ئەو تۆخە لەمێشک کە بیرەکان لەسەری نەخشێنراوە.هی شتێک لێرە نیە کەهەستەکانی مرۆڤ لە ناودەرونێکی کارەساتبار بخاتە دەرەوە و سەرقاڵت بکات،لەڕاستیدا،بەس نییە،ناتوانم بیرەوە ریەکانم بە دار پاڵپێوەنیم.

تەنیا شتێک کە دەمێنیتەوە شێتبوونە ئەوە کێشە نییە لە شانۆیەک کە هەموو شەوێک ئەپۆکالیپسی هەیە.شەوی ڕابردوو شانۆیەکی پڕ لە ئەستێرە نمایشکرا،نزیک بوو خەوم لێکەوت کە بیناکە دەستی کرد بەلەرزین و سەدان دەنگی تورە لە دوایدا پێکەوە لەرزین.هەستام،ئاژاوەیەک!یا باشتر بڵێم شۆڕشێکی بێبەرنامەی دیکە. هێشتا دوو خولەک تێنەپەرابوو کە دەرگای سیللوولەکەم بە شەق کرایەوە و دڕندەیەک هاتە ژوورەوە.

زەردەخەنەکەی بە تەواوی ڕازاندەوەبوو وتی : ((دۆشەکەی‌خۆتم‌بەرە.))

پرسیم :((بۆچی؟))

بەشانازییەوە وتی:((خەریکین تەواوی دۆشەکەکان ئاورتێ‌بە رئەدەین))ودووپەنجەگەورەی خۆی بە جۆرێک بەرزکردەوە وەک ئەوەوایە ئەم ئاماژەکردنە گەوهەرێکە بەسەرتاجی دەستکەوتەکانی مرۆڤەوە

((ئەی‌من‌لەسەرچی‌بخەوم؟لەسەرزەوی؟))

شانی هەڵتەکاندو دەستی پێکرد بەقسەکردن بەزمانێک کەیەک کەلیمەشی تێنەگەیشتم.وەرەمی سەیروسەمەر لە سەرملی بوو،ئاشکرابوو کە شتی ترسناک لە ژێر پێستیدادەڕۆیشتن.هەموو خەڵکی ئێرە لە بارودۆخێکی خراپدان‌وکوڵۆلیەکان وەک چەسپ پێیانچەسپاوە و جەستەیان لەناوچووە.ئەم بەڵایە بە سەر خۆشم هاتبوو،دەموچاوم کشمیش بوو لەشم مەی.

بە دەست زیندانیم دەرکرد و گوێم لە دەنگە بەردەوامەکانی ئاژاوەی جەماوەر گرت . لەم کاتەیە بوو کە زانیم دەتوانم کات بەسەر بەرم بۆ نووسینی چیرۆکی ژیانم . بێ گومان دەبێت لە پشت دەرگاکەوە هە ڵتروشکامایە و بە دزیەوە بە خێرایی و بە خراپی بنووسم

تەنها لە شەودا، پاشان دەبوایە کاغەزەکان لە نێوان تەوالێتەکە و دیوارەکە دابنێم و دوعام دەکرد کە پاسەوانەکان لەو جۆرە کەسانە نەبن کە بە سینەخشێ هەموو کونەکان دەگەڕێن . کاتێک ئاژاوە کە کۆژاوە بڕیاری خوم دابوو .

لەسەر جێگاکەم دانیشتم و تیشکی دۆشکە سووتاوەکان کە ڕارەوەکەی ڕووناک کردبوو هیپنۆتیسمی کردم بە لام دوو زیندانی هاتنە ناو سیللوولەکەم و خەویان تێک دام ئەوان وا سەیری منیان دەکرد دە ڵێ لە شاخ وچیا دە ڕۆانن.

ئەوەی باڵابەرزتر بوو هەر وەک ئەوەی دوا خوماریەکی سێ ساڵە تازە لە خەو هستابێت نەڕاندی : ((تۆ ئەو کەسەی ڕازی نەبوو دۆشکەی بداتێ؟))

وتم : بە لێ

لەسەر ڕێگاکە لاچۆ...
بە نارەزایەوە وتم : ((ویستم هەر ئێستا بخەوم )) هەردووکیان قاقایێکی ناڕاحەتیان لێدا کە بە دەنگەکەی بیری دراندنی شەرواڵی جین کەوتمەوە . ئەوەی باڵا بە رزتر بوو پاڵی پێوە نام و دۆشکەکەی لەسەر جێگاکەم ڕاکێشا ئە وە ی تریش وەک سەهولێک کە چاوەڕوانی تەوانەوەیە گۆشەیەک وێستا و سەیری کرد هەندێک شت هەیە کە من دەمەوێت ملی خۆمی بۆ بکەم بەڵام دۆشکەیەکی دڕاو بە دڵنیایەوە بەشێک نییە لەوان
کاتێک هەریەکە لایەکی دۆشکەکانی هە ڵگرت لە کەناری دەرگاکە دا وێیستان

زیندانی کە کورتتر بوو پرسی ((تۆ نایی ؟ ))
((بۆچی بێم؟ ))
وتی: (( ئەمە دۆشەکەی تۆیە . مافی خۆتە کە ئاگری تێبەربە ی ))
ئاهم هەڵدا. ئامان لە ئادەم و بنەماکانی ! تەنانەت لە دۆزەخێکی بێ یاسادا دەبی بۆ خۆی شەرف دانێ . هەموو هەوڵی خۆی دەدات بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان خۆی و باقی بوونەوەرەکان دروست بکات .
((نامەوێ! ))
بە پەرۆشەوە وتی : (( هەر چۆنێ پێت خۆشە ))
بە زمانە بێگانە، شتێک لە گوێ هاوڕێکەی چرپاند و بە پێکەنین چوونە دەرەوە .
هەمیشە شتێک لێرەیە ، ئەگەر ئاژاوە نەبێ کەسێک دەیەوێت هەڵبێ ئەم هەوڵدانە نەبڕاوانە وا لە من دەکات کە خاڵی باشی زیندانیکردن ببینم . بە پێچەوانەی ئەوانەی کە لە کۆمەڵگەی باش دا باوکی خۆیان دە ردێنن ، پێویست ناکات ئیمە شەرم لە زەبوونی هەموو ڕۆژێکمان بکەین . کەسێکمان هەیە لێرە لەبەردەم چاو کە لۆمەی بکەین . ئەوەی کە چەکمە ی بریقەدار لەبەر دەکات بۆیە ئازادی هیچ هەستێک لە مندا ئاگا ناکاتە وە . چونکە لە دنیای ڕاستەقینەدا مانای کۆمەڵگا ئەوەیە کە دەبێت نووسەر بیی . تەنانەت ئەگەر چیرۆکەکەت دروست نەبێ.
*
لە کوێ دەست بە چیرۆکەکەم بکەم؟ ئاسان نییە گفتوگۆ لەسەر یادەوەرییەکان بکەیت : چۆن دەبێت لە نێوان ئەوانە دا کە هەسکە هەسکیانە بۆ گوتنەوە ئەوانە ی کە تازە هەستاون  و ئەوانەی هێشتا هیچیان نەدیوە چرچ و لۆچ بوونەوە ئە وانە ی کە قسە
دە یانهاڕی و تە نها تۆزێکیان لی ماوە بۆ هەڵبژێرم؟
شتێک کە دڵنیام ئەوەیە لەسەر باوکم نەنووسین پێویستی بە توانای دەروونی هەیە کە من نییمە.


سەقز. فەریدە کاکی

بەزوانی هاتن قسە بکە
ماندووم لەبێ تۆیی
تۆم لەخۆت ئەوێ
لەتەواوی مرۆڤ ،
دەبا دووری بگاتە کۆتایی
ئەمەوێ بە دواتا بگەڕێم
بلێ
لەسەر کام هەوردا دانیشتووی
کەوا نابارێ بە سەر من
و سەوزایی
وەرەو دڵتەنگیم داوەرێنە
بوغز گەرووم ئەڕووشێنێ
وەرەو ئیتر ببارێنە
گلەگلە
فرمێسکەکانی تەنیایی

## بۆ مەزڵوومییەتی کورد



ڕوانسەر. موحەممەدعەزیز ڕەحمەتی

ئەی حەزرەت ئادەم باباگەورەی من
ئەی خاتوون حەوابنەڕەتی ژن
بەئەمری خوداجۆرجاری جاران
کاشکا ئەهاتنۆ کۆنەهەواران
خۆزیاجارێک ترلەڕەوزەی بەهەشت
بۆدونیای ڕۆشن ئەهاتنەوەدەشت
سەرتان بدایەت لەقەدیم ماوا
لەماڵ کوڕ و کچ هەم بووک هەم زاوا
نەسڵی خۆتانتان بدیایەت بەچاو
بوون بە چەند گرۆ بە چەند ئیسم و ناو
ئەو وەختەبەڕاس ئەهاتمە حوزوور
بەڵکو گیرنەیەن لەسەری سنوور
لەبەرئەوەی کەدونیابەش بەشە
هەرچێ سنوورەپڕلەئەرتەشە
نەکوا دەستگیربوون بتانکەن دەست بەن
لەسەرسنوورائەزیەتتان بکەن
نەکوا مەدرەکیان گەرک بێ لێتان
یان قسەی ناجۆر بکەن بە پێتان
یان داوابکەن بۆ پووڵ وپارە
پووڵ لەکوێ بێرن ئێوەی بێچارە؟
ئامان سەد ئامان ئەم دونیا تەنگە
هەموو لایەکی گشت باسی جەنگە
نەک ئەوجەنگەی کە زەمانی ئێوە
هابیلوقابیل بردیان بەڕێوە
قابیل تەماع بازبەزۆرچێووسەنگ
دایمەرزاندرۆژێک ئەوقانوونی جەنگ
بۆتەماع دونیابرای خۆیی کوشت
بووبەڕەسمێ پیس تاوەپشت بەپشت
چوون وەزعی دونیاخەیلێ ناجۆرە
ئیستەیش هەرجەنگی زۆروبێ زۆرە
بەڵام نەزۆری بازوو داروو سەنگ
بەزۆری سیلاح ئیمرۆئەکەن جەنگ
بروانەئادەم بۆڕۆڵەکانت
بۆتەیارەی جەنگی بۆخەلەبانت

تماشابکەبۆتۆپو بۆتانگ
بچۆبان گۆڕی خەڵکی بەناوبانگ
تۆگوزەربکەلەڕووی دونیاوە
بزانە تەڵە بۆ کێ نریاوە
لەتیکە و پارە ولەت لەتی جیهان
سەرێ بکێشە وڵاتی کوردان
ئەگەرنازانی ئەو ماواو چوێنە
نیشانی ئەوێ گشت خاکو خۆێنە
خاکەکەی دیارەڕەنگینەبەخوێن
زۆرلەخەڵکەکەی چوون بێ سەر وشوێن
ئەومندالانە واخەریک کایەن
تەمامی ئەوان بێ بابەودایەن
یان ئەودایکانەی چاوبەگریانن
گشت گۆنا زامین دڵ بەبریانن
یان ئەوباوکانەی والێوبەبارن
بەزوان بێ هێزن بەدیدە تارن
ئەوانەکوردن لێیان قۆماوە
لەدارای دونیاهیچیان نەماوە
بچۆحەڵەبجە هەربۆی خوێن ئەدات
بۆی پەنج هەزارکەس بێ جێ وشوێن ئەدات
گۆڕلەپاڵی گۆڕئەبینی بەچاو
گشتیان بەیەک ڕۆژواکەفتن بەداو
سەرێک بکێشە لەناوچەی شەنگاڵ
لەئاوارەکان دەرکریاگ لەماڵ
ئەوانیشەچوون ڕۆڵەکان کوردن
فرەیەک لەوان بەناحەق مردن
خاکی کۆبانی نەکەی فەرامۆش
خەڵکی کۆبانی بگرەلەئاغۆش
نمادی قودرەت هالەئەوێنە
نیشانەی غیرەت هالەئەوشوێنە
بنازەئادەم بەڕۆڵەی کوردت
بەپیاوو ژنان بەدەستوبردت
هەرچەندمەزلوومن بەڵام وەک شێرن
لەڕێگەی حەق دا گیانیان ئەسپێرن



## ڕۆژگار

پاوە .هەجێج.
عوسمان ڕەحیمی هەجێجی

بیکە سەیری ڕۆژگاری پڕلەتاڵی و نالەبارم
دڵبەهاوار چاوبەگریان بۆژیانی نادیارم
هەرلەفکرو دەس بە ئەژنۆ خەم ژمارێک بووم لەدنیا
وا بە سەرچوو عمرە تاڵەی چەندە ساڵەی دەردەدارم
ئاخ هەناسەی پڕلەئاخوو ئاگرینی پڕبەئاوات
ناسرەوێ دڵ پڕ بە زامە و هەرلە تاوی کۆڵەوارم

❋❋

## لاوازنیم

من ئەو کەسەنیم دڵ بە مەجازبم
لەنەسڵ ونژاد  دوور و لاوازبم
ئەمن ئەو ڕۆڵەی گەلی شابازم
عاسی ماجەرای دنیای ناسازم
لە گەڵ بەختی خوم داییم هاوڕازم
بۆڕۆژێک بێ خەم ئاواتە خوازم
ئەرچی لە ژینا هەر لە هەورازم
شەرتبێ باوەر و بیرم نەبازم
ئەوڕێ گەڕوونەی کە خوم ئەزانم
ئەگرم  بەر چێمە لە ناخەزانم
ئەگرمە پێشێ ڕوونی ڕێبازم
ڕێگە و ئاواتی خومە نیازم

❋❋



جوانڕۆ. ڕووناک سەمەدی(باران)

ئیسە بیر لە هیچ ناکەمەوە
نە خەمی دەفری نەشۆراوی
ئێوارەمە
نە لاپەڕەی تاقیکاری قوتابیەکان
ئیسە بیر لە هیچ ناکەمەوە
نە جانتا پەمەییەکە کە پێر ئێوارە لەودێوی
شوشەبەندی دووکانە بەسراوەکەوە بینیم
نە مافی ژنان و
ئێگزیستانسیالیسمی ڕووناکبیرانی کافەکانی تاق
وەسان
ئیسە تەنیا بیر لە تۆ ئەکەمەوە
چاوم بریوەتە چرکە ژمێری دیواری ژوورەکەم
چەندە ماندوو هەنگاو هەڵئەگرێ
ئەڵێی سەربازێکی بە جێماوە لە شەڕی جیهانی یەکەم
ئیسە تەنیا بیر لە تۆ ئەکەمەوە و
کەشکەڵانی ئەڤین لە دڵمدایە و
لە خولگەی زەویدا جێم نابێتۆ
ئیسە چی کەنداو و زەریا و ڕووبار بێ
شێعرەکانی من بە بۆنەی تۆوە دەناسن
کەشتیڤانەکان
بۆ یارە دوور وڵاتەکانیان ئەیکەن بە گۆرانی
"سەیرانا سەیرانێ من دەلیلم لۆێ لۆێ دەلیلم لۆێ"
ئاخ
ئەگەر ئەوینیان لە مرۆڤایەتی وەرگرتایە
جیهان بەڕاستی شتێکی گرنگی کەم بوو



بانە. ئارمردە.ڕامین فەرەجی

حوکمی نەما مانگ لە ئاسمان
ئەستێرەکان بەرێ کران
وتیان بڕۆن تازە لە خەونی
گەنجێکا
هەست و خەیاڵ
پەنجەی ئازار
نەوای دڵدار
بوون بە یەکێک

## باسی بەهاران کەم بکەن



ڕوانسەر. محێدین ئەمجەدی
ئەندامی ئەنجومەنی میرزا ئەحمەدی داواشی

باسی بەهاران کەم بکەن، بۆ ئەم دڵە زستانیە
مەعنای چ بێ بەهار لە لای، گوڵێ زستان سزانیە؟

لە چیمەنێ، لە دیمەنێ، ئەوا کەسێ باسێ بکا
زەوقی چبێ گوڵێ کەوا، کەساسی کەسنەزانیە

گوارەی هەزاران بوڵبوڵی، لە گوێ بکەن هێشتا کزە
ئا ئەو گوڵەی بە کورپەیی، بە گوێیدا قەل قڕانیە

ئەڵێن کە جیا لە بەفر و با، وەرزێکی دڵ گەرم هەیە
چلۆن بڕوا دەکا گوڵێ، سەرما لە نێو ئێسقانیە

ئەگەر شماڵ بە وردە ورد، شانە بخاتە شۆڕەبی
چۆن ئاگری تێ بەر نەبێ، زوڵفی زلان ڕزانیە

کاتێ وڵات کفنێ سپی، دەکاتە بەر بە بەفری شەو
تووڕەم لە کانی کاتێ وا ، سینەی خورەی گۆڕانیە

باران بە سەر گوڵ و چڵا، شاوازی زۆری داوەراند
ئێستا پەشیمانە تەواو، لەو گشتە دۆستی زوانیە.

## تۆ



ڕوانسەر. ئیبراهیم فەرەجی

هەورە ڕۆحی زەریایێک بووی
کە بە دەم پێکەنینەوە
هاتی لە دوور
تەژی لە عەشق
پڕاوپڕی خۆشەویستی
باریت بە سەر
وشکە شانی
بارانە نوێژی دڵمدا
تۆ دەنگی خورەی کانیاو بووی
لە گوێی تاسەی
شەقار شەقار
وشکە دەشتی بە ڕۆژوومدا
تۆ زایەڵەی ورشەیێک بووی
لە پێل بە پێلی شەپۆلی قژی نەرمی خۆرەتاو ا دا
تۆ گڕێک بووی
ڕووناک ڕووناک
کە پەردەی ڕەشت لە سەری
بووکی شەوەزەنگ لا ئەدا
هەڵمای گەرمای هیوایێک بووی
لە سەهۆڵبەندی زستانی ناهومێدی
نەفەسێک بووی
لە گەرووی شمشاڵێکەوە
نەفەس نەفەس
ڕۆحت ئەهێنایە سەما
ئێستە بێ تۆ
پیرە دڵێکی شەوگەڕی تەنیای تەڕم
لە ڕەهێڵەی خەمەکاندا و
ڕووبارێکم
لە ڕەشاوی تاریکە شەو
ئێشەکانم شەپۆل شەپۆل
شەپۆل ئەدەن لە هەناوم
ئێستە بێ تۆ
شمشاڵێکی قالە مردووی بێ هەناسەم
دەمێک نییە
نەفەسێک بێتە بەر گیانم

ئێستە بێ تۆ
پەنابەری خەیاڵێکی بێ داڵدەم و
حەزێکی هەزارناحەزی بێ ئاڵاو بێ نیشتمانم.

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## ڕووگەی عەشقی تۆ



هیدایەت ئازەری (خەمبار)

عاشقێکم بێ تروسکەم,چاوەڕێی ئاسۆ دەکەم
زۆرلەمێژە ئارزەووی ماچی ,گوڵی شەوبۆ دەکەم
دەشتی دڵ جارێ بدێرە,پڕبە شۆقی دیدەکەت
بووکی هیوام هەر لەدڵدا, ڕووڵەڕووگەی تۆ دەکەم
تۆ بە نیگای چاوی جوانت,گڕلەجەستەم بەردەدەی
تۆکە بێی شادم:کە بشرۆی, شیوەن ورۆڕۆ دەکەم
عاشقێکم چاو دەگێڕم , کەی لە ئاسۆم دەرکەوی
دەرکەکەی دڵ ئاوەڵایەو,چاوەڕوانیت بۆ دەکەم
دەرکەوە سروەی بەیانی, دامەپۆشە رووی گەشت
تا بەدڵ شیعرم بەنەزری , پەرچەمی لۆلۆ دەکەم
وا خەیاڵی هەر بەدیلێ , بۆ دڵی تەنیای منە
کەس نەبوو پرسی لەحاڵم,شیوەن ورۆ بۆ دەکەم؟
بسکی خاوی تۆ دەرسکێنێ, پڕاوپڕ شیعری من
تاهەتا ملوانکی عەشقی تۆ,لەئەستۆی خۆ دەکەم
تاوەکوو ڕووگەی ئەوینی تۆ, لەدڵدا جارییە
چەپکە چەپکە نێرگیزی چاوت,لەدڵدا کۆ دەکەم
تۆی گلارەی پەلکی شەونم,وا لەسەر دیدەی گەشم
ئەم دڵە (خەمبارە) ناوی , تۆی لەسەر تاتۆدەکەم

پێشوازی لە غەزەلی ( ئاڵا, ڕووگە ) مامۆستا ئەمین گەردیگلانی لە کتێبی ( زایەڵەی شاخ و قیژەی گوڵەباخ)
بەحر : ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف
کێش : فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ، فاعِلاتُن ،فاعِلُن

## نامە

سەقز. لەتیف عەلەوی





سڵاو و ڕێز دڵێژگەکەم
ئەی گراوی ڕاستەقینە ،
ڕاستی بەینێکە بێدەنگی و لێم ناپرسی؟
هۆکارچییەبۆلەئاهی گڕپژێنی دڵ ناترسی؟
خۆ بەردێ بم خلوورم کەن دەنگم هەیە!
گۆمی مەندی ژێر ساباتی دارێکیش بم
بەشنەیەک ئەشڵەژێم و هیچ نەبێ گێنگڵێک ئەدەم!
کەی کۆتایی بەم ئازارە نادیارەی دڵم دێنی و کەی کاوی دڵم ئەشکێنی؟
بریا سەد بریا، بە بریای یارانی حەق زووتر لەمە بمناسیبای هەناسەکەم !
ئەم جەستەیەم قاپوورێکە و دووکەڵی خەم قانگی داوە و دووری ئێوەش لە باس نایە و گەمارۆمە لە چوار لاوە !
خەمی نان و ڕەمی خاکی نیشتمانم
سەرەڕای دووریت باوانم لەناخی خاکەڕامدایە و لە دووی گیانم ئەچێتە دەر،
ئەو ئەوینەش هێند پیرۆزە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ
ئەمێستاکەش یادێکی سەوزی ڕۆژانی پێکەوەبوون خرۆکەی خستۆتەخوێنم حەجمانی لێ هەڵگرتووم و
چی سەرەنجی ڕابردووی ئەم ژینە ئەدەم
هەر شەونمی چاو ئەرژێنم، لەسەر گەڵای عومری فریو وەک دۆ نەدیو !
دەستی شایی بەرئەدەم و تاوێ چۆپی، سەردەمێکیش بۆگاوانی هەرا ئەکەم!
بێخەم لە تانەی دەوروبەر ناوبەناوێ دێمە ناوەڕاستی شایی و سەما ئەکەم!
تۆ پێت وایە مرۆڤێکی کرچ وکاڵم؟
هێشتا دوای تەمەنێک هەنگاو بۆی شیری خاو بێ لەدەمم؟
بروا ناکەم، بێجگە لە زکر و یادی حەق سووچ و تاوانێکم هەبێ باوانەکەم، باوانەکەم زۆرکەس هاتن لەئاوێنەی ڕووخسارمدا شێوەی دزێوی خۆیان دی و چەمۆڵەیان نا بەڕووما تفیان پیادام !
بەڵام من هەر دڵی ئاوێنەکەم سڕی و لێیان بورام، بەوەش هەر وازیان نەهێنا و مشتی قورسیان دا لە ئاوێنەی بێ غەوشی دڵە ساکار و سادەکەم، ئێستا ورد و خاشە گوڵم ، ئاوێنەی دڵ!
سەرەڕای ئەو هەموو غەدرە هەر بە فتوا و بیری خۆیان گازندەی ئاوێنەش ئەکەن !
بۆیە هەرکەس لێم ئەڕوانی لە جیاتی خۆی
سەدها لەتیف دڵ ئەبینێ
سەدها لەتیف دڵ ئەبینێ.


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە


# کاریکاتۆر

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی
















گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



وورووگرد (بروجرد) لە لورستان.
سەعید فەلاحی (زانا کوردستانی)

(١)
هیوادار بووم؛
کە لە جیاتی تفەنگ،
کتێب و،
قەڵەمێکی پێ بوایا
تا وێنەی باڵەندەیکی بکێشا
لەگەڵ لەقێک زەیتوون؛
—— چەکمەبۆرا!

(٢)
خۆزگا،
داهۆڵێک بوایام
لە نێو بێسانی خەیاڵت
هەر لە بەیانی هەتا ئێواران
قاڵاوەکان نۆکیان بدا
——لە تەنیاییەکانم!!!



مەریوان. پەرۆش مەریوان

کۆرەشۆڵەی شەوچرایە مرد و گوێشی نادەنێ
پەردە چبکا لەم نیگا رووتەی کە خەم داناکەنێ

لانکی، ئەو نازە دەمێکە، هۆگری لاوانەیە
بەسیە تاکەی دێرەکانم جێگە خاڵی ڕاژەنێ

یاو و لەرزی ئەم دەقە با نەتگرێ پێ هەڵگرە
دوو ڕێیانی بەختە، لاقی دوودڵی پێدامەنێ،

سەر لە ئامێزی هەناسەی ئەو خەمە نابێتەوە،
ئەو گەشەی ژەنیاری ژینە، گیانی شیرین دابنێ،

بێ دەرێ لەو سووچە پووچە بۆ خەیاڵت مردووە
ژن بە بەژنی ژینی تۆدا، مانەوەت بۆ دائەنێ

## کێ دەتوانێ



مەریوان. جەماڵ مەریوانی
(هەڵبەست)

کێ دەتوانێ
تانوپۆی شەو
لە شیتاڵی خەیاڵمدا،
باوێتە دەر؟
دەمێک ساڵە،
تەمی خەمم نیشتۆتە سەر!
کێ دەزانێ؟
کە لە شاری دڵی مندا
فوو لە چرای شادیم دەکەن!

کێ دەزانێ؟
خەونەکانم وەک باویلکە
دەیانبا،"با"!
نەورەسێکی کەسیرەبووی
زێدی خۆمم!
"کۆچ" مۆتەکەی هێلانەمەوە و
باڵی فرینم لێ دەدزێ!
شنەی شیعرێکی خەمبارم
بۆ بەهارێکی جوانەمەرگ،
دەهۆنمەوە کەروێشکەی شین!
خۆزگە و بریا،
کۆتایی بێ وەرزی برین!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## ئاگری بێ ئامان، جەستەی داربەڕوو

سەردەشت. حەسەن ڕەوش (پارێزەر)

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە و چەرخی ویژدان وەگەڕ بخەین،
دەبێ بزانین دارستان وەک برایەکی دایک و باوکی لەگەڵمان بووە، پشتی گرتووین و ئنجا گیان و ماڵی هەموو تاکێکی پاراستووە.
جگە لە وەش سەرچاوەی داهات، ناسنامەی نەتەوەیی، ماڵی ژیان، هەناسەی مرۆڤ و هەموو زیندەوەرێک بووە
بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕووەکناسی، مێژووی ڕوانی داربەڕوو لە خاکی کوردستان دەگەڕێتەوە٥٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بەو پێیە ژیانی داربەڕوو لەگەڵ ژیانی خەڵکی کورد هاوسان بووە.
واتا ئەو درەختە بەدرێژایی مێژوو خزمەت بە ئێمەی کورد دەکات
نموونەیەکی ئۆکسیژنە، هەموو زیندەوەرێک بە ئۆکسیژن دەژیت و هەناسە دەدا
لێکۆڵینەوەی زانایان ئەوە دەسەلمێنێ، یەک بنکە داربەڕوو هەموو ڕۆژێک بایی١ دۆلار ئۆکسیژن بەرهەم دێنێ، لە ساڵێکدا ٣٦٥ دۆلار.
ئێمە لەو کوردستانە داربەڕووی ١١٠٠ ساڵەمان هەیە کە تا ئێستا بایی دەوروبەری ٤٠٠ هەزار دۆلار ئۆکسیژنی بەرهەم هێناوە!
لە ئەمریکا بۆ ڕێزگرتن لە داربەڕوو گەڵای داربەڕوو دەکرێ بە قوبەی سەربازی و لەسەر شانی فەرماندەرانی نیزامی چێ دەکرێ
لە ئینگلیز بۆ ڕێزگرتن لە داربەڕوو، نەخشی بەڕوو لەسەر پارەی ئەو وڵاتە ( شەش پێنسی ) هەڵکەندراوە.
ئنجا هەموو درەختێک خزمەتی تایبەتی پێ دەکرێ!
بەڵام مخابن لە وڵاتی ئێمە داربەڕوو دەکرێ بە خەڵووز! دەکرێ بە تفاق! دەکرێ بە قەڵاشکەری سووتەمەنی!
دەبڕدرێ و دەسووتێ و لە جێگای فەوتانی مووچە و مەزرای لێ ساز دەکرێ! زبلۆزاڵی لێ حمبار دەکرێ!
ئەگەر تۆزێک لە دارستانەکانمان ورد ببینەوە، دیارە تێکڕای لێڕەوارەکانمان بەرهەمی هەڵدانەوەن! واتا جارێک بە بیوری خەڵک بڕدراون و دوایی وەک "پۆلەدەوەن" و "کێزرەدەوەن" هەڵیانداوەتەوە و بوونە بە ئەشخەڵ! تەنها شوێنی پارێزراو چاک و ئیمامدارەکان کە وەک شوێنێکی "پیرۆز" چاویان لێ کراوە و کەس دەستی بۆ نەبردوون، بۆیە درەختی گەورەی لێ بەدی دەکرێن، هەموو شوێنە دەست لێ نەدراوەکان نابنە ٥ لە سەدی دارستانەکان! کە وایە بە بیور و تەورداسی خەڵک تاقەبڕ کراون!
ئێستا کە دوای چەند ساڵێک تۆزێک گەورەبوون و سێبەریان کردووە، هەزار جار بە داخەوە پارێزگاریان لێ ناکرێ! بە دەستی پاوانخوازان، دەسووتێن، دەبڕدرێن، پلانی فەوتانیان بۆ ساز دەکرێ، بەرپرسی ناکارامە و ناشارەزا بۆ دارستان دادەنرێن، مشوورخۆر و خەمخۆری ئەو بوارە زۆر کەمە، هەژاری فەرهەنگی دەستی لە بینەقاقای دارستان ناوە، ئامراز و کەرەستەی پێشکەوتووی ئاگرکووژێنەوەمان نییە! هەوڵی پاراستن زۆر لاوازە و...
ئاخر ئەشخەڵێک بە ئەستووری ٣٠ ( س. م ) ٢٠٠ ساڵی تەمەنە، تۆ بڵێی بۆ قەرەبووی سووتانی هەزاران ئەشخەڵ و داربەڕووی گەورە چ هەوڵێک هەبێ؟
بە باوەڕی من بڕینی داربەڕوو، بڕینی هەناسەی دەیان مرۆڤە، سووتانی دارستان، لە کەوتنەخواری بۆمبی ئەتۆم لە ناو شارێکدا خراپترە!
دەست درێژی بۆ دارستان دەست درێژی بۆ نامووسی نەتەوەیی و هەموو مرۆڤێکە!
خەڵکی بەشەرەفی کوردستان! بەرپرسان! کاربەدەستان و شارەزایانی بواری دارستان! ئەی ئەوانەی دڵتان بۆ جوانی و سروشتی نیشتمان لێ دەدا! با چیتر چاوەڕێی خەساری ئاوها گەورە لە قەبارەی دارستان نەبین! با نەهێڵین ماڵی ژیانی چەند هەزارساڵەی ئێمە بفەوتێ! بەرگی سەوزی دارستان کە بە باڵای کوردستان و زاگرۆس دراوە، ئەگەر بسووتێ عەیبی گەورەی وەدەر دەخا جوانی ناهێڵێ! نیشتمانمان لەبەرچاو دزێو دەکا! ناسنامەمان نامێنێ!
بەداخەوە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە چەند ناوچەی کوردستان، بەتایبەت شاری سەردەشت کە دارستانەکانی چەندین جۆر داربەڕوو وەک: دارمازوو، دارهێلوین، دارشەکین و ... لە خۆدەگرێ و لەبواری جۆرەکان لە هەموو ناوچەکانی زاگرۆس دەوڵەمەندترە دەسووتێن و دەبن بە خۆڵەمێش، زۆر بەداخەوە ئێستاش ئاگرەکە نەکووژاوەتەوە
ئاخر خەمساردی تاکەی؟ هەژاری فەرهەنگی تاکەی؟ بێ ویژدانی تاکەی؟ بێ بەرپرسی تاکەی؟
تاکەی چاوەڕێی سووتان، خوران، فەوتان و لەناوچوونی دارستان دانیشین؟
ئازیزانم!
ژینگەپارێزی هەوڵی هەمەلایەنە و هاوکاری دەخوازێ، با ئاگاداری سروشتی نیشتمانەکەمان بین، با پارێزگاری لێ بکەین، با جوانتر لە جاران ڕادەستی نەوەی دوایی بکەین، گەورەترین خەیانەت ئەوەیە شاهیدی فەوتانی لێڕەوار و دارستان بی، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکت نەبێ! ئاخر ئەگەر لەو شارەی ئێمە ( سەردەشت )کە ١٣٠ هەزار نفووسە، نیوەی خەڵکی کە دەکاتە ٦٥ هەزار کەس، ٦٥ هەزار سەتڵ ئاو بۆ کووژانەوەی ئاگر برنە شوێنی ئاگرەکە پێتان وایە ناکووژێتەوە؟
بەڵام بەداخەوە ( مریشک هەتا بۆخۆی خۆڵی وەسەر خۆی نەکا بەکەس وەسەری ناکرێ).
ئێمەش تەنها چاو لە کێشەکان دەکەین، هەوڵی چارەسەریان بۆ نادەین.



## ئازادی

بانه. خدرزاده

ئازادی وشەییکی پیرۆزە کە مرۆڤ تا لێی ون نەبێ هەست بە قەدر و نرخەکەی ناکات ، وەکوو چۆن لەش ساغی کە مرۆڤ تا لە دەستی نەچێ هەستی پێ ناکا چەندە لەش ساغی پڕ بەهایە ، یان بوونی دایک وباب و خزم و دۆستان .

جوبران خەلیل جوبران وتەییکی جوان و بە نرخی هەیە کەدەڵێ من ئەو حەدیسەم ناوێ کە دەڵێ:

"**مَن عَلّمَنی حَرفاَ فَقط صَیّرنی عَبداً**"

واتە هە ر کەسێ پیتێک فێری من بکات دەمکاتە عەبد و بەندەی خۆی،

جوبران خەلیل دەڵێ حاشا با ئوممی و بێ سەواد وەمێنم بەڵام ئازادیم هەر ببێ ، چوونکە ئازادی بەلامە وە زۆر گرینگترە ،

دوکتۆر ئیبراهیم یونسی لە وت و وێژێک کە لە ساڵی هەشتاوو دو ڕۆژنامەی ئیتتیلاعات لە گەڵی کردبوو لە وتەییکی دا فەرمووبوی کەلە ساڵی پەنجاووهەشتی هەتاوی دا لە بەر ئازادی قەڵەم و بیروڕا ، وتار گەلێک دەنوسرا کە چەندین جارم دەخوێندنەوە و چێژم لێ وەر دەگرتن، کە ئەوەشڕەها بوونی خامەی دەگەیاند لە و سەردەمە دا

کەوابوو گەڵێک بۆئەوەی لە باری کۆمەڵایەتی و زانیاری و فەرهەنگی و تەنانەت ڕامیاریش گەشە بکات پێویستی بە ئازادی هەیە و بەبێ ئازادی نرخی مرۆڤ دەگاتە نزمترین پلەوە،

قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:" **اِنّا هَدَیناهُ النَّجدَین**"

واتە ئێمە دوو نەجد و ڕێگامان داوە بە مرۆڤ ، کە ئەوەش ئەوەدەگەیینێ کە خودای مەزن ئازادی داوەتە مرۆڤ و بە خوایشتی خۆی یەکێک لەو دوو ڕێگایانە هەڵبژێرێ.

ناپلئۆن دەڵێ زۆر جاران کە لە سەر تەختی فەرمانڕەواییەکم دادەنیشم و هەست بە لەرزین دەکەم دەزانم کەڕۆژنامە نووسێک بە پێنووسی ڕەهای خۆی دژ بە دەسەڵاتە کەم دەدوێ.

ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئازادی بیرو بۆ چوون گرنگترین ئازادیە و ڕێزی مرۆف بەم جۆرە ئازادیەوەیە ، ئاژەڵ گەلیش ئازادی بەلایانەوە زۆر گرنگ و مایەدارە،

لە چیرۆکێکی کۆن دا دەڵێ کە تووتیەک لە قەفەسێکی زێڕین دا

دایمە دەیگوت ئاخ وەتەن دوور وەتەن ، خاوەنەکەی سەدان ڕۆژ کە گوێی لەم قسانە بوو بەڵێنی دا بۆ بەیانی بەرەڵدای بکات ، کاتێک تووتی هاتە دەرێ و چووە سەر تنۆکی شۆڕەبیەک لە دەم ڕووبارێک و هاواری کرد ئای وەتەن خۆش وەتەن

مام هێمنی هەست ناسک دەفەرموێ :

مەلێکی فێری دارستان و لێر بێ/ قەفەس پیری دەکات با شووی لە زێڕ بێ

لە کۆتایی دا واچاکە ئەم وتەیەی وەبیر بێنینەوە کە دەڵێ ئەگەر ژان و هێشت ئاگا کرد نیشانەی ئەوەیە زیندووی بەڵام ئەگەر دەرد وژانی خەڵکت هەست پێ کرد ئەوە تۆ بە ڕاستی مرۆڤی ، ئازادی ڕاستەقینەش ئەوەیە بۆ خۆت وبەر لە خۆت بۆ هەموانت بوێ .

## کۆچ کردوو



بانە. خدرزادە

وا دەگێڕنەوە ساڵ وزەمانێک
هەڤاڵی یەک بوون سەگێک وشوانێک
یەکیان ئاژەڵ و یەکیان بنیادەم
بێ یەک تازیە بار دایدەگرتن خەم
شوانە دەیزانی سەگ بە وەفایە
پاڵپشتی چاکەو جێگەی بەقایە
پێخۆریان یەک بوو ئەو جووتە سێ ژەم
هۆگری یەک بوون وەک شەمزین و شەم
ڕۆژێک سەگ گیانی هەسپارد کوت وپڕ
چاوی زەردبوون و ددانی کرد گڕ
کە شوان ئەمەی دی ئەحواڵی شێوا
کوڵمەی دەڕنی وقوڕی دەپێوا
پاش ژیر بوونەوە لە گریان شوانە
وتی هەڤاڵمە و بینێژم جوانە
سەگی شاردەوە لە نێو گۆڕستان
زوو پێیان زانی شۆڤار وشەیتان
قازی ئەمەی بیست وەکووشێت وهار
پێچی دەخواردن وەک ماری زامار
ناردی بیهێنن بە دەستی بەستە
دایماڵن خێرا پێستی لە جەستە
لە ئەژنۆ کەوت شوانی فەقیر حاڵ
چوونکە دەیزانی دەکەوێتە چاڵ

قەت ڕۆژی رووناک نابینێتەوە
وێنەی هەڤاڵی سەردەنێتەوە
قازی ڕامووسی هەر کە گشتە ژوور
وتی ببورە دێر هاتمە حزوور
کۆچ کردو گەماڵ غەریقی ڕەحمەت
وەسیەتی بۆت بو گەر بدەی دەرفەت
قازی تورە بوو وتی کەرە کەر
دادەی قورمساخ تۆزێک بێرە سەر
لە گۆڕی سەگی تۆپیوت لەعنەت
شەرتبێ خاشقچی بتکەم لەت ویەت
سەگ و موسوڵمان لە گۆڕخانێک بن؟
دەجالی بێ دین زەندیقی دژمن
شوانی بێچارە پەشۆکا حاڵی
بۆیە فیدای کرد سەروەت وماڵی
وتی هەڤاڵم پێش ئەوەی بمرێ
ئیزرائیل بێت و ژیانی بگرێ
فەرمووی دەزانی قازی ئەم شارە
زۆر بە تەقوایەو خاوەن ویقارە
سەد بزن بەشی من دانێ بۆ ئەو
خەم خۆری دینە بە ڕۆژ وبەشەو
قازی ئەمەی بیست تۆزێک ڕاچەنی
هێور بۆوانێ و نەختێک پێکەنی
وتی تو سەرت سەگی کۆچ کردوو
وەسیەتی دیکەی بۆ ئێمە نەبوو
ڕەببی گەماڵت بچێتە بەهەشت
ئێسقانی بە بار بە لووزەو تەشت

## بەرەو ئەوین



سەقز.عەبدولڕەحمان فەهیمی(دەروێش)

شانە بە تاکوو ببیتە هاوزمانی زولفی یار
خاڵ بە تاکوو ببیتە هاودەمی لێوی نیگار

خۆڵی ڕێ بە تاکوو بگری دامەنی دڵدارەکەت
سورمە بە تاکوو ببیتە مەرهەمی چاوی خومار

خۆ نەپارێزی لە کەیف و عەیش و نۆشی زاهیری
بۆ مەلەکتاوس وەکوو ئادەم دەبیتە ڕاوشکار

شەم دەسووتێت و دەبێتە نوور و ڕووناکی بە شەو
چەندە خۆشە هەر وەکوو شەم ڕوونی کەی شەوگاری تار

دابارێنە بەسەر خەڵکا لە میوەی زەرد و سوور
گەر بە وێنەی داری بەر بتکەن هەموودەم سەنگەسار


پەڕپەڕت کەن هەر وەکوو گوڵ عەتری زۆرتریان دەیە
دابڕێژە لەعل و یاقووت گەر لەتت کەن وەک هەنار

زەخمی نەشتەر لەتلەتی کا،دایرنێ ئازای لەشت
ناڵەکەت ئاهەنگی شادی بێ وەکوو سەنتور و تار

لا مەدە هەرگیز لە ڕێگەی چاکە،چا بە گیانەکەم
با لەگەڵ نوقڵ و نەبات و قەن ببیتە هاوقەتار

هەر وەکوو"دەروێش"ئەگەر ژینت سەراسەر مەینەتە
لێو بە خەندەو پێکەنین بە هەر دەسووڕێ ڕۆژگار

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



سنه. ڕەحیم لوقمانی

وەرن هاوڕازی ئازارم کە چاوم ئەسرەبارانە
بە سۆزی سازی دڵ هەستن کە چەن ناسازی یارانە

ئەگەر سازاوی ئەم ژینەم دەروونم پڕ لە ناڵینە
کە شێعر و سازی ناکۆکیم لە دەزگای داخ و سووتانە

زەمانی پەستی و تاوان، نەمانی عیشق و ئازادی
بە زانین دڕکی چاوانی، نەزانین شەوکەت و شانە

ئەوەی "بیر و وتە و کردەی" بە چاکی بێ نییە ناوی
ئەوەی ناپاک و سەد ڕوو بێ، لەسەرمانە و لەسەر مانە

"مەم و لاس و وەلی" شەیدا، بە عیشقی پاکەوە سووتان
کەچی "زین و خەزاڵ و شەم" دڕووی "بەکران" لە دڵیانە

هەڵۆی بەرزان پەڕیوەی لان، لە داوی ڕاوی رووداوان
قەلی بێشەرمی گەنداوان ئەمیری باخ و بێستانە

ئەگەر دڵپاک و یەکرەنگی بەڵابارانی وەک شاعیر
ئەوەی نەنگی لە لا فەرزە لە هەرلا بەرزی بانانە

لە پۆزی هۆزی بێشەرم و ریاکاران کوان هۆزان ؟
تەپ وتۆز و تەراتێنی نەزانان و نەیارانە

خەزان گەرچی لە باخی دا و گوڵ و شالووری مەی بردن
بەهارم تازەگوڵ زۆر و هەزارانم، هەزارانە...

فەرهەنگۆک

(تەراتێن: ڕمبازێن و غاردان) (شالوور: بولبول)
(هەزاران: ١ـ بولبولان، ٢ـ ژمارەی زۆر )

## دڵی وێڵ

سەقز.شەماڵ ئیسماعیل پوور



تۆ چوویە سەفەر من دڵەکەم وێڵە بە دووتا
ئەم ڕۆحە لە دەورت نەگەڕێ بێشک ئەسووتا

تۆ بووکی غەزەل پڕ لە شنە و هەستی بەسۆزی
تارایـــەکی شێعرینـــە ئەتـــۆ داوتە بە ڕووتا

دەخوشێمە هەناسەت وەکوو با دەچمەوە سیپەلک
یان وەک وشەیەک ناسک و ناز بێم بە گەرووتا

چاوێکت لە من کرد و بوە مەحشەری کوبرا
یەک چاوی ئەمەت کردبێ ئەگەر چۆن بێ لە جووتا

بەژنت دەڵێ قەیرەی کەچی زۆر کرچ و مناڵی
سەد ساڵیش تەمەن بێنی دەزانم بە گرووتا

مەیلت وەکوو داڵانپەڕە سەرمایە هەمیشە
کەروێشکی دڵم دەمرێ لە بن بەفر و ڕنووتا

تا هەوری بەرێوەی منیش هەر سۆزی شەماڵم
تۆ چوویە سەفەر من دڵەکەم وێڵە بە دووتا

## مەودا



سەقز. عەتا ساڵح پوور

ئەو دڵەم ناوێ ئەگەر بێت و لە تۆ بکشێتەوە
دوورە مەودامان، بەڵام ئەو ڕێگە هەر دەبڕێتەوە

چاوی چاوم تەرکی مەوتەن قەت نەڵێی ئاساییە
دەسری پێنووس ئەسری چاوم جار بە جار ئەسڕێتەوە

لێوەکانت تا هەتایە بوونە سەروا بۆ غەزەل
سێحری دەنگت بولبولی شەیدای غەزەل ئەیڵێتەوە

قفڵی دڵ بۆیە ئەڵێن ڕەمزی ئەویندارى هەیە
تا بە دەستی جەردە و نائاشقان نەکرێتەوە

شێعری تەڕ هەر وەک پەڵەی پاییزە ئەمما تەڕترە
جا چ پیری دەم کەل و چ لاوێ بیهۆنێتەوە

دێڕی شیعرم هەر یەکەو تەفسیری خاسی خۆی هەیە
زەنگی بێ عاریم هەتاکوو لای خوداش ئەزرێتەوە

پێم (عەتا) کە تۆش بەڵێنی (لەیل)ەکەی (مەجنوون)ی وێڵ
ئەم شریتی ئەشقی ئێمە تا ئەبەد نەچڕێتەوە

گەرچی ڕێبەندانە ئازیز تۆف و شەختە و بارنە
دڵنیا بە خاکەلێوەی خۆزگەکان هەر دێتەوە



بۆکان. هادی خودایی

گەر ئەوجارە بێیتەوە
لەسەر کانی ئاشقانی
زێدەکەی خۆم
لە یەکەم لاپەڕەی لاوێتیم ڕا
نامەی یەکەم لێدانی دڵ
لەبۆ ئەوین
دووبارە دەکەمە دیاری چاوەکانت
دیوارە ڕووخاوەکان و
قاشولکە شکاوەکانی یەکەم تیر نیگات
دەکەمە شاهیدی خۆشەویستیت
گەر ئەوجارە بێیتەوە
لەکۆڵانی چاوەڕوانی هاوارت دەکەم
ئەی کیژی ئەوین
ئەی یەکەم برووسکەی خۆشەویستی
لە تاریکە شەوی وشەکاندا
تۆی ڕووناکی نووسراوەکان
لە وەرینی گەڵا گەڵای وەرزی تەمەن
تۆی بەهاری پڕ لە جوانی ڕەنگەکان
نامەکەی من بکە میوانی چاوەکانت
با ئاو پڕژێنی دڵێکی زامدار کرێت
دەبا شەو و مانگ
بەهار و باغ
گوڵ و پەروانە
لەگەڵ یەکتر ببنە ئاواڵ
من و تۆش دەست لەملانی
ڕۆمانێکی
پڕلە وشەی خۆشەویستی بین
پەڕ بەپەڕمان بخوێننەوە
گەر ئەوجارە بێیتەوە
لەخەزاندا
گەڵاکان دەهۆنمە
لەڕێبەندان دا سەهۆڵەکان دەتوێنمەوە
گەرئەو جارە بێیتەوە
سروودێک بە سۆزی دڵ دەخوڵقێنم
لەناو نامەی چاوەڕوانی پەنجەکانت
وەکوو دیاری بۆت دەهێنم
وەکوو دیاری بۆت دەهێنم
گەر ئەوجارە بێیتەوە

# ئێوارەیێک بە تامی خەیاڵ



کامیاران. گوندی ئەڵک . سۆما یووسفی

یەکەم دیدار

دەستی بە ئارامی زوڵفانی داگیر کرد و با بوو بە میوانی تاڵە سپییەکان قژی. کوڵمی سووری سڕیەوە و بە هەناسەبڕکێ خۆیی گەیاندە گاراژی باسەکان.

ـ بۆ کوێ دەڕۆیی؟ :بۆ وڵاتی غوربەت.

ـ پاساپۆرتت هەیە؟

:بەڵێ هەمە و زەردەخەنە شان بە شان بوو بە میوانی لێوەکانم.

باس نەبوو لە لانکەی منداڵی دەچوو بەم لا و بەو لا منی لە ئامێزی خۆی گرتبوو و لای لاییەی پاییز دەهاتە گوێم تامەزرۆی یەکەم ژوان.

بەهار....

بە ڕەنگی سپیی و مات سەیری بەرانبەرم دەکرد, کوڕێک بە کەواپانتۆڵێک خۆڵاویی, بە چاوانێک شین سەیری منی دەکرد و هێدی هێدی دەهاتە پێش, ترسام و یەک هەنگاو چوومە دوا و دەستم بەرز کردەوە یانێ ڕاوەستە لە پشت هێڵی سوور.

ـ دەترسی لێم؟

: ناترسم بەس گێژم کە چۆن لە تەنیشتم وەستاوی مەگەر تۆ لە غوربەت نەبووی؟

ـ لێرە وەڵاتی غوربەتە؟؟

پێکەنی و گوتی: لێرە یەکەم ژوانگەی مردووەکانە و تۆیش یەکەم سێبەری لەم وڵاتە.

ـ وەرە لەگەڵم.. : بۆ کوێ دەچین؟

هێدی هێدی و لە سەرخۆ هەنگاوەکانت با ماچی بەفرەکان بکات لێرە زستان خەوی سووکە, نەک لە خەو داچەڵەکێ.

ـ من دەترسم..

: بەهار و ترس! جا چۆن دەبێ تۆ بە تەقەی هەورەتریشقەکانت و گرمە گرمە هەورە ڕەشەکانت لە زستان و ساردی بترسی؟ـ چەندە سەیری تۆ...

: من لە تۆ و ئەم وڵاتە غەریب و بێ ناوە دەترسم, بۆچی مرۆڤەکان لە ڕۆح دەچن؟

ـ ئەوان مرۆڤ نین ڕۆحن...

لە سەر گۆڕی بەکۆمەڵی شۆڕەبییەکان: دەنگی چی بوو؟

مەترسە هەرەس دیسان تووڕەیە و تۆز و هاواری بەڕێ خستووە. تۆ وەرە لە تەنیشت من.

ـ ئەوانە چین؟ :شۆڕەبی..

بۆ کوێ دەڕۆن؟ ئاوا وەک شەمەندەفەر لە سەر یەک هێڵ دەچن و سەیری هیچ لایەک ناکەن؟کاتی نووستنە, دەڕۆن بۆ گۆڕی بەکۆمەڵی خۆیان تاکوو هەرەس نەگەیشتووە, مردنێک پێش هاتنی مردن.

تراژدیای غوربەت چ سەیرە. پاییز تۆ ناترسی لەم غەریبستانە؟

نە من عاشقی ئێوارەکانیم بە تامی خەیاڵ....

بەهار, من ڕۆژەکان بێ تۆیی زۆرترلە بیرمە تا کاتێک تۆ بوویت لەوکاتەوە خۆر و مانگ جێگایان گۆڕا منیش لێرە بەجێ مام.

ـ من دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتی خۆم :عاشقیت کۆتایی هات؟

من دەترسم لە شەوانی پاییز دا بە دزی هەنار و مێخەک و سێو تۆ لە باوەشم ون بکەم و تۆ دەستم بەر بدەی لەم غەریبیە ئێوارەیەک لە ئێستا دا

ـ بەهار : گیانە دایە

دیسان لە کوێی؟ کانی وشک بوو تۆ هێشتا یەک گۆزە ئاوت پڕ نەکرد؟؟

دایە سەیری شۆڕەبییەکان دەکەم بزانم لە سەر پێن یا کوو لە گۆڕن.

یاخوا کوێر بم کچەکەم عەقڵی فڕی ئەوە چیتە وەرە بڕۆین تا کەس نەهاتووە و حەیامان نەچووە.

لە تەنیشت دایکم گەڕامەوە کە سەیری پشت سەرم کرد کوڕێک پاییزی لە سەر باڵای بەردەکان کۆتا ماچی لە وڵاتی غوربەتەوە بۆم نارد.

ئێوارەیەک بە تامی خەیاڵ بوو کە من بووم بە شێتی سنوورەکان

کاتێک تەرمی پاییز لە ژێر هەرەس دا ون بوو بۆ یەک ماچی حەرام

## وێنا کردنی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا



سنه. پ.ڕ.سایدا

قسە کردن لە سەر ئافرەت و ڕەنگدانەوەی کێشە و حاڵەتە دەروونییەکانی و پێگەی تایبەتی ئەو، بوارێکی گرنگ و هەستیارە، تەواوی ڕۆماننووسان بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان لەقەرەی ئەو بابەتە داوە، بە تایبەت لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئافرەت تاکێکی زیندووی ناو کۆمەڵە و ڕۆڵ و کاریگەری گرنگی هەیە لە سەر ئێستا و داهاتووی هەموو کۆمەڵگەکان، هەرئەمە وایکردووە ڕۆشنبیر و نووسەران بە گشتی ئافرەت و گرفتەکانی بکەن بە بابەتێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانیاندا و ڕووبەرێکی فراوانی داهێنان بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکەن.

ڕەنگدانەوەی ئافرەت و کێشە زۆرەکانی زیاتر پەیوەستە بە بیرکردنەوەی تازە و ئەو باروودۆخە ناهەموارەی مرۆڤەکان تێدا دەژین، کە قوربانی یەکەمی ئافرەتە.

گەورەترین کێشە کە ئافرەت ڕووبەڕووی دە بێتەوە، بەو پێیەیکە ئەویش تاکێکی کۆمەڵە، نەبوونی ئازادی و نەتوانینی دەربڕین و گوزارشتکردنە لە خود، لە گەڵ ئەوەی ئازادی تاک پەیوەستە بە ئازادی گشتی و دەربڕینی فیکر و بیروڕاش پەیوەستە وەکوو تاکێک مەحکوومە بەو ژینگە و ناوەندە کۆمەڵایەتییە ی تێدا دەژیت.ئەم دۆخەی هەندیک جار بۆتە هۆی ئەوەی پیاوان لە جیاتی ژنان باس لە کێشە و گرفتەکانی ژنان بکەن، لە ئاکامیشدا دۆخێکی خراپتر لەوەی ڕابردوو دێتە ئارا، کە گوتار و تێڕوانینی پیاوانە زاڵدەبێت بە سەر لایەنی بەرامبەر.

لە دەرکەوتنی ئەو باروودۆخەدا، دووفاقی و دژیەکی زۆرێک لە نووسەران بەرچاو دەکەوێت کاتێک دەبینین، نووسەر و ڕۆشەنبیرێک؛ نووسینەکانی پڕن لە پاڵپشتی ئافرەت و بەرگری لێکردن و داواکردنی مافە ڕەواکانی و هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنی پیاو و کۆمەڵگە بەرامبەر بە ئافرەت، کە چی لە بواری پراکتیزەکردنی هەڵوێستەکان ئەوپەڕی هەڵسوکەوتی ناشیاو دەبینین. ئەم حاڵەتە بە دەسەڵات و سیاسەت و چین و توێژەکانی تری کۆمەڵیش دەگرێتەوە.

لە ڕاستیدا درووست ئەوەیە هەر کەس و چین و توێژە، بۆ ئازادی و دوور لە هەر زەبر و دەستێوەردانێک گوزارشت لە خواست و هیوا و ئومێدەکانیان بکەن.وێنەی داهاتووی خۆیان بە ویست و ئارەزووی خۆیان بکێشن،تاکوو بتوانن بەردەوام بن لە ڕەوتی بەرەوپێشچوون. ئەگەر ئەدیب بتوانێت ڕووبەڕووی پرۆسەی داهێنانی، تایبەتمەندی و خەڵەستی

' نێر یا خود مێ' بەرجەستە بکات و حاڵەتی ئاسایی ئاکاری مرۆڤ پیشانبدات.

ئەگەر ئەدیب بە شێوەیەکی گشتی بەتوانێت ئەو ئەرکە ببینێت و نموونەیەکی جوان و نزیک لە واقیع و چوارچێوی فۆرم و قاڵبێکی هونەری پێشکەش بکات.ئەوا توانا و ڕۆڵی ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە ڕیزی پێشەوەی هەموو ژانرەکانی ترە چونکە ڕۆمان لە هونەرەکانی تر کراوەتر بە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوترە. بۆیە هاوتا لەگەڵ ئەو توانایەی ڕۆمان هەیەتی بۆ لە خۆ گرتنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ، دەبینین زۆرێک لە ڕۆماننووسان توانیویانە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیان ببنە داکۆکیکاری کێشەگەلێکی پەیوەست بە ئافرەت و خێزان و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و ڕووی ڕاستی ئەو کێشانە ئاشکرا بکەن. بگرە ببنە هۆکاری بەهێزیش بۆ کارکردن لە سەر گۆڕینی جۆرێ بیر کردنەوەی مرۆڤ و چۆنییەتی مامەڵە کردن لە ئاست کێشە و ڕووداوەکان.

پەیوەندی نێر و مێ لە واقیعی کۆمەڵگە و شێوە خراوەکەی بوەتە هۆی کوشتنی پەیوەندی ئازادانەی نێر و مێ، بە شێوەیەک کە لە دەرەوەی پرۆسەی درووستکردنی خێزان هەلی یەکتر ببینن و ناسین و ئاڵوگۆری بیروڕا دەگمەنە، بە دیوارێک لە شەرم و ترس لە یەکتر دابڕاون و کاریگەری توندی لە سەر کەسایەتی و دەروونی تاکەکان درووستکردووە، لەگەڵ بوونی ئەم حاڵەتەش، ئامادە نەبوونی نەوەی نوێبۆ تازە کردنەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە و مۆدێرنەکردنی بەڵگەی ئەوەیە لە دنیای ئێمەدا. سەرەڕای گەورەیی وکوشندەیی کێشەکانی هەوڵی نەداوە ململانێ لەگەڵ مەرجەعە باڵادەستەکان بکات و مانای بوون و مانەوە و باڵادەستی ئەو مەرجەعانە بخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم تێڕوانین و دیدە بۆ پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵ، بەتایبەت پەیوەندی نێر و مێ،ئامادەیی و ڕەنگدانەوەی زۆری لە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکاندا هەیە. بەتایبەت لە ئەدەبی گێرانەوەدا، چۆنکە لە ڕۆماندا سەرەڕای خستنە ڕووی ڕووکاری ڕاستەقینەی کێشەکان و پەردەلادان لەسەر دزێوی و ناشیرینەکانی مرۆڤەکان،کە بەرامبەر دەدەن،

هەوڵی دەرخستن و ئاشکراکردنی ئەو هۆکار و فاکتەرانە دەدرێت کە لە پشتی ڕووداوەکانەوە ئامادەن. دیار نەبوونی پەروەردەیی تەندرووست، چ لای دایک و باوک و چ لای چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ بارودۆخی ئافرەتی زۆرتر قورستر دەکاتەوە.

ئافرەت چ لە ڕێگەی ئاریشە و کێشە و گرفتەکانییەوە بێت، چ وەک تێڕوانین بۆ پێگە و کەسایەتی و ڕۆڵیدیار و تایبەتی ئەو لە کۆمەڵ بابەتێکی زیندوو و هەمیشەیی تێکڕایبیر و فیکرە جیاوازەکانی سەردەمە، ئەستەمە کەسێک باس لە ژیان و دنیای سەردەم بکاتو خۆی لەوەها هەستیار ببوێرێت،بەو پێیەی ئافرەت کۆڵەکەیەکی گرنگی ژیان پێکدەهێنێت.

ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەردەمی نوێ و سەکۆیەکی بڵند بۆ بەرجەستە کردن و وێنا کردنی ژیانی سەردەم و لەخۆگرتنی کێشە و گرفتی مرۆڤەکان زەمینەیەکی لەبار وپانتاییەکی گونجاوە بۆ ڕۆماننووسان،تا بتوانن لەوێوە گوزارشت لە بیروڕاکانیان بکەن و دیدی تایبەتیخۆیان بخەنە ڕوو.

**وێنا کردنی ئافرەت لە چەند ڕۆماندا:**

لە ڕۆمانی ( خانمی شەوە ئەرخەوانییە کان) دائافرەت وەک قوربانی بیرکردنەوە و تێڕوانینی هەڵەیجۆرێک لە پیاوان وێناکراوە، بەوەی کە ئەوەندەی وەکوو کاڵا و ئامرازێک بۆ دامرکاندنەوە و تێر کردنی حەز کۆتایی نەهاتووەکانی خۆیان تەماشایان کردووە، لەم ڕۆمانەدا لەدیدی" سەلاح عومەر"دا؛ هۆکاری لاڕێبوون و بە هەڵەداچوونی ئافرەت و دواتر بوونی بە قوربانی، دەگەڕێتەوە بۆ خۆدی تێڕوانینی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت تاوەکوو ئەو جۆرە ڕوانینەش ڕاست نەکرێتەوە، ئەستەمە بتواندرێت ئافرەت لەو دۆزەخی ژیان و مەرگەساتە ڕزگاری بێت کە تێیکەوتووە.

(...مردنی دایکم نەبوایە ژیانم بەم ڕۆژە نەدەگەیشتو تەنیا نەدەمامەوە، تووشی گورگە دوو پێ و پیاوە پارەدارەکان نەدەبووم...)

لەڕۆمانی(کۆشکی باڵندە خەمگینەکان)دا؛سەبارەت بە خۆشەویستی دەروونی ئافرەت باس دەکات.بە تایبەت ئەو جۆر و شێوازەی کە بە خۆشەویستی سۆزداری نێوان نێر و مێ دەناسرێت. تاکە جیاوازی نێوان ژن و پیاو ئەوەیە، بەو شێوەیە لە ڕوانگەی" بەختیار عەلی"دا؛ عەشق و ئەوین ئاستێکی بەرزی خۆشەویستین، وا لە مرۆڤەکان دەکات لە دۆخێکی ئائارم؛ ژیان بەڕێبکەن. بە تایبەت لای پیاوان...تاکە جیاوازی نێوان ژن و پیاو ئەوەیەعەشق ژنان شێت ناکات کە لە پیاوان کاریگەرە. ئافرەت عەشق و ئەوینی لە قووڵایی دڵی وەشار ئەدات چۆن دەروونی گەورەیە و دەتوانێت هەستی کەمتر دەربڕێت.

(...لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە. مرۆڤ پووچی هەموو شتەکانی تری بۆ دەردەکەوێت...تەنانەت پووچی خۆشی...)

لە ڕۆمانی ( هوتێلئۆرووپا) دا؛ ئافرەت هەر چەند ڕۆشەنبیر و بە ئاگا بێت، لە بنیات و کەسایەتی تایبەتی ئەودا جۆرێک لە خەسڵەتی هەیەکە ڕێگرن لە سەر ئەوەی خۆی دوور بگرێتلە خۆدپەسەندی.بە پێی دنیا بینی "فەرهاد پیربال"ئافرەت ئەگەر خاوەنی ئاستێکی خاوەن ڕۆشەنبیری و پێگەیەکی دیار و تایبەتی کۆمەڵیش بوو، بەڵام کاتێک بابەتەکە دەبێتە هاوسەرگیریی و شوو کردن، ئیترهیچ شتێک وەکوو بەربەست لە بەردەمی نامێنێتەوە، و ئەوەی ناوی ڕێکخراو و دەستە و کۆمەڵی ژنانە، کە گوایە کار بۆ ئاسوودەیی و ماڤی ژنان دەکەن، جگە لە درۆیەکی گەورە شتێکی تر نین.

(...کارێکی وا بکەی کە ڕوئیا خانم ئەو پیاوەی لە پێش چاو ڕەش ببێت و...چونکە ڕێکخراوە فێمینیستەکەی ئێمەش لە ئەمریکا کار لە پێناوی ڕزگار کردنی ئەم جۆرە ژنانە دەکات...)

وێنەی ئافرەت لە ڕۆمانی (من هەمیشە نیگەرانم) دا؛ نموونەی کۆیلە وژێردەستەی دەسەڵاتی وشک و ڕەقی باوکسالاری و بیرکردنەوەی هەڵەی پیاوی کۆمەڵگەی کوردییە، بەوەی ئافرەت وەکوو کەرەستەیەک وکاڵایەکی بەرهەمهێنان تەماشا دەکات. دوور لە هەست و وێژدانی مرۆیی مامەڵە لە گەڵ ڕەگەزی مێینە دەکرێت.لە ئاکامیشدا بۆ ڕزگار بوون لەو دۆزەخەی بۆیان داندراوە، خودی ئافرەت دووچاری هەڵە دەبن.

نووسەر"مەحمەد کەریم" پێیوایە ئاکامی ئەو دیدە ناهۆشیارییەی بەرامبەر بە ئافرەت و کەسایەتی ئەو هەیە،ئەو پێودانگەی مامڵەی پێ دەکرێ جۆرێک تێڕوانینی کە وا دەزانێ خوای ژن پارەیە و تەنانەت بۆ پارە جەستەی مامڵە دەکات.

(...خۆشکە گەورەکەم دەیوت: سەلاری کچە گەورەی وتویەتی: باوکم ڕازی بێت شوو بە پیاوی پیریش دەکەم، ئەگەر بە گۆچانیش بڕوات؛ بەس ئەوەندەیرزگارم بێت لە قەڵاکەی باوکم...)

لە ڕۆمانی ( میر نامە)دا؛ئافرەت وەکوو کاڵایەکە لە دەستی باوک، کە دەتوانێت بێ ئەوەی بە هەست و ئەوینی ئەو بەها بدات بۆ پووڵ و پارە مەعاملەی لە گەڵ بکات.تا ژیانی ئاسوودەتر ببێت و شەوانە بە دڵنیایی زۆرترەو بخەوێت

لەم ڕۆمانە دا "ژان دۆست" بە جوانی لە سەر عەشق و ئەوینی نهێنی و ڕاستەقینە ئافرەت و زڵمی کۆمەڵگە و یاسا باس دەکات و ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی کۆردەواری پووڵ و پارەی زاوا بەهادارترە تا هونەر و بیر و هەستی ئەو. لێرە ئافرەت ناتوانێت لە ماف و ئەوینی خۆیدیفاع بکات.و تەنانەت یەک ئافرەتیش پەیدا نابێت لە برامبەری پیاوان هەستێ.

(...شەنگێ: ژنان بەزمانی فارسی و تورکی گۆرانییان دەخوێند و من بە کوردی دەگریام ...)

لە ڕۆمانی ( ماچی یەکەم) دا؛ ڕوانینی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ بۆ ئافرەت و شێوەی پەیوەندی لەگەڵیدا هەمان دیدی نێگەتیڤە، واتە تەماشاکردنی ئافرەت وەکوو کەسێکی مێینە و شوێنی پڕ کردنەوەی حەز و ئارزووەکانی مرۆڤە، نەک وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی و خاوەن بوون و کەسایەتی خۆی.

لە دیدی " کەریم کاکە" پیاوان تەنیا بە چاوی ڕەگەزی مێینە تەماشای ئافرەت دەکەن ، وەک ئەوەی ئافرەت تابلۆیەک بۆتەماشاکردن و هۆکارێک بۆ بەتاڵکردنەوە لە حەز و ئارزووەکان بێت. تەنانەت ئەو پیاوانەش وا ساڵەهایە لە شاخ بوونە و داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەکەن هەر ئەو بیر و بڕوایانە هەیە.

(...دەزانی من هەفتانە ژنم هەیە...ڕەنگە باش لەم زاراوەیە تێنەگەیت، چۆن زاراوەیەکی شارییە، شاخی نییە...یانێ من هەر هەفتەی لە گەڵ ژنێک یان کچێک دەبم...پارەیەکی باشیان دەدەمێ...)

کەسایەتی ئافرەت لە ڕۆمانی( سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)دا؛ ئەو پیاوانەی هەمیشە لە کار و پرۆژەکانیاندا سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، نەهێنییەکەی بوون و ئامادەیی بەهێزی ئافرەتە لە ژیانی ئەواندا.لە گەڵ ئەوەی ئافرەت بوونێکی بە هێز و کاریگەری لە سەر هزر و بیری پیاواندا هەیە. کەچی کاتێک کاردێتە سەر ئەوەی کە تا چەندە ڕێز لە ئیرادە و ویستی ژنانەیان دەگیردرێت بەڵام ڕوانینیان هەر دوا کەوتووە.

نووسەر " کاروان عومەر" دەیەوێت بڵێت: بیر کردنەوەی هەڵە بەرامبەر بە کەسایەتی ئافرەت و خۆخستنە نێو ژیانی تایبەتی تەنیا لە حاڵاتی زیندوویی و ژیاندا بوونی ئافرەتدا نییە، بەڵکوو ئەو دیدە ناهۆشیارایيە لە کاتی مردن و دوای چوونە نێو گۆڕی ئافرەتیش وازی لێ ناهێندرێت و بە پێودانگی نامووس و شەرفی کۆمەڵایەتی جەستەی سارد و سڕی تەماشا دەکرێت.

(... نێر نییە لەم شارە دا بوێرێت چاو ببڕێتە شەرەفی ئێمەوە...تۆ کوڕی کێیت تا لە گەڵ گۆڕی خۆشکمان بنوی....؟!)

وێنا کردنی ئافرەت وەکوو بوونێک لە ڕۆمانی کوردی لەو چەن ڕۆمانە کە باس لە سەری کرا. پێشاندانی ئەو غەدرەیە کە لە ئافرەت وەک بوونێک دەکرێت.کە وەکوو قوربانییە؛ بێ ئەوەی بە هەست و هزر و توانایيەکانی بەها بدرێت. زاڵ بوونی دین، یاسا و بیر و بڕوای پیاوان لە کۆمەڵگەبە سەر ئافرەتدا و هەمدیسان پاڵپشتی نەکردنی ژنان لە لایەن یەکەو لە تەواوی ڕۆمانەکاندا "ئافرەتێک پیشان ئەدات پڕ لە تەنیایی"

سەرچاوەکان:
١- جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا ، ڕەسوڵ حەمە ڕەسوڵ-سلێمانی ٢٠١٣
٢-دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، ئارام سدیق - سلێمانی ٢٠٠٥
٣-میرنامە ژان دۆست، ترجمەفارسی دکتر جمال احمدی- سنە ١٣٩٩



سەقز. شلێر ڕەشیدی

دوای مردنی
ئەو دارستانە ئاواتە
کە
نەریتە گەنیوەکان
سووتاندیان
وەکوو گێژەڵووکەیێکی ناکاو
بمخەرەوە نێو ژیان و
نەمامێکی تاسە بچێنە
ئەمەوێ لە جێی کانیە کوژراوەکە
کێڵگەی تاوێک ڕێ بخەم
هەموو گوڵە ژاکاوەکان گوڵ بدەن
بمێنەوە...
لەم گۆڕستانەدا
ڕەشماڵی هومێدێکم هەڵداوە
ئەمەوێ هەموو سووتوەکان چرۆ بکەن
پەیڤینێکی ژیاناویم پێیە
لەم ڕۆژە داگیرکراوەماندا بە نەهێنی
خەندە دزراوکانمان دەدۆزینەوە
نوقمی پێکەوە بوون دەبینەوە
ئەمجار بزر نابین
سەرە ڕۆییەکانمان پەرژین ئەکەین
بمهەژێنە
دەرگا لە ڕووی هەموو چەتەی خەونەکانمان دادەخەین
هەر خۆم وخۆت
شەبەقێک لەسەر ئاسۆ دادەنێین
ئەوەی سنووری نێوانمانە دەیکوژین
دەیکەین بە
ژێر خۆڵی بیر بردنەوە
کەپرێک دەکەین لە نێوانی چرۆ تازەکانی خەونە
کوژراوەکانماندا
من تەریکی نیشتمانی چاوەکانت دەبم
وەکوو تاوانبارە ڕاکردووەکان
هەر لە پەنا تۆدا ئەمێنمەوە
کە شەو داهات
بەدزی هەمووانەوە
چرایەک بە سۆزە بریندارەکەماندا
هەڵدەواسم
باسی هەموو ڕۆژەکانی بێ تۆیی دەکەم
کەچۆن بەر شاڵاوی بێکەسیکەوتم
چۆن پرووکام لە جێ هەنگاوەکانتدا
پێت دەڵێم
چۆن بەر نەشتەری وشە درام و
ئەنج ئەنجن کرام
بمێنەوە ...
کە تۆ چاوەکانت ببێتە بنکەی خۆشەویستیم
من پێکەنینم بە زامەکان دێت
من ئاگری دووری دەکەمە گوڵستانەکەی ئیبراهیم
بە هەناسەکانت
گەورەترین موعجیزەی ئاسمانم پێیە



بانە. ئەییووب ڕەشـپۆش

## برا کـوژی

قەڵەم بێ زمانی زمان دارە
هەر قەڵەمە کە دەزانێت
براکوژی
تەنیا دیاری کوردەوارە

❋❋

## سەرکەوتن

کاتێک من چەکی شەڕڤانیم بە دوو دەست خستە سەر شانم
سەرکەوتنم بە دەست هێنا
بەڵام ئەوانەی نەیانهێشت
دۆستان بوون نەک دوژمنانم

❋❋

## ڕەشـــپۆش

ڕەشـپۆش بووم کە جەورم کێشا
دێوانەتر بووم لە پێشا
دڵی دڵدارت کە جێ هێشت
نیگاری تەنیاییم کێشا



مەهاباد. مریەم ئاباریان(تەنیا)

هەڵتدەخەمە تەنافی کەزییێکانم و
دەتپێومە  قەوارەی ئازادیم
ناتخەمە کونجی جانتای بیرەوەری
کە
"با"بۆ سیس بوونیان بەدکارە و
بۆ سڕینەوەیان جەوهەری خوێن!
وەنەبی نەزانم کارم بێ
نااا!
تاساوی  فریو و مەکری شەقامەکانی شارم
بەدەیان وسەتان پاتە
 بە سووخرە دەبەنە نیگام و
هەنییەم بەر تەوژمی تاتۆ دەبەن
من بەرۆژ نیم!
بەر لەرۆژم!
تێکەڵاوی هەر هەنیسک وئاخ و داخێکم
کە دیوارەکان بە گەپ بە رەپی دەبەن
تێبینی:رەپ لێرە شوێنی بە رابردوو لێژ کرد
بۆیە گەپی پێدەردرێ!!
ئەوەنی هەڵامەتیش بگری
کەس هەلیماو ناخوا
لەخانانت دادەبەزێ!
قاوەی ئەو جارەی تفت وتاڵ بوو
کەترێکی بچووکی زەرد،
نا رەش نا
بۆنی ئاورم پێخۆش نیە
لەگەڵ کەچکێک دارچین و زەنجەفیل
بۆتە پراگرامێک
شاشەکان وەک دەسرەی سەرچۆپی
گرێوی بۆ دەبەستن!
لەو دەقە دا تەناف لەکەزی دا ون بوو
لە ڕاستی دا
"کەزی مەخمەری کراوە"
هەرچی بەسەر ئەو دەقە دا بڕوا
وەک ئاڵای ڕوومی زەق زەق
چاو دەترووکێنێ
 جانتایەکی دەستەمۆ دەکرم
کوێ بار کەوتوو بێ
باری بخات
و لەکوێ کڕیارێک بێ
شتێکی پێ بمێنێ
دەنا ماڵداری بە ڕابردوو ناکرێ!
نا...ناکرێ



ڕوانسەر. ئەسعەد زۆهرابی

ساڵی١٩٨٨
پیرە ساڵێکی ڕیش درێژی سیما چرچی گەردەن بەرزە
لە هەموو ساڵانی تر بەرزتر
لە دوورەوە سیمای دیارە
١٩١٤ ئەڵێت
ئەمە بێکەسترین ساڵە
کە لە دوای من
جیهان داپوە لە قەنارە.

❋❋

خۆشەویستم
هیچ شانازێک بۆ درەخت نییە چرۆ بدات
چرۆ دان کاری درەختە
هیچ شانازێک بۆ ئەستێرە نییە بدرەوشێت
ئەگەر نەدرەوشێت ئەستێرە نییە
هیچ شانازێک بۆ کانی نییە کە قووڵ بدات
گەر قووڵ نەدات کانی نییە
من شانازی بە تۆ دەکەم
درەخت نیت و چرۆ دەدەیت
ئەستێرە نیت و دەدرەوشێت
کانی نیت و قووڵ دەدەیت
من تێ ناگەم
کاتێک تۆ هەیت
هەبوونی ئەم سروشتەیە لە بەر چییە؟
کاتێک تۆ هەیت
ئەم جیهانەم  پێویست نییە

❋❋

دایە گیان
لە دڵی مندا
زەوی دڵتەنگێکی گەورەیە
کە بە دەوری نەبوونی تۆدا دەسووڕێتەوە

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# شێعر بۆ مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان



بانە. باوکی نیشتمان

## گوڵ

بێوێنەیە و بۆنخۆشە
چارەسەری نەخۆشە
چەندە لەبەردڵانە
جێگەی لەسەرچڵانە
یان لەنزارو دەشتە
شاجوانی ناو بەهەشتە
والەناو باخچەی حەوشە
ناوازەیە و بێخەوشە
نازدارو نازەنینە
هێمای عەشق و ئەوینە
هاورێی باشیش وەک گوڵە
ئازیزی هەرچی دڵە
سەرنجراکێشی خەڵکە
بەقازانج و بەکەڵکە
بەعەتری گوڵ دڵخۆشین
بەبۆنەکەی بێهۆشین
با هەموومان بەگوڵ بین
دڵسۆزی ئاو وگڵ بین
ببین بەژینگەپارێز
بۆ نیشتمانی بەڕێز

## کێبرکێ

دوێنێ کێبرکێ پەڵە هەوران بوو
ڕەشەباو گڤە و تۆفو باران بوو

یەکەم شریخەی هەورە گرمەیەک
بوو بەدەستپێکی بۆ پێشبرکێیەک

لەپاش کاژێرێک هەوڵ و تێکۆشین
هەور نەمابوون لەئاسمانی شین

چاوەڕوان بووین تا بزانین کێیە؟
هەرسێ براوەی ئەم کێبرکێیە

بەشی یەکەم بوو بەو خۆرەتاوە
کۆڵکە زێرینە بەدووهەم براوە

سێهەم یەک حەوتوو سواری بای شەماڵ
هەوری براوە شاد بوون و خۆشحاڵ

## هەورو ڕەشەبا

هەورەکان هەموو وەک ڕانەمەڕن
بەئاسمانی شیندا ئەگەڕن
قەڵەوو سپی و خڕین و جوانن
ڕانە مەڕن تەک کاکە شوانن
هەورێکی ڕەشی بەسام لەو لاوە
بەهەڕەشەی با دێتە ئەو ناوە!
چی هەوری لێیە هەڵیان ئەلووشێ!
ڕەشەبا ئەیکات بەهاشو هووشێ!
لێزمە بارانێک دا ئەبارێنێ
جارەگوڵزاری پێ ئەڕازێنێ
ئاودێری ئەکات بێستان و مەزرا
هەورەکان ئەبات بەلایێ ترا!

## تانجی

جێگەی ژیانی دێیە
ئەچێ بۆ هەرچی جێیە
لەڕە و باریکو لاواز
هەڵدێ هەر بەقەڵەمباز
کەروێشکو کەو ڕاو ئەکا
دایم چاوە چاو ئەکا
پاسەوانی شوانە
لەسەربانە شەوانە
گەلێ تامەزرۆی ڕاوە
هەر بۆیە ڕاگیراوە
لای ڕاوچی خۆشەویستە
بۆ ڕاوکردن پێویستە

## بۆق

بۆق بۆق، من بۆقم
مەمترسێنە ئەتۆقم!
قوور قوور، ئەخوێنم
کەوچکەقولەی خۆم ئەدوێنم
ژینگەم وا لەلای ئاوە
لەو ژێر تیشکی هەتاوە
لەناو ئاو مەلەوانم
لای کانی پاسەوانم
وەکوو ماسی بووم جاران
لەناو چۆم و رووباران
وردیلەو شۆخوشەنگ بووم
کلکەتەشی چەلەنگ بووم
ئێستاکەیش ئاوا گەورەم
ئاوازخوێنی ئەم دەورەم!
کەوچکەقوڵە =کلکەتەشی

## پشووی هاوین

وەرزی پشووی هاوینە
دنیا لەلام شیرینە
داخراوە قوتابخانە
لابراوە دەرسو وانە
کات هەر وەکوو تەڵایە
هەرگیز نایدەم بەزایە
ئەمێستا خەریک کارم
وام لەلای کەسو کارم
یارمەتی باوکم دەدەم
خۆم لەکاران وەردەدەم
ترسی دەستم ئەشکێنم
خۆم لەکل دەرئەهێنم

## بزن

شاخی تیژو درێژە
شاخەوانی جێی لێژە
هەڵدێ هەر بەقەڵەمباز
هەڵئەگەڕێ لەهەوراز
ڕیشی هەیە و تووکنە
کێ پێی دەڵێ هێمنە؟!
هارو هاجە هەمیشە
ئای کە چەن بزێویشە
ئەچێ بۆ دەشت و شاخان
بۆ ناو بژوێن و باخان
زۆر حەزی وا لەوێنجە
دێتو دەچێ بەلەنجە!

## مەڕ

خاوەن خوری و خڕینن
لەسەرخۆن و هێمنن
هێندە بەکەڵکو چاکن
لەئاژەڵاندا تاکن
بەکۆمەڵ دێن و دەچن
لەبەر شوان ملکەچن
ئەژین لەدەشتایی و هەرد
لەپاڵ کانیاوی بێگەرد
بۆ چیمەنی گژ و گیا
ئەچن هەتا لووتکەی چیا
بەگۆشتوپێستو شیرن
بۆ گشت کەسێ دڵگیرن

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## سەردەشت. خەمبار

چ خۆشە باسی دڵداری چ خۆشە
لەگەڵ یارا بزە و یاری چ خۆشە

چ خۆشە ماچ و مووچ و دەست بزێوی
چەمووشی چرگ و بێعاری چ خۆشە

بە شانەی کەی کەزی و پەنجەت لە لا چاو
لە کاتی لات و بێکاری چ خۆشە

لەکاتێ گوڵ دەپەیوێ جوێنی ناخۆش
کە ئەڕوانیە دەم زاری چ خۆشە

بە پەنجەت تۆند بگوشی دەستی ناسک
لە ناوبەند و دڵی شاری چ خۆشە

چ خۆشە لانی کەم ڕۆژێ جەلێکی
بسێنی ماچ بە لاساری چ خۆشە

نەخۆشی زۆر نەخۆشی پڕ لە ژانی
ئەوین و دەر،دوو ئازاری چ خۆشە

وەکوو ڕێبوارێکی ماندوو و پەرێشان
تەنیشتی گوڵ بنەو باری چ خۆشە

بچی بۆ باخەکەی پڕ تام چێژی
گوڵێ بچنی لە گوڵزاری چ خۆشە

دڵێک مەست و دڵەی تر شێت و شەیدا
وەلا نێن وەرزی خەمباری چ خۆشە

لە دارت دەن نەترسی ڕێ بپێکی
حەز و تاسەی بە زۆرداری چ خۆشە

چرای ماڵە ئەوینی دوو ئەویندار
ژیان بروا بە نازداری چ خۆشە

ئەسەف ئەمرۆ ئەوین دەگری لە داخا
گەلاکۆی دژ جەفاکاری چ خۆشە



## بۆکان. حاتەم مەرزەنگ

درک وداڵ باویانە،قەل خۆشناوە،ڕێوی ڕۆستەمە
کەڵ بە موو بەندە،چەقەڵ ڕەندە،ژیان زۆر ئەستەمە

خەڵکی وا حیز کردۆ ئەو وەرزە،ئەوەند حیز پەروەرە
ڕق هەوێنی شیعرە،بێزاری تلووعی بەستەمە

چی دەڕوانم دەورووبەر زیندانە،ئازا کویلەیە
تف لە باران وبەهار،شا، ئەو بەرامو بەرهەمە

گورگە مێش ڕۆژێتی،جارێ با کەلاکان کێش بکا
لیکی سەگ ئەمڕۆکە بۆ ئازارو زامان مەرهەمە

سا بەسەر ئەوحاڵەشا مەیلت لە دڵ ناچێتە دەر
عارزی مانگی ڕوخت هەوری گەواڵی پەرچەمە

عاقڵان روویان لە مێحرابی مەقام و سەندەڵییە
شێتەکان شەیدای وڵاتیانن جل و بەرگیان خەمە

توند کلاوت بگرە باکەی توندە گێژت پێدەدا
بۆ هەڵۆش ڕێگای فڕین نێ ئاسمان تارو تەمە

زۆر عەلیان خستۆتە داوی مینبەرو زەرگ و چەقۆ
دەستی ڕاست بۆ دەستی چەپ ڕاست خاڵە ئیبنی مولجەمە

بۆ لە خەو ڕاناپەڕێ و نایدا بە نەقدی عەقڵەوە
چی لە دەس زاڵم وەری بگری سەراپا هەر سەمە

زۆر لە مێژساڵە بریندارە دڵم، بیرە گوڵم
مەرهەمە بۆ دڵ، دەمێک، دەم، دەم ئە لەم سینەو مەمە

کێ بەقەت شاعیر دەناڵێنێ لە سوێی زامی وەتەن
عاشقی خاکی وەتەن بێ سێ و دوو هەر حاتەمە.



## داڵ

دێلرۆن(دهلران) . نامدار جابری

پەنیێ دەریایێ دڵە تو
بێ بن و پڕ شپە
دڵە منێش قایقێکە ئاشق
ک دە ناوجا شپەلێ
چی شێتێ داڵ خوەرێ

## dall

Peniyê deryayê dile tu
Bê bin û pirr şip e
Dile minêş qayiqêk e aşiq
Ki de nawca şipelê
Çî şêtê dall xwerê

#فەرهەنگۆک:
پەنیێ: peniyêپهنای
شپ: şipموج
ناوجا: nawcaمیان, وسط
شپەلێ: şipelêامواجش
داڵ: dallبی اختیار تاب خوردن

## مست

هەرڕۆ
مەستم وو خراو
دێرە
نە ڤەر چەو کەسی لێڤەم
نە ڤەر چەو گەزمە
گۆناکار
دێرە
مەستەلە خراو
دڵەلۆ گەپن
خیابۆنەلە شەر(شار)
دییمۆنۆ هە ڤ
ئاشقەلێ ک
ئەژ دنیا ئەودەر گەردن
شەرێ ک ئاشقێ
مەست نیە
خراو نیە
خیابۆنێ ڤ ناو مەستەلێ نەیرێ
شەر(شار) نیە

## Mest

Herro
mestim û xiraw
Dêre
ne ver çew kesî lîve m
Ne, ver çew gezme
Gonakar im
Dêre
Mestele xiraw
dillelo gep in
xiyabonele şer(şar)
Dîyimono he vi
aşiqelê ki
Ej dinya ewder gerdin
Şerê ki aşiqê
Mest niye
xiraw niye
Xiyabonê vi naw mestelê neyrê
şer(şar) niye

#فەرهەنگۆک:
دێرە: dêreاینجا
ڤەر: verبرای
مەستەلە: mesteleمست های
دڵەلۆ: dilleloدل هایشان
گەپن: gepinبزرگ هستند
شەر: şerشهر
دییمۆنۆ: dîyimonoچشم اندازشان
ڤ: viبا(حرف اضافه)
ئەژ: ejاز (حرف اضافه)
ئەودەر: ewderبیرون
مەستەلێ: mestelêمستهایش
نەیرێ: neyrêندارد

"بە زاراوەی کورمانجیێ پەهڵەیی(باشووری ئیلام)"

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



سەردەشت.
گوندی بێتووش
سابیر بێتووشی

له گەڵ زرم و کۆی ئەو هەموو بۆمبایە
له ناو ئەو هەموو دووکەڵ و تەمایە
کۆترەکان بە سەر ئاسمانی شارەوە
بێ باکانە بە باڵدان ئەخولانەوە
لە گەڵ سووتانی هێلانەی خەویشیان
حەوانگەیێ تر بۆ خەو دەکەن نیشان
بە هیوای گزنگێکی تر ئەخەون
بەڵام ئەوان هەرگیز له فڕین ناسرەووون
زیبەکان له گەڵ ئەو هەموو قوڕت و قوڕاوە
گێچەڵی کوێرە شیوی داڕووخاوە
بەر بەست و تاتە و گۆم و ڕێی کاروانی
ترسی هیچ کۆسپ و لەمپەرێ نازانی
ئەوان زیاتر تورە ئەبن و دەگاژن
زۆر شێتانە بەرە و دەریا دەبازن
تا ڕۆژێ دەبنە شەپۆل و تاو و تین
ڕەنگ و ڕوو دەگرێ له ڕوو ئاسمانی شین
هەزاران ساڵە ئەو شاخە ئەستەمە
دەستە و یەخەی بۆران و تەرزە و تەمە
زامە جەستەی هەزاران گا تاوێرە
بە ناپاڵمی ڕق لش دابێژ دابێرە
بەڵام ئەو هەر نەجوڵاوو نەدۆڕە
بە پێوە هێمای هیواو ڕەنگی خۆڕە
زۆر لە مێژە بەژنی ئەو داربەڕوینە
تەورە کوژ یا سووتانی پرچی شینە
بەڵام هەر کە نەورۆزی نۆ دێتەوە
سرووەی سەر مەستی بە ڕوو ئەشنێتەوە
وەخۆ کەوێ شکۆفەی سەرووڕ پۆپی
بە بای شەماڵ دێتە لەرزانە و چۆپی
با بزانن هەرچی وا دەعبای شەڕن
خوێنڕێژی داگیرکەری ماڵان بەرن
نە کوشتن نە ئەنفال و بەندیخانە
بەربەست ناکا ڕێی سەربەستی ئەم ژیانە

## شاعیر

سەقز. مریەم یەتیمی

١- له هەر چرکەی هەوری
فرمێسکێ
له سۆزی خەم و شەرابی خەیاڵ
له هەرخەونێک
جاری کە جۆگەی شەراب
له لێوی گوڵ وشەیێ شاعیر

٢- له ڕۆژگارگەڕێ
کە دەنگی عەشق دەسرێتەوە
باڵی بیر هەڵئەوەرێنێ
تا پەپوولەیش!

٣ ـ تەلی سینەم دەسووتێنێ
هەموو ئاخم
هەناسەی ئاهی مرۆڤەکان
له ناو شەوەزەنگی خەیاڵ دێتەبەرگوێ
کە ڕۆشن ترێک له ڕۆژ

٤ـ شاعیرێکم خەمی
دایک بوون له مندا
سپی تر له شێعر
سوورتر له خوێنی دڵە زەمان...!

٥ـ ناخم پڕە له وردە چەقۆ له خۆری
سەربراوی ئاسمان
سەرم پڕە له گەرمەژانی
خەمی ئینسان
له خەیاڵی ئەستەم
بارستایی ستەم

٦ـ خەیاڵ کە پاڵم تێوە ئەنێ
بۆ شێعرێکی دڵ بەسۆ
دەترسێم له خەبەری  قاڵاوی پۆستچی!

٧- له کوێی زەمان
ڕاوەستاوم؟ نازانم
وێستگەی شێعرە یان
دارستانێک کە هێلانەی
مەلانی تیا هەڵدەپرووزێ
زەوی کۆێر زەوی کەر



٨- تۆزی وشەی
وشک له ورد بونی دا ئەوک
دەگرێ

٩ـ خەماوی ترینی زەوی
تۆزی خەمە و قیژەی برین
قوڕگت ئەکاتە بیری
ئاهەک گرتوو
شێعر دەبێتەکۆترە شینکەی
خەم

١٠ـ ئێرە خەمستانی
عاشقانە وشە
بێ ڕەنگ و بێ بێکەسی بێکەسە
دنیا
خەم دەپرەنگێتەوە بە سەرشارەوە

١١ـ شاعیربوون سەختە
له ناخی گوڵ له
لێوی گوڵ وشە جاری کە شەرابی
خەیاڵ...

١٢ـ بەیانییەوە
بانگت ئەکەن نیوە ڕۆیە
سەرێک له خۆ ڕادەوەشێنی و
کە چەن لەیەک حاڵییە دنیا
هێشتا چاوت پڕە له خەوێک کە
نفرین دەکا له دنیا و هەرچی
تەباهییە
لەو دا

١٣ـ هزری خەو له
سەر پەرپوم شاعیر
شەرابی خەیاڵ له
سەرلێوی گوڵ وشە جاری...

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



ئیلام. دێلۆران. زێنەب فەرزی

ئاخ چەوم ئەژ خەمێ تو سا نەکرد
ئەسرێ چەوم زەخمێ دڵ ئازا نەکرد

ئاخ ک ژۆنێ دڵی مە یاڵ کرد
تفڵێ تەڕێ ئاورد وو مرداڵ کرد

بێ تو چی ئەو باخێ تلاڕو بیەم
داڵێ شرێکم کز وو ئەفتاو دیەم

چی سەرداوێ ک بەڵگێ واشم ڕزەن
چی پەپی یی ک هەر دو باڵم کزان

درقدەرێ کیچە وو ماڵم نەکە
مردێ تۆنم هێ زنە چاڵم نەکە

سەر ندرارم مە ک ئەژ کارێ تۆ
ئەژ ئی هەمێ خەمە ک هە دە بارێ تۆ

دەس بکێش ئەژ سەرم قەلارم نەکە
داخ نەنە ئەڵ دڵم وو خارم نەکە

مە ڤ سنگێ پرسیین حاڵێ تۆ
خومە ئاخرێ یام ڤ دەر ماڵێ تۆ

## بۆنی شێعر



بۆکان. پەروین نازری

بۆنی هەرشێعرێ جیاوازە
هێندێ شێعر...
لێوڕێژن لە بۆنی باران،
بۆنی گیا و گژی دارستان،
داری هەنار و هوڵوو، بۆنی گوڵەباخ،
هەندێ جاریش
بۆنی باوەشێک چرۆی سپی وزەردی یاسەکەی
جیرانمان...
هورروژم دێنێ بۆ لوتت،
هێندێ شێعر بۆنی دایکم دەدەن
هێمن هێمن،
هێندێکیشیان ختیلکەم دەدەن،
وەک کراسە مەرەزەکەی باوکم،
نەرم وزبر،
جاری واشە بۆنی خودایان لێ دێ،
ئەو شێعرانەی زۆر دلۆڤانن...

## کراسی ژین

کراسێک هەیە
سپی گوڵ سوور،
نەرم نەرم
هەورێکە پڕی گوڵە باخ،
کە لە بەرمی دەکەم،
هەستی دەکەم
دەنگی چیا،نەرمی گیا، تینی هەتاو
هێمن هێمن
سەرخۆشم دەکا بۆنی ژیان...
کراسێکم هیە، بۆری زبر،
کە دەیکەمە بەر،
هەستی دەکەم
بۆسۆی دڵی هەڵقرچاو،
سەری سەر ئەژنۆ
نامۆیی ئاوات وهیوا،
تەڕایی فرمێسک و
خەونی شەونخوونی ،
سڕم دەکەن،ئازارم دەدا،
کەچی بێهۆ هەمووکات،
بێ ئێزنی هەڵبژاردن..
ژین کراسە بۆرەم لەبەر دەکات.!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە



## چاوچنوک نیم

بانە. کام ژین

چاوچنوک نیم
نایفرۆشم
خاک ، پاراوگەی منە
بووکەبارانەم بۆ کردووە
گەرچی ئەزانم
سرووشتی ئەم خاکە وایە
سێدارەی
غەریبی و بێ کەسی و مەرگم
سەوز ئەکا.

## تەقینەوە!

ئەی شەدەلارەکەی خاوەن
کۆشک و تەلاری جوانی
ئەمجارەیان
شێعرت شڵەژاندوە !

با شاعێریش راچڵکێ
بە سێحری
تەق تەقی قەدەم
شەقامت تەقاندووە !

شەقام شەقام
بریندارت زۆرن، زۆر
هاوار هاوار
بە تەنیا منت کووشتووە!



بانە.ک.د.ئازاد

### ناسین

هەموو تەورەکان دەمناسن
لەشم ئامانجی ئەوانە
زامەکانم
بە قەد گەڵای دارستانە!

### ونم کردووی

ونم کردووی
جوغرافیای ئێرە بەرینە
ڕوو لە هەر لایەکی دەکەم
دەرد وئازار و برینە!

### پەشیمانی

ڕێگام مەکە بە دڕکەجاڕ
نەکا پەشیمان ببیەوە و
بە کەساسی
بێیەوە لام بە پێخواسی!

### مژدە

شالوورێک بۆتە هاورێم و
هەموو ڕۆژێ
لە پەنجەرەی ئاوەڵاوە
مزگێنی بەهارێک دێنێ
کە ساڵەهایە تۆراوە!

### تەنیایی

کە دەنگت دا بە تەنیاییم
فێرم کە چۆن ئارام بگرم
فێرم کە چۆن
بێ تۆ بژیم!

### مۆسیقا

لە گەڵ مۆسیقا نامۆ بوو
بەڵام سازی دڵی منی
باش دەژەنی
کاتێ قاقا پێدەکەنی!

### پێ لێنان

لێم ببوورن مناڵەکان
کە نەمتوانی
وەکوو بەڵێنم پێدابوون
بە ئازادی
داهاتووتان
پڕ کەم لە دڵخۆشی و شادی!



مەریوان .کانیسانان
لوقمان پوورڕۆستەمی

چین بە چین باڵام ئەپێوێ چاوی ڕەش لەم شارەدا
ژیــنی هــەڵداوە لە توێتوێ ئـەم دڵـە بـیمارەدا

دایە دەم لەم شارە گشتی خوو بە لەیلایی دڵـــم
پڕ بە ناز و شەرمی شۆســـتە شێتیە لـــەم بارەدا

تۆ بە قاقای پێکەنین و من بە شینم پیت بە پیت
پەیـڤەکانم شەڕ ئەگێڕن لــەم سەری ئەشعارەدا

هێندە ڕووگەی پرچەکانت نایە دڵ ئەسرینی ڕووت
ئۆقــرە نابینێ زرێــبار لەم یـــەکی ڕووبارەدا

چەن بە نەرمی لاشە کەوتنە بن هێڵی سنوور
هێندە بێ تۆیی ئەباری لەم لەش و لێوارەدا

وا هەناسەی ژوورەکەم خۆیی دا لە ئامێزی هەتاو
کاتێ دووریت شین دەگێڕێ لەو بەری سێدارەدا

لەو کەلی چاوت بپرسە چۆن دەکێشێ پرچی شەو
وا ڕژاوە ڕۆژ بە ڕەنگ زەردی بە سەر ئێوارەدا

سەردەمێکە کوڵمی ژین پاییزی لێ دەڕوێتەوە
بێ و هەناری هەڵدە ئامێز لەم بەرەی شەوگارەدا

داری جەستەم گەشتە نووکی پێڵی چاوت بۆیە ڕۆح
چین بە چین باڵام ئەپێوێ چاویی ڕەش لەم شارەدا

## پەپوولە

بۆ منالان

سەقز. سەرمووسێ
میکائیل حەسەنی



من پەپوولەی جوانم
عاشقی گوڵستانم

ئەژیم لەسەر بەرگی گوڵ
لەسەر لق و لەسەر چڵ

گوڵ گەلێک مێهرەبانە
نەرم و نۆڵ و جوانە

جوانی خۆی مان پێ ئەدات
داوای هیچ مان لێ ناکات

باڵەکانم خاڵ خاڵە
هەڤاڵی من منالە

منال هەر وەکوو گوڵن
زۆر جوان و پاکە دڵن

منالانم خۆش ئەوێ
دڵم بۆیان ناسرەوێ

چونکوو دڵیان ڕەحمینە
پڕ لە خۆشی و ئەوینە


ئەی منالان ئەی گوڵان
جوانیەکانی نیشتمان

من پەپوولەی خاڵ خاڵم
عاشقی گوڵ ومنالم



# هاوڕێ

وەرگێڕ: ئەمین گەردیگلانی



سادق چووبەک

دووکەس باشترن لەیەک کەس،چونکە پاداشێکی باش بۆ زەحمەتەکەیان وەدەست دێنن.هەرکاتێک یەکیان لەپێ بکەوێ، ئەوی دیکەیان دەچێتە بن پیلی و هەڵی دەستێنێتەوە. بەڵام لێقەوماو ئەو کەسەیە کە بەتەنیا دەمێنێتەوە. چونکە هیچ کەسێک دەست ناکەوێ یارمەتیی بدا و هەڵی بستێنێتەوە.

تەوراتـ ئایەتی ٩و ١٠ بەشی چوارەمی کتێبی جامیعە

دوو گورگی برسی و لە سەرمانا کەسیرە بوو،کاتی بوولێڵە بەتیرەشانی کێوێکدا داگەڕان و گەیشتنە دەشتێک. بەفرێکی قورس و زاڵم دەشتەکەی داپۆشیبوو. باڕووشک و بادەوە گێژی دەدا و چاو هەڵنەدەهات. کەندولەند و چاڵوچۆڵ لەژێر تەوژمی بەفر و لوورەی بادا لووس و ساماڵسا بووبوون. ئەو جووتە گورگە برسی و هێزلێبڕاوە بە سەر بەفرەکەدا خۆیان کێش دەکرد و لاتراسکەیان دەبەست. لەبرسانا لمبۆزیان لە بەفرەکە هەڵدەچەقاند و زمانیان پێدا دەهێنا و بە کەڵپە و شەویلاکەی لەرزۆک و بێ هێز بەفریان دەجاوی.

جێ پێی قووڵ و ڕەشی ڕەوە ئاسکی پێشتر لەو شوێنەوە تێپەڕیو،دەتگوت ڕەشکەیە بە سەر بەفرەکەدا پرژاوە. یەسقانی سەروڵاق و لاتەڕافی ئاژەڵی لەمەوبەر مردوو لەبەفرەکە وەدەرکەوتبوون. ئەو جووتە گورگە نەیاندەزانی بچن بوکوێ. شەکەت بوون و بەجارێ هێزیان لێبڕابوو.

قامچیی کزەبا و بادەوە و سوڵەی سەرما و برسییەتی بۆ پێشەوە ڕایدەدان. هاژوهووژی باڕووشک و لوورەی زریان نەدەبڕایەوە. برسییەتی لە ناخەوسڕی کردبوون و ئێسکی لەشیان دەیزیراند. زللەی بادەوە و سۆڵەسۆڵی سەرما ددانی وەشەقەشەق خستبوون و وەک مێژۆکە دەلەرزین. بەیەکدادەدران و لێک هەڵدەنگووتن. هەریەکەی بۆلایەک تلاسکەیان دەبەست و دەکەوتنە چاڵوچۆڵەوە. لەو کرێوە و بادەوەیەدا چەواشە و سەرلێشێواو دەڕۆیشتن و بیابان دوایی نەدەهات.

ڕۆیشتن، ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە لای پیرە داربیبیەکی لەڕەگ و ڕیشە دەرهاتوو کە لایەکی بووبووە سەلکەبزووت و سەرما وەقرچەقرچی خستبوو و لقە وشکەڵەکانی وەک پەنجەی ڕەقەڵ بەرەو ئاسمان ڕاسابوون.یەکیان لاقی لە بەفرەکە هەڵچەقی و جەستەی سڕ و بێ هێزی کەوتە لەرزین و لەجێی خۆی ویشک بوو. لەشی هێندە قورس بوو دەتگوت بە بەفرەکەوە بەستراوە،نەیدەتوانی ببزوێ و جووڵەی لێبڕا. هاوڕێکەی بەپەلە و چاو برسی هات بەلایەوە ڕاوەستا و قورسوقایم لاقی لەسەر بەردێکی ژێر بەفرەکە دانا،جێی خۆش کرد و چاوی لە هاوڕێ کەلەلا و داماوەکەی بڕی.

هاوڕێی لە هەڕەکە کەوتوو ترس گیانی خستە لەرزین و پێلووی چاوی داکەوت، بەزۆر پێلووی هەڵێنایەوە وهەموو هێزی خۆی لە چاوە بێ سۆماکەیدا کۆکردەوە و سەرنجی لەسەر هاوڕێ چاوبرسی و بەتەماحەکەی گیرسایەوە. هەرچی هێزی لە خۆی دا نەیتوانی هەنگاو هەڵێنێتەوە. لەناکاو نیگای وەلەرزین کەوت و لەژێر تەوژمی دڕی چاوی برسیی هاوڕێکەیدا تاقەتی نەهێنا،پێلووی چاوی داکەوت و لاقی بێ هێزی نووشتایەوە و بەلادا هات.

ئەوەی بەپێوە بوو،چاوەبرسی و پڕتەماحەکەی لەو سیمایە بڕی کە سەردەمێک هێلانەی گەرمی نیگا بوو. ئێستا ئیتر ئەو چاو و ڕوخسارە لەسەر عەرزی سڕ و گەردالەبەفر پێڵووی بەقورسی داکەوتبوو. هاوڕێی بەخوێن تینوو،تینی هیوایەک دەناخی گەڕا و لووەرەیەکی برسی و لەرزۆکی لە کەلێنی کەڵپەو ددانییەوە دایە دەرێ.

گورگی بەلادا هاتوو، هەوڵی دا هەستێتەوە.تووکە قرژەکەی لەژێر باپووسکەی بەفرەلووکەدا کەروێشکەی کرد و جەستەی زیاتر لە بەفرەکە ڕۆچوو. دەمی داچەقی و زاری وشکی داچەقاند و پووکە شینەکەی و کەڵپە تیژەکەی وەدەر خست و کەڵپەی تیژ و برسیی لە گەرووی هاوڕێ داماوەکەی هەڵچەقاند و خوێنی گەش لە دەماری مل و قورقوڕۆچکەی هەڵقوڵی و بەفرەلووکەی سپی و ویشک، بوو بە بەفرێکی تەڕ و گەش.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## یە دۆت کێیە؟!



ئیلام. مصطفی بیگی "رودوس فەیلی"

یە دۆتِ کێیە؟ خوەزەو وە خوەی؟
گووش وە قسەی باوگێ دەێ

رووژان وەختێ ئەڵسیا
وەر ژە نان و ئناشتا

دەس‌دەم خوەی دشووریێ
دە ئاوێنە خوەی نووڕێ

ئمجا شانگِ سەر کەێ
نان و شیر و عەسەڵ خوەی

فرمانکەرە زرەنگە
نەقاشییەی قەشەنگە

نۆسنێ دەرس و مەخشەی
خوەنێ وە دەنگە خوەشەی:

"ماڵووکانەم رەیینە
خودا! چەنێ شرینە"

منیش وەر کەم وەر ئەو خوەێ
وە ئی شێعر چرم وەێ:

دۆتەم زەرەێ شرییێنە
فرە سەیین رەیینە

گشتێ ئیشن: "خوەزەو وە خوەی
داڵگێ لە دەمێ بخوەێ"

وە خڕ، وە خڕ، وە خڕێ
وە خڕ زوڵفِ درێ

وە خڕ ، وە خڕ، وە خڕێ
وە خڕ هڕ و گوڕێ

وە خڕ، وە خڕ ،وە خڕێ
وە خڕ قڕ و فرەی

پرچ درێژ و درێ
و خڕ قژ فرێ

گشتێ بویشن: "خوەشاڵە خوەی
حەقە داڵگێ هیچ نەخوەێ"

یە دۆەت کێیە؟ خوەزەو وە خوەێ
گووش وە قسەی باوگێ دەێ

## خۆشەویستم



سنه. زوهرە سەولی

خۆشەویستم
ئەگەر
کەسێ
لێرە
ویاکووهەر لەوێ
پرسیاری کرد
خوزگە ژنێ....
تۆی خۆش ئەوێ ؟
بە ئاشکرا
ناوم بەرە !!
ڕۆحم
کە ، زۆرم خۆش ئەوێ
تۆ هەستی شەوگاری منی
تۆشێعری ئەوگاری منی

❋❋

سوور ئە زانم شێعری تۆ لەم ناوە ناوە بۆمنە
دەستی شاعێر تابوێرێ ،باقە باقە گوڵچنە

کوا ئەتۆ دیتووتە شێتێ شێعری شەیدایی بڵێ؟
خاترت جەم بێ کە ئێستە وا لە ئەم شاری سنە

جاکە بەرماڵی خەیاڵت دادە پۆشێ هەستی من
خۆ ئەزانم چاوەکەم دەین و گوناهم گردنە

نامەوێ شێعرێ بنووسم پڕلە تاسەی دڵبەری
باوەڕت بێ نازەنینم یادی تۆم هەرلە کنە

کامە باوانی بەغەیری دەست و پەنجەی هەستی تۆ؟
قۆر بە سەر نووسەر کەدایم جەرگی ئەنجن ئەنجنە

## غەیبەتنامەی کاسەرۆک و تێچووی ئاڵیبوونی کایۆنس!



مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان

لەیەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم، وەک مامۆستای دەرسوێژ، لە ئاوایی "جلشۆخ" هاوکارەکانی ساڵی خوێندنی نوێم دۆزینەوە و بەسەرمکردنەوە. پێش ئەوە،ڕوانگەی من زۆر جیاواز بوو بەرانبەر بە قوتابخانە و ساڵی نوێی خوێندن و ئەم باس و بابەتانە، ئەخە وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا بۆ من هەوەڵین ڕۆژ لە هەوەڵین ساڵی مامۆستایەتیم بوو. سەرۆکی قوتابخانەکەمان، بە وتەی ئەم هاوڕێ نوێباوانەم، دوومانگ لەمەوبەر بەهۆی ڕووداوی پێکدادانی ئوتووبووس لە نێوان شەقامەڕێی "تاران ـ شارئاوەدان"، جەستەی بەتوندی ئازاری پێگەیبوو و دۆخی تەندروستیی کەوتبوو مەترسییەوە. لە سەرەتای ڕەزبەر تا کۆتایی وەرزی پاییز بێ سەرۆک بووین و قسەی خۆمان بێ و لەنێوخۆمان دەرنەچێ چ پەکمان بە هەبوون و نەبوونی سەرۆک و مەرۆک نەکەوت و بۆخۆمان گشت ئیشەکانمان تێدەپەڕاند ـ بموورن:"ڕادەپەڕاند" ـ ؛دوای ئەو ماوەیە کابرایم ناوێکمان لێ پەیدابوو و لێمان وەژوورکەوت کە گوایە سەرۆکی گۆرینمان ئەم مامیرزایەیە. بەڕواڵەت هەتا خوا حەز دەکا مرچ و مۆن و نەدوێن و ڕەزاگران و بێ دم و دوو دیاری دەکرد و هەرامەیەکی ئاماڵ–پشتێنبەندیان لە ملی خستبوو، پەرژینێکی بەگوڵ بێ هەر دەتکوت هەرامەی گۆرینە کە دیارە ئێستا ناوەکەیم لەبیرنەماوە . کاتی قسەکردن لەگەڵ هەرکەس دەبوو ڕووی تەواو وەرگێڕێ بۆ لای ئەو کەسە ،هەر دەتکوت "فارس وتەنی"،ئادەم ئاهەنییە.

جاکەتێکی ڕەشی تاناکۆڕایی گەورەتر لە جەستە و کێشی خۆیشی لەبەردابوو کە شان و شەپیلکی لای چەپەی بەتەواوی داچۆڕاندبووەخوارێ و دیاربوو ئەو "کۆت"ـە " جلێک نەبوو کەبەبەژنی ئەو "کابراماقوولە" بڕابێت!بەڵام گەر لەحەق لانەدەین،دوایە وردە وردە وەدیارکەوت کە کابرایم کاکڵ و توێکڵ و ڕواڵەت و حاڵەت و لانی ژوورەوە و دەرەوەی ـ وەک زۆر دیاردەی تر و وەک تاقمێکی زۆر لە بنیادەمەکان ـ لێک جیاواز و لەیەکنەچوو و تەنانەت ناتەبا و دژاودژە.مەبەست ئەوەیە کە کابرایم پیاوخاسێک بوو بەڵام پێچەوانە دەهاتە بەرچاوان.

ئێستا مانگێک تێنەپەڕیبوو کە کاڕەحیمی هاوکارمان کە مامۆستای ئەدەب بوو ـ بەهەر دوومانای ئەدەبەوە ـ دوولەگیانی سووکەهەڵامەتێکی وای پێوەنووسا کە ئەو پیاوە بەبەژنوباهۆیەی لە هەردێ ڕاکێشا و نەهاتەوە بۆ قوتابخانە.

کابرایمی سەرۆکمان بەبێیەکودوو نامەی غەیبەتی بۆ بەڕێکردە یانەیپەروەدە .دوای دووڕۆژ کە هاوڕێی هەڵامەت–وێکەوتوومان هاتەوە، نێوچاوانی غەزەبی خودای لێدەباری و زۆری بەسەر سەرۆکمان دا گوڕڕاند و بۆڵاند و گلە و گازندەی توندی خۆی ئاراستەی کرد.کابرایم کە کابرایەکی ساردوگەرمچێشتووی بەئەزموون و لە کڵدەرهاتوو بوو لەسەرەخۆ کوتی: زۆر باشە، زۆرباشە،مەرج بێ لەمەودوا بۆ کەس نامەی غەیبەت بەڕێ نەکەم!بەڵام،بەڵام! لەمەودوا هەرکەس غایب بوو ،کەدیارە پترویتر بەهۆی ناساغی و نەخۆشییەوەیە،هەر ئەوێ شەوی دادێ بۆ مولاقات و نەخۆشبینین! ڕێک ڕێک لەکاتی شێوخواردندا، گشت هاوکاران یەکتر لەماڵە هاوڕێ خۆشەویستەنەخۆشەکەمان مولاقات دەکەین! هەر کەسیش بەشداربووی ئەو مولاقاتە نەبێ،هەر لەو کاتەدا و هەربەوبۆنەیەشەوە، شەوی دواتر دەچینە مولاقاتی ئەو؛کابرای تاوانبار چ عوزری هەبێ و چ عوزری نەبێ،عوزر و موزر کاتی وا پاکی دەشۆردرێنەوە!

ماوەی دووحەوتوو تێپەڕی و کایۆنس کە پیاوێکی بنەماڵەخۆشەویست و دوورلەگیانی ئاڵی بوو و مامۆستای دەرسی "دین و ژین"بوو لەپڕدا پێڕاهات و نەخۆشی گۆرین وای دۆخی تەندروستییەکەی تێکدا و گۆڕی کە بیری گۆڕ و کفن بیری ختووکە دەدا و نەهاتەوە بۆ قوتابخانە.کابرایمی سەرۆک کوتی:جا کوڕەکان لەمنتانکەوێ بەپێی بەڵین و وادەی بڕیاردراوی پێشوومان ئێوارێ لای بانگی شێوان لە گردی تەنیشت قەبرستانی کۆن چاوەڕێتانم تا لێکڕا بچینە مولاقات و نەخۆشبینین!

ڕێک لە کاتی دیاریکراودا تێکڕای هاوکاران خۆیان گەیاندە کاسەرۆک،بەم تەوفیر و جیاوازییەوە کە کاڕەحیمی زەبروێکەوتبوو پێش هەمووومان،تەنانەت پێش کاسەرۆکیش، خۆی گەیاندبووە ئەم شوێنە و لەوێندەرێ وێستابوو!

دوای کاتژمێرێکونیو ، بەهۆی بەڵەدنەبوونمان،ماڵە کایۆنسمان دۆزییەوە و کە دەقولبابمان کرد کایۆنس لە نهۆمی سێهەمی ئەو قەڵاوباڵاخانەخواروخێچ وچەپرەک و چووکەڵەیە کە لەسەر تەپۆڵکەیەکیڕا دەیڕوانییە کۆڵانی خوارەوە و دەتکوت ماڵە کایۆنسانە کە بە تەنیا لە ئاوەدانی دوورخراوەتەوە،ئەلەوسەرە ڕا خەریکی خۆتوندکردنەوە و پاتۆڵبەستنەوەبوو؛ کە لە دەلاقەی نیوەکراوەی پەنجەرەکەڕا ئەو حەشیمەتە دوازدەنەفەرییەی بینی ،دوای ئەوەی لەجێی خۆی ویشک ویشک هەڵگڕا و چاوی بەمۆلەق وەستا،هەوەڵ شتێکی وەبیریهاتەوە نەحسایەتی ڕەقەمی

سێزدەبوو کە ئەو حەشیمەتە بە خۆیەوە دەبوونە سێزدە و ئەو نەحسبوونە، وەک هەمیشەی خودا نەحەساوەیی بۆ ئەو بەدیاری هێنابوو.

کاتێک بەلارولەنجەوە بە پەیژە خێچ و چەپرەک و چەواشەهەڵبەستراوەکانی ئەم قەڵا و باڵاخانە ئاماڵ–تاراوگەیە دا سەرکەوتین و چوینە نهۆمی سێهەم،کابرایم پێش سڵاو و مەرحەبا و چاکوخۆشی بە دەنگێکی بەرز و نێرانەوە کوتی:

جا براژن گیان خۆت دەزانی کە ڕۆژەکان زۆر قوڵەن و بەخوا زۆر دەمێک نییە کە لەسەر نان و خوانی نیوەڕۆ هەستاوین و جاریَ تا ماوەیەکی دیش برسیمان نییە و چ پەلەوهەلەیەکمان نییە، کابرایم ئەلێرەدا پشوویەکی دا و کایۆنس و خێزانی پشوویەکیان وەبەرخۆهاتەوە و ئاوا تێگەیشتن کە کاسەرۆک و هاورێیەکانی بە نان و پەنیر و کەرە یان هێلکەورۆنێکی ئاسایی یان ئەوپەڕەکەی بە هەردووی ئەم بژاردانە  دادەمرکێن و هەرچی بێ مەترسییەکە لەناوچووە و ئاوری کێشەکە ڕۆمرکاوە، هەتا ئەوکاتی کە کاسەرۆک ئاوای درێژە بە قسەکانی خۆی دا و کوتی:

جا براژن گیان گەر فرووج و مرووج و گۆشت و مۆشت و کەل و پەلی پێویست لە ماڵی دانییە،چ نابیَ و چ نەبووە خۆ کافرستانی نییە.....دیسان خەریک بوو کایۆنس و خێزانی شاییان لە دڵی دا بگەڕیَ کە کاسەرۆک بەبیَ پسانەوە و وەستان گوریسەکەی لیَ کردنەوە خوری و  درێژەی پێدا و کوتی:....نا،نا چ جێی دڵەڕاوکیَ و نیگەرانی نییە، هەر ئێستا کا یۆنس دەنێرین و جاریَ لانیکەم تا کاتژمێریکی دیش دوکان و بازار هەرکراوەیە....کایۆنس هاوکات لەگەڵ ئەوەی لەبن خۆیەوە ویرەویرێکی ناڕازیانەی لیَ هات و من کە زۆری لیَ نزیک بووم گوێم لیَ بوو کە دەیکوت :وەڵڵا ئەگە دەمزانی ئەو غەزەبانە شۆخی و مۆخی نازانن و هەرچی دەیڵێن لەسەری سوورن و وەڕاست دەگەڕیَ، بە برانکاردیش بایە خۆم دەگەیاندەوە قوتابخانە، دوای ئەو ویرەویرە و دوای ئەوەی باجە خەراجاتی خێزانی ڕاپسپارد و لیستی پێداویستییەکانی پیَ سپارد، بەهەڵەداوان و بەبیَ ماڵاوایی لە ماڵی دەرپەڕییە دەریَ و دوای کاتژمێرێک بە هانکەهانک و پشووسواریی و بە کۆڵێک کەل و پەل و هەرامەوە وەژوورکەوت.

نان وخوانی ئەویَ شەویَ دەورووبەری کاتژمێر12ی نیوەشەو ئامادەبوو وچون هاورێکان دوای چاوەڕوانێکی زۆر گەلێکیان برسی ببوو، تێر تێریان خوارد و کایۆنس کە لە گشتمان ماندووتربوو، هاوریَ لەگەڵ ئەوەی کە لێکدا لێکدا ئەوڕستە حەکیمانەی دووپات دەکردەوە:"ماڵە خۆت گەر نەخۆیَ بۆت دەخۆن"، دەست و مەچەکی لیَ هەڵ کرد و پارووی لیَ بادا و بێدڵی خۆی نەکرد و  تا عارەقی ڕەش و شینی کرد هەرگەدە و مەدەی ئاخنی و خواردی و نەکشاوە دواوە و بەرەگە و مەتەرێزی چۆڵ نەکرد و ورەی بەرنەدا،  پاساویشی ئەوەبوو کە جیا لە خواردن و شێوەکە کە ئی خۆی بوون مەدە و گەدەکەش هەر ئیَ خۆی بوو!

ئەویَ شەویَ بە قسەی نەستەق و فشە و پێکەنین و گێڕانەوەی و وەبیرهێنانەوەی  سەرلەنوێی ڕووداوەکان و چیرۆکەکانی ئەو چەند مانگەی قوتابخانە شەومان شەق و شڕ کرد و ڕامانبوارد.

کاتژمێر دووونیوی شەو بوو کە لەو ماڵە ئاماڵ ـ تاراوگەیەڕا گەڕاینەوە و بەرەو ماڵەخۆ بووینەوە و تا قاوەڵتوونی ڕۆژی دواتر کە هەینی بوو تخێل بووین.

پتر لە مانگ و نیوێک لە میوانی ـ ببوورن لە مولاقات و نەخۆشبینینی ـ ئەویَشەویَ ڕانەبردبوو کە لە پڕێکی بەرەبەیانەی ڕۆژی شەممۆی هەوەڵی ڕەشەمە دیتمان  کایۆنس بە کۆخە و پشمین و نکە و ناڵە و هاوار و ئاخ و ئۆفەوە و لە کاتێکدا کە ئاوی لووتی هەر دەتکوت شێرەی لەڕەسمەچوو و بەرەڵڵای قوتابخانەیە، سەرووپۆتەڵاکی وەدیارکەوت.

بڕواتان بیَ تێکڕای هاوکاران لێکڕا و هاوڕالەگەڵ یەک و بەبیَ هاوئاهەنگی پێشوو کوتمان:

کائاڵی ئەوە بۆ دەهاتێوە گەر ئاوا دەناڵی؟

کایۆنس دوای چەند چرکەیەک و بیَ دەنگێکی مانادار ڕێک وەک مناڵێکی کە کوڵی گریانی هەستابیَ کوتی:

وەڵڵا گەر ڕاستیتان دەویَ من خۆم لێبڕام کە نەیەمەوە بەڵام ئەو ژنەتیوە  ـ خەراجات خانمی دەڵێم ـ کە زانی ئێجگار سوورم لەسەر ئەو بڕیارەم و لێبڕاوم کە نەچمەوە قوتابخانە، هەر دوابەدوای ئەوەی  زمانم سووتاو و بەڕاشکاوی ئەو بڕیارەم بەسەر زمانان داهات، هاوریَ دەگەڵ ئەوەی کە گسکەکەشی پیَ بوو و لە قوڵی گرتبوو و وڵاتی گسک دەدا، هەڕای کردمیَ و لەماڵ وەدەریَنام و شارەوەدەری کردم و لێگدا لێگداش بە دەنگی بەرز دەنەڕاند:

بڕۆ،بڕۆ،بڕۆ.....بڕۆ،بڕۆ،بڕۆ.........بڕۆوە قوتابخانە دەنا ئەم حەشیمەتە ورگزلە مفتەخۆرە بیَچاوڕوویەی وا بەخۆتەوە دەبنە سێزدەی نەحس هەربینا هاتنەوە و وەژوورکەوتن و سەروسەکوت و سەرووپۆتەڵاکی ناموبارەکیان وەدیارکەوت و بیرگە و مێشکیان شڵەژاندین و ورگ و زگیان شێلاین وماڵیان ڕماندین...من کە تا ئەو کاتە بە هۆی کەم ئەزموونی و کەم تەمەنیم و پاراستنی مەرجی گەورە و چکۆلەیی چم نەدەکوت و هەر گوێم ڕادەگرت و خۆم دەخواردەوە و خۆم دەبوارد لەوەی قسەیەکی ناجایز بکەم ، خۆم پیَ ڕانەگیرا و کوتم:" کائاڵی گیان یۆنس بوون تێچووی هەیە"! ـ ببوورن:"کایۆنس گیان، ئاڵی بوون تێچووی هەیە"!.....



بانە. ئارمان حەسەنی "چریکە"

وەک
هەوڵ بارانی بەهار
ئەبارم و
ڕەنجی زستان بەبا ئەدەم
بەفر ئەتوێنمەوە
ئاسنگەرم
گورزەکەم هەڵ ئەگرم و
دیواری زاڵمخانەی
گشت زوحاکانی ئەم وڵاتەی
پێ ئەڕوخێنمەوە
ئەوەندە ماڵ وێرانم
کەبەهێمنی
لەتاریک و ڕوون دا
دێم و دەڕۆم
گێژ بووم
هێندەهەژارم
کەژیانم وەک چێشتی مجێور
تێک هەڵ شێلدراوە
من ئیسرافیلێکم
شەیپووری کۆبونەوەیەک لێ ئەدەم
تادیسان [رقی پیرۆزی]
مامۆستایەک بەخەڵکی
جیهان ڕاگەیەنمەوە.

## سێدارە



سەقز. خورڕەمتا. م. نامۆ

خۆشەویستم
لە جێژوانا
من تاوانبار
دەستت زەنجیر
چاوت حاکم
زوڵفانت تەنافی دارە ؛
کە تیشکی مانگ ، کوڵمی ئاڵت دەنەخشێنێت
ڕۆحم لە جەستە بێزارە...
چاو دەترووکێت دەستت دەستم لە خۆ دەگرێ و
زوڵفت ئاوێتەی گەردەنم و
دیسان دەمدەی لە سێدارە!



بانە. ئاروین ئەڵماسی(ئاگرین)

ئەستێرەیەک!
زۆر لەمێژە
خولیای چاوی وەنەوشە بوو.!
هەموو شەوێ
بە شەماڵ
هەناسەی غەریبی ئەشۆردەوە و
قوڵپەی حەز و ئاواتی دەکردە دیاری بۆیی.
شەویکیان..
پێش ئەوەی
لێزمە ، شمشاڵی خەیاڵ
بە لێوی نامۆییەوە بنێ
لەپڕ پەردەی کازیوە لادرا و
ئـــەستێرە!!
چاوی لە وەنەوشە داگرت
شەماڵی هاژاندە لای خۆیی
تا چەپکێ تریفەی ڕەنگاوڕەنگ
بداتە دەستی...
لە دوورەوە
وەنـەوشــە!!
جار و بار بولبولێکی حەیرانی،
میوانی ماڵۆچکەی نازی ئەکرد.
پشتوێنی دارستان
و سوخمەی شۆڕەبی پەرژین دەکرد
گۆنای لە تریفە سوور و
پرچی لە چاو ئاوێنەی گزنگ دا ئاڵۆز...
چاو لە چاوی یەک
لە دەور خەرمانەی ئەوین دا
'باران' لە دەستی 'چەخماخە' دا چۆپی دەکێشا و
هەموو ڕۆژێ
بولبول و سەیرە
بە شایلۆغان دەیاگێڕانت
خەنەبەندانی ئەوینی سیاچەمانە..!



مەریوان. ڕانا

عەزیزم گیانی شیرینم من ئامانێ بە گیان و دڵ
تۆ لوای دەست وەردانێ پەی ساتێویچ نەکەردت سڵ

پا شەرتە پەیمانەم بەستە خەم وەرۆ ساتەکام بی تۆ
وەختێو شێوەکەت گمم کەرد بینایم نیشت نەپای گڵ

چننە بە حەسرتێ واستم بەو سەروو دۆخ و جارانیم
تا وەفاد نیشانە دەونە و جە عەهدی نەبینە غافڵ

❋❋

بـــازە بـــا دڵم هـــەر ئێنتێزار بۆ
شێوەی نەخشی تۆ ، لام یادگار بۆ

بـــازە بـــا یادم بەینە حوزوورت
بۆ بە مەنزڵگەی دڵەی سەبوورت

بـــازە شـەماڵوو وەشـــەسیایی
کەرۆ فـــەرامۆش داخی جیایی

واچـەو واتـەکام دەمەو بەیانێ
چـەنی ڕستەکات بانـــە میمانێ

بـــازە بـــا ســـازوو خیـــاڵات زریـــۆ
بە نەواو ئەشقیت پەخەی خەم دریۆ

بـــازە بـــا نۆتێ سازام چەنی تۆ
شێعرەکێم واچا چەنیم مەنی تۆ

بـــازە حەسرەتێ ئاخێ هۆرکێشا
پێچیۆوە هـــەرچی ئـــازار و ئێشا

## وەفاداری



بانە. ئاودێر

بە وەفاکەت
سوێندت داوم
لە دوای کۆچت
ئەسرین نەڕژێ لەدوو چاوم
بەڵام
بۆ ئەوەیکە
هەردوو بەڵێن بەجێبێنم
لەم شێعرە دا
چەند دڵۆپێ
خوێنی چاومت بۆ ئەتکێنم

## پرسە

بەسەر پردی
ئەوینی دڵ
گەلێک هاتن بۆ ڕابواردن
نەم هێلاوە دۆزەخییم
بە تاو هاتن بۆ خەم مردن

## خەیاڵی با

ئەمڕۆکە «با»
بۆنەکەی تۆی لەخۆ دابوو
ئەمێستاکە
دەبێ (بانە) حاڵی چۆنبێ

## نگار

ناوت ئەنووسم
لە سەرهەورەکان
تاکوو نازت بباری
بەسەر ئاسۆی ئەوینا
ناوت ئەنووسم
لە ناو گوڵەکان
بەشکم تامت کەم
لە ناو شانەی هەنگوینا



## ڕێبوارێکی سپی

(ژیاننامەی تەها کەریمی)




ئامادە کردن :نێرگز عەبباسزادە (کچی ئاربەبا)

تەها کەریمی ساڵی ١٣٥٤ لە گوندی بۆیەنی شاری بانە چاوی بە دنیا هەڵێناوە
لە شاری بانە قۆناغی خۆێندنی تەواو کرد
تەها کەریمی زۆر هۆگری خوێندنەوەی شێعر بە تایبەت شێعری هەژار، هێمن، قانع و...شاعیرانی گەورەی کوردستان بووە. هەر ئەم خولیایە ئەوی هانداوە کە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن ئەدەبیی شاری بانە بەشداری بکات و هەر لەویش لەگەڵ نووسران و شاعیرانی شارەکەی ئاشنا بوو.
ئەم ئاوێتە بوونەی بەرانبەر نووسین وای کرد کە تەها دەست بداتە نووسین و یەکەم چیرۆکی بە ناوی"سەمای فریشتەی ڕاستی"نووسی کە لە ساڵی ١٣٧٥لە گۆڤاری سروە لە ورمێ بڵاو بووەتەوە
ساڵی ١٣٧٣لە کۆلێژی پەرستاری و بەشی تەکنیسیەنی نەشتەرگەری لە زانکۆی پزیشکی گیلان وەرگیراوە و دوای دوو ساڵ توانیویەتی بە سەرکەوتووی خوێندنی تەواو بکات و دواتر لە نەخۆشخانەی شاری بانە دەس بە کار بووە.
ساڵی ١٣٧٦بەشداری خولی ڕاهێنانی یەک ساڵەی ئەنجومەنی سینەمای جەوان لە شاری کرماشان کردووە و لە هەمان ساڵا یەکەم سیناریۆی خۆی بە ناوی گەلاوێژ نووسی کە لە فیستیڤاڵی فیلمی ئێران ,خەڵاتی سێیەمی سیناریۆی وەرگرتووە.
– ساڵی ١٣٧٧دووەم سیناریۆی بە ناوی"دووبارە هەر سبەینێ"نووسی کە لە فیستیڤاڵی سینەمای گەنجان لە تاران وەرگیراوە و چاپ و بڵاو بووەتەوە .
– ساڵی ١٣٧٩بە پلەیەکی زۆر باش لە کنکوری هونەر دەرئەچێت و لە بەشی سینەمای زانکۆی هونەری تاران,کۆلێژی سینەما و شانۆ وەرئەگرێت.
فیلمی "کوێستانی سپی"وەک نامەی کۆتایی خوێندنی لیسانس بەهەم ئەهێنێت  کە چەن خەڵاتی نێونەتەویی بۆ ئەم فیلمە وەردەگرێت .هەر لەو چوار ساڵی قۆناغی خوێندن دا چوار کورتە فیلمی کە بە ناوەکانی"وڵاتی گوڵەبەرۆژەکان,سەمای مرواریەکان,سنووری ژین,زریان" بەرهەم ئەهێنێ
تەها کەریمی دواتر ئەچێتە هەرێمی کوردستان و لە سلێمانی بە هاوکاری ڕێکخراوەی منداڵپارێزی کوردستان ناوەندی "سینەماتیک"لە سەنتەری چالاکی گەنجان دائەمەزرێت.
هەر لەوێ سەردانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەکات و پێشنیاری گۆشەیەکی سینەماییان پێ دەدات و بە درێژایی یەک ساڵ و نیو نووسینی ئەن ستونە هونەرییە بە ئەستۆ ئەگرێ.
– ساڵی ١٣٨٧لەگەڵ هونەرمەند خاتوو ئەوین شەریفی ژیانی هاوسەری پێک هێناوە و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بوون.
لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٥-١٣٩٢کۆمەڵێک فیلمی هونەریی بە شێوازێکی تایبەت بەهەم ئەهێنێت  کە هەموویان باس لە ڕاستییەکانی ژیان و مێژووی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان ئەکەن و زۆربەی کارەکانی لە ئاستی کوردستان و نێونەتەوەییدا خەڵاتیان بە دەس هێناوە.
لە دوا ئێوارەی ژیانی پڕ بەرهەمی دا و دوای کارکردن لەسەر فیلمی بەڵگەنامەی دەستنووسەکان لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ کاتژمێر٨ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١٣/٥/٢٩لە ڕووداوێکی هاتووچۆ لە شاری سلێمانی ماڵئاوایی لە ژیان و سینەما دەکات...

کورتە فیلمەکانی:

- سەمای مرواریەکان ـ ٢٠٠١
- وەڵاتی گوڵەبەرۆژەکان ـ ٢٠٠١
- سنووری ژین ـ ٢٠٠١



*بەشداری فیستیڤاڵی کورتە فیلمی منداڵان ـ ئیسفەهان/ئافتاب یەزد
*بەشداری فیستیڤاڵی ئێران زەمین ـ ٢٠٠٣
*خەڵاتی سێیەم لە فیستیڤاڵی١٠٠چرکەیی (کەرەج)
*خەڵاتی سێیەمی سیناریۆ لە فیستیڤاڵی فیلمی ڕوستا ـ ئێران/٢٠٠٢
• زریان ـ ٢٠٠٣
*خەڵاتی باشترین سیناریۆ و مونتاژ لە فیستیڤاڵی خوێندکارانی هونەری زانکۆی تاران ـ ٢٠٠٣
*خەڵاتی باشترین سیناریۆ لە فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ـ سلێمانی/٢٠٠٤
• کوێستانی سپی ـ ٢٠٠٦
*پالێوراوی سیمورغی بلوورین بۆ باشترین دەرهێنان لە بیست و چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی فەجر لە تاران ـ ٢٠٠٥
*بەشداری فیستیڤاڵی موزەی هونەری هاوچەرخ لە ئەمریکا ـ ٢٠٠٨
*بەشداری فیستیڤاڵی ـ all roads film نەیشناڵ جیۆگرافیک ـ ئەمریکا/٢٠٠٨
*بەشداری بیست و پێنجەمین خولی فیستیڤاڵی کورتەفیلمی بلاک ئاڵمان٢٠١٠
*بەشداری فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی سین ـ ئیتالیا٢٠١٠
*خەڵاتی باشترین دەرهێنان لە دووەمین فیستیڤاڵی خوێندکاران هونەری زانکۆی ـ تاران ٢٠٠٥
*خەڵاتی باشترین کورتەفیلم لە بیست و سێیەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلم ـ تاران٢٠٠٦
*خەڵاتی باشترین فیلم لە یەکەمین فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی ـ هەولێر٢٠٠٧
*خەڵاتی تایبەتی ژووری دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی جەیپوور ـ هێندوستان٢٠١٠

## فیلمی درێژ

•کوێستانی قەندیل ـ سلێمانی٢٠٠٩
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی ـ گوا لە هێندوستان
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ـ چاوی سێیەم لە بۆمبا هێندوستان
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دوبەی ئیمارات
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی تیرانا ,ئاڵبانی
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئیستانبوڵ تورکیە
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی گەلانی عەرەبی لە ئامستردام هۆلەند
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کوردیی لە لەندەن
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئامەد,تورکیە
*بەشداری لە فیستیڤاڵی فیلمی کوردی ستۆکهۆڵم ,سوید
*خەڵاتی باشترین سیناریۆی فیلمی نێونەتەوەیی ئۆرینس ـ ,ئیسپانیا٢٠١١
*خەڵاتی سەرەکی باشترین فیلم لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دیجیتاڵ ـ هێندوستان٢٠١٣

## فیلمی بەڵگەنامەیی ـ دیکۆمێنتی

•کارنامەی دیکتاتۆر ـ لە دە بەش پێکهاتووە و سەبارەت بەو کوردە فەیلییانەیە کە ئاوارەی وڵاتی ئێرانن ساڵی ـ ٢٠٠٤
•دەشتەکەی شارەزوور ـ ٢٠٠٨
•دەشتەکانی هەولێر ـ ٢٠٠٨
•دەشتەکانی کۆیە ـ ٢٠٠٨•دەشتەکانی بیتوێن و پشدەر ـ ٢٠٠٨
•نەوت شێرپەنجەی شارەکەم ـ ٢٠٠٨
*خەڵاتی دووەم لە فیستیڤاڵی فیلمی نێونەتەوەیی unctpar ـ ئەرژەنتین٢٠١٠
•حیزبی کەران ـ سلێمانی٢٠٠٨




•کاکەبرا ـ کەرکووک٢٠٠٨
•سێبەری تەقینەوە ـ کەرکووک٢٠٠٨
•مین بەرهەمی زەویوزارەکانمان ـ سلێمانی٢٠٠٨
•نان و نەوت ـ هەرێمی کوردستان٢٠١١
*بەشداری لە فیستیڤاڵی فیلمی کوردی ـ بریتانیا٢٠٠٩
بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بەڵگەنامەیی کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە
*خەڵاتی تەلەڤیزیۆنی erdelyلە بەشی بەڵگەنامەیی فیستیڤاڵی مورش,ڕۆمانی
*خەڵاتی تایبەتیی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئالتێرناتیو ڕۆمانی٢٠٠٩
•من بە کرێگیراوێکی سپیم ـ ئێران٢٠١٢
*بەشداری لە بەشی پێشبڕکێ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی کوریتیبا ـ بەرازیل٢٠١٢
*بەشداری لە بەشی پێشبڕکێی ـ پانۆراما:ڕەنگدانەوەی وێنەکان لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بەڵگەنامەی ئەمستەرام ـ ئیدفا هۆلەند٢٠١٢
بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بەڵگەنامەیی ئیسماعیلییە ـ میسر ٢٠١٢
*خەڵاتی باشترین فیلم لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کەنداو ـ ئێمارات٢٠١٢
*خەڵاتی باشترین فیلمی نێودەوڵەتی فیستیڤاڵی سینەماحەقیقەت لە تاران٢٠١٢
•هەزارو یەک سێو ـ ٢٠١٣
*بەشداری لە یەکەین دیداری جینۆسایدی کورد ـ ٢٠١٣سلێمانی
*بەشداری لە فیستیڤاڵی ئەنفال ـ ئامەد,تورکیە٢٠١٣
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی پوسان ـ کۆریای باشور٢٠١٣ ـ دوای کۆچی هونەرمەند
*بەشداری لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ڕۆتێردام ـ هۆلەند دوای کۆچی هونەرەند

## فیلمی بەڵگەنامەی بلاو نەکراوە

•باخەوانی نێرگسەجاڕ ـ ٢٠١٣
•دەستنووسەکانمان ـ ٢٠١٣

## سیناریوی بڵاونەکراوە

•زێرنگەری بەغدا٢٠١٢

## چالاکییە هونەرییەکان لە بواری سینەما

•وێنەگری کورتە فیلمی مرۆڤەکان دوورن٢٠٠١
*خەڵاتی باشترین وێنەگر لە فیستیڤاڵی خوێندکارانی زانکۆی هونەر لە تاران٢٠٠١
•بەشداری لە دەرهێنان (سیناریۆ و لێکۆڵینەوە لە فیلمی لە داوێنی سوورکێو
•ئامادەکردنی کلیپی گۆرانی بۆ هونەرمەند دیاری قەرەداغی بە ناوی نیشتمانێک لە گوڵ

سەرچاوەکان:
کتێبی ڕێبوارێکی سپی و هاوکاری کاک هیوا کەریمی



## شەپۆلەکانی ئاگر!

بانە. ک.د.ئازاد

بەهارێکی کامڵ بوو. ڕەحیم دەگەڵ پیرۆزی خێزانی و کوڕەکەی بەرەو مەزرا وەڕێ کەوتن.
مەزراکەیان لە داوێنی چیا بەرزەکەی (مەیدان چۆخە) بوو. شوێنێکی سەرسەوز و دڵگیر و خۆش. هەموو ساڵێ هەر گەرما دایدەکرد ڕۆژانە بە ماڵ و منداڵەوە خۆیان دەگەیاندە مەزرا.
خێزانی دەیگوت: مەزراکەمان وەک بەهەشتە. سێبەری فێنکی چنار وچەند سەرچاوە و کانی سارد و بۆنی خۆشی بێژان و جاترە و گیا وگوڵی داوێنی کوێستان، هەرکەسێک  مەست دەکا و هەنگاوی ڕێبواران لە ڕۆیشتن دەخا!
هەر گەیشتنە مەزرا، پیرۆز،دەست و برد، سێ کوچکەیەکی بۆ ئاور دروست کرد. دار و چیلکەی کۆ کردەوە و ئاگری تێبەردان و کتری پڕ کرد لە ئاو و لە سەر سێ کوچکەی دانا!
ڕەحیمیش چوو بە پێمەڕەکەی ئاوەکەی هەڵبەست تا بچێتە ناو ئەستێرەکە! گۆنگەی ئەستێریشی گرتەوە تا ئاوەکە نەڕوا!
کوڕەکەشیان (ئاوارە) کە تەمەنی نۆ ساڵ بوو لە ناو بژوێن و گژوگیا دا، یان وەشوێن پەپوولان دەکەوت یان مارمێلکی هەڵدەبرین و دوایە قاقا پێیان پێدەکەنی!
پیرۆز هەرای کرد: وەرن چایی سازە!
ڕەحیم، پاش ماوەیەک هات و لە تەنیشت خێزانی دانیشت و هەرای کرد: ئاوارە! ئاوارە! وەرە کاکە گیان چایی وەخۆ!
ئاوارەش هات و لەولای دایکی دانیشت.
ڕەحیم بە دەم چا خواردنەوە گوتی: دەبێ کەپرەکە ساز کەینەوە. بۆو شەوانەی دەمێنینەوە زۆر خۆشترە!
ـ دوای چایەکە تۆ بە تەورداسەکە هێندێک پەل و پۆ و شێخەڵ داکە و منیش دەیان بەم بۆ لای چارداخەکە. دوو سێ پەلە چناریش ببڕە، دارەکانی پارەکەی کەپرەکە ڕزیون و بە کار نایەن!
ـ باشە!
دوای چاخواردنەوە چوون تا جێی کەپرەکە لە دار و چرپی و پووش و پڵاش پاک کەنەوە.
هەر نیزیک بوونەوە دەنگی قرووسکەی تووتکە سەگان هات کە پێیان وابوو دایکیان هاتۆتەوە!
سەگێک، لە گۆشەیەکی چارداخەکە دا ترەکیبوو و پێنج شەش تووتکی هەڵێنابوو!
ڕەحیم زۆر ڕقی هەستا و هاواری کرد:
ئاخر جێ قات بووە؟ ڕاست ئەو دێڵە سەیە جێ دانیشتنەکەی ئێمەی گڵاو کردووە!
ـ قەیدێ ناکا پیاوەکە! تۆزێک لەولاتر کەپرێکی دی دروست دەکەین!
ـ نا! هەر ئێستا وەدەرێیان دەنێم!
دارێکی هەڵگرت و بۆ لای تووتکەکان چوو. تووتکەکان هەستیان بە مەترسی کرد. خۆیان لە ژێر چرپی و ڕەهۆڵی دار و پەردوو دا شاردەوە! هەر قرووسکە قرووسکیان بوو! بۆ هەر لایەک ڕەحیم دەچوو خۆیان لێ ون دەکرد!
تا دەهات ڕەحیم پتر قینی هەڵدەستا!
ـ دەبێ کارێکتان بە سەر بێنم هیچ سەگێکی تر نەتوانی ڕوو بکاتەوە ئێرە!
دەستی کرد بە گیرفانی دا و چەرخەکەی دەرهێنا!
ـ پیاوەکە ئەوە چی دەکەی؟
ـ دەیان سووتێنم!
ـ گوناحن! بەستە زمانن!
بەڵام ڕەحیم بڕیاری خۆی دابوو! چەرخەکەی هەڵکرد و لە کەپرە تێک ڕووخاوەکە نیزیک بۆوە!
هەر ئاور لە پووش و پڵاشەکە نیزیک بۆوە خێرا گڕیان گرت! تووتکەکان لە تاوان قرووسکەیان دەگەییە ئاسمان!
لەو کاتە دا دایکی تووتکەکان هاتەوە! لە تاوی منداڵەکانی نەیدەزانی چ بکا! بە دەورەی ئاورەکە دا دەگەڕا و بە نووزە نووز و قرووسکە قرووسک، تووتکەکانی بانگ دەکرد! جار جاریش پەلاماری ناو ئاورەکەی دەدا بەڵکوو منداڵەکانی ڕزگار کا!

ڕەحیم کشابۆوە و لە دوورەوە سەیری دەکرد. ژنەکەی بەو دیمەنە دەیکێشا بە سەری خۆی دا!
ئاوارە، منداڵانە سەیری ئەو کارەی سەگەکەی دەکرد و تێی نەدەگەیشت!
دێڵە سەگەکە، لە پڕ خۆی هاویشتە ناو ئاگرەکە! تا منداڵەکانی ڕزگار کا! بەڵام ئەویش کەوتە گەمارۆی ئاورەکە و چەند جار لووراندی و قرووسکاندی و پاشان بێدەنگ بوو!
هەموو ویکرا سووتان! بۆکڕووزی سەگەکان وڵاتی داگیر کردبوو!
پیرۆز، لە بانگ و ڕۆڕۆی دەدا و لە تاوان ئاوارەی لە باوەش گرتبوو!
پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، ڕەحیم خۆڵەمێشی کەپرەکەی ڕادەماڵی تا کەپرێکی تازە لە جێی ئەو ساز کاتەوە!

**

هاوین بوو. گەرما هێرشی هێنابوو!
ئاوارە پازدە ساڵە بوو!
ـ بابە با ڕۆژێکی بچین بۆ سەر چۆمی کەڵوێ!
ـ باشە بابە گیان! ئەم جومعەیە دەچین!

**

لە خوارەوەی دێی "باڵان"، لە بن سێبەری تووترک و بییەکان، لە سەر لمی چۆمی، بارگەیان بە عەرزێ دادا و پیرۆز حەسیرێکی ڕاخست و ڕەحیمیش سێ چوار بەردی هێنا و کوچکە ئاورێکی ساز کرد و پاشان دەگەڵ ئاوارە چوونە قەراخ چۆمی!
ـ بابە لە کوێ گۆمی لێیە؟
ـ لەو لای ئەو تۆقە بییە!
دەمەوێ تۆزێک مەلەی بکەم!
ـ باشە کاکە گیان! ئاگات لە خۆ بێ!

**

پیرۆز خەریکی ساز کردنی چایی و لێنانی چێشتی نیوەڕۆ بوو.
لە پڕ قیژەی ڕەحیم دونیای شڵەژاند!
ـ پیرۆز! پیرۆز! بگەرێ ئاوارە خنکا!
پیرۆز، بە پێی پێخواس بە سەر چەقڵ و لم و بەردی قەراخ چۆمی دا هەڵات!
ـ کوا؟ کوا ئاوارە؟
ڕەحیم ئاماژەی بە گۆمەکە کرد و بە گریانەوە گوتی:
ـ لێرە مەلەی دەکرد لە پڕ لە گۆمەکە دا ون بوو!
پیرۆز، وەک ڕەحیم ڕانەوەستا! هەستی دایکانە، کێشای بۆ لای گۆمەکە! لەم سەرەوە لە تەنکاوی بوارەکەی دەدا و لەو سەرەوە دەگەڕاوە! هەرجارەی زیاتر لە قووڵایی ئاوەکە نیزیک دەبۆوە!
ڕەحیم هاواری کرد:
ـ کچێ ئاگات لە خۆ بێ!
بەڵام پیرۆز گوێی بیستنی نەمابوو!
لەپڕ خۆی هاویشتە ناو گێژی ئاوی گۆمەکە و دەگەڵ تەنوورەی گۆمەکە دا ڕۆیشتە بن ئاوەکە!
پیرۆز و ئاوارە ون بوون!

**

ساڵێک دواتر، ڕەحیمی نیوە شێت، دەیگێڕاوە کە چی بەسەر ژن و کوڕەکەی هاتووە وچۆن خنکاون!
ـ ...... هەموو جارێ کە پیرۆز ئەمبەر و ئەو بەری دەکرد من لام وابوو ئەوە پیرۆز نییە! لە جیاتی پیرۆز دێڵەسەگێکم دەدی کە بە تەنکا و بواری چۆمەکە دا دێت و دەڕوا و هەڵدێ ودەقروسکێنێ و پاشان خۆی هاویشتە قووڵایی چۆمەکە و............ !




**شاعیران و نووسەرانی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە**
**۱۱ ڕەشەمەی ۱۳۹۹**